ژمارە
50

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## کۆلێژە سەربازییەکانی
## هەرێمی کوردستان

پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی تواناکان
بە نیشتیمانیکردنی هێزی پێشمەرگە



هاوینی 2026

# سەروتار



لیوا عوسمان محەمەد

## خۆناسی نەتەوەیی و ئاسایشی سەربازی

لەم ژمارەی نوێیەی گۆڤاری پێشمەرگەدا، بە پێویستمان زانی تیشک بخەینە سەر دوو چەمکی گرنگ و بنەڕەتی، کە بریتین لە (خۆناسی نەتەوەیی) و (ئاسایشی سەربازی). ئەم دوو بابەتە لە ڕێگەی کۆمەڵێک وتار، لێکۆڵینەوە، و شرۆڤەی زانستیەوە لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی هەرێمی کوردستان و ستافی گۆڤارەکەوە تاوتوێ کراون.

ئامانجمان لە خستنەڕووی ئەم دوو تەوەرە، ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندیە پتەوەیە کە لە نێوان خۆناسی نەتەوەیی و ئاسایشی سەربازیدا هەیە، بە جۆرێک کە ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن و کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر هزر، ئینتیما، و ئەرکەکانی تاکی پێشمەرگە هەیە.

کاتێک پێشمەرگە لە ڕێگەی خۆناسی نەتەوەییەوە تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ مێژوو، کەلتوور، و ناسنامەی خۆی دەبێت، ئاستی هۆشیاری و هەستی نیشتمانی بەرز دەبێتەوە. ئەمەش وای لێ دەکات باشتر و ڕوونتر تێبگات کە ئاسایشی سەربازی چ پێویستیەکی دامەزراوەییە و چ کاریگەریەکی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەی لەسەر توانا و ئامادەیی هێزە چەکدارەکان هەیە، لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگا، سەروەریی نیشتمان، و دڵنیابوون لە ئایندەیەکی سەقامگیر.

پەیوەندی نێوان ئاسایشی سەربازی و خۆناسی نەتەوەیی لەو خاڵەدا دەردەکەوێت، کە هۆشیاری و مەعریفەی نەتەوەیی دەبێتە بناغەی پابەندبوون بە ئاسایشی سەربازییەوە، کە پێویستە شوێن و پێگەی تایبەتیان لەناو یەکە سەربازیەکاندا هەبێت.

دەتوانین بڵێین، ئەم دوو بوارو پرسە هەستیارە بەتایبەتی لە ژیان و ئەرکی سەربازیدا وەک دوو ئەرکی تەواوکاری یەکتر دەبنە ئەو بنەما و ئاراستەیەی کە ئیرادەی تاکی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن بەهێزتر دەکەن. کاتێک هۆشیاریی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، پاراستنی نهێنیە سەربازییەکان و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئاسایشی سەربازیەوە، چیتر وەک ئەرکێکی سەپێنراو نابینرێت، بەڵکو وەک بەشێک لە شانازی و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

بە کورتی، خۆناسی نەتەوەیی ئەو ڕوحەیە کە گیان بە جەستەی سەربازی دەبەخشێت، و ئاسایشی سەربازیش ئەو قەڵغانەیە کە ئەو جەستەیە لە هەر مەترسیەک دەپارێزێت. بێ یەکێکیان، ئەوی تریان ناتوانێت بە تەواوی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

هیوادارین ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاریەکانی ئەفسەران و پێشمەرگە قارەمانەکانمان و پتەوترکردنی گیانی نیشتمانپەروەری و پاراستنی نهێنیەکانی هێزەکانمان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەممەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندن:
عمید ستارعبدالكريم عزيز

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەممەد صدیق حەمەد

بەڕێوەبەری نووسین - ڕاگەیاندن:
عقید ڕەنج جەعفەر ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەممەد

دیزاین : بلال بكر سيد غريب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 Data@mopa.gov.krd (+964) 772 531 5240



کۆلێژە سەربازییەکانی
هەرێمی کوردستان
پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی
تواناکان بە نیشتیمانیکردنی
هێزی پێشمەرگە
٢



ئاسایشی سەربازی
قەڵغانی بەرگری.. بناغەی
توانای سوپا لە جەنگی
مۆدێرندا
٤١



سەرۆکی ئەرکان:
٢٥ی ئەیلوول وەرچەرخانێکی
مێژوویی دەبێت بۆ
یەکخستنەوەی تەواوی
هێزەکانی پێشمەرگە
٩



لە خەباتی شاخەوە
بۆ دامەزراوەیی بوون
٥٠



دۆسیەی ژمارە
خۆناسی نەتەوەیی
١٨



ڕێڕەو و گەرووە دەریاییەکان
چەقی ململانێ و بارمتەی
هاوسەنگیە سەربازییەکان
٦٤



# کۆلێژە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان

## پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی تواناکان، به نیشتیمانیکردنی هێزی پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: رائد بارزان رزگار

**لە کاتێکدا کە ناوچەکە بە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاریی خێرا و ئاڵنگاریی جیۆپۆلەتیکیدا تێپەڕ دەبێت، هەرێمی کوردستان هەنگاوی ستراتیژی و بڕیاردەر بۆ داڕشتنەوەی پێکهاتەی سەربازیی خۆی دەنێت. تێپەڕبوونی هێزی پێشمەرگە لە قۆناغی شەڕی کلاسیک و خەباتی چەکداریی شاخەوە بۆ قۆناغی سوپایەکی ڕێکخراو، پیشەیی و نیشتمانی، چیتر تەنها خواستێکی سیاسی نییە، بەڵکو بووەتە واقیعێکی بەرجەستە. ئەم واقیعە نوێیە لە ناو جەرگەی ئەکادیمیا سەربازییەکانی کوردستانەوە ڕەنگدەداتەوە، کە تێیدا زانست و دیسپلین دەکرێنە بنەمای پێگەیاندنی فەرماندەکانی داهاتوو. لە دوو بۆنەی نیشتمانی و شکۆداردا، کە یەکەمیان لە ناوەڕاستی مانگی ئایار لە کۆلێژی سەربازیی زاخۆ و دووەمیان لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٦ لە کۆلێژی سەربازیی سێی قەڵاچوالان بەڕێوەچوون، ڕێوڕەسمی دەرچوونی سەدان ئەفسەری گەنج و هۆشیار بەڕێوەچوو.**

بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆکی هەرێم، شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، عەبدولخالق باپیری بریکاری وەزارەت و فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان و فەرماندە باڵاکان و تیمێکی راوێژکارانی هاوپەیمانان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای حکومی و سەربازی و تیمێکی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان، دەرچوونی هاوکاتی خولی ٣٠ی پێگەیاندن لە ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ و خولی ٥ی گەشەپێدانی ئەفسەران لە کۆلێژی سەربازیی سێی قەڵاچوالان، پەیامێکی ڕوونی بۆ ناوخۆ و دەرەوە پێ بوو کە کوردستان خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایینە بۆ یەکخستن و مۆدێرنکردنی هێزی پێشمەرگە.

### یەکگرتنی لووتکەی سیاسی و سەربازی لە مەیدانی شەرەفدا

ئەو دیمەنە شایستەیەی لەم دوو ڕێوڕەسمەدا بینرا، تەنها دەرچوونی چەند خوێندکارێک نەبوو، بەڵکو کۆبوونەوەی لووتکەی سەرکردایەتیی سیاسی و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA



> ئەم هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو کۆلێژەکە، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن قەڵاچۆلان و زاخۆی بووکی کوردستان پێکەوە، وەك دوو باڵی نیشتمان، پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەکەن

سەربازیی هەرێمی کوردستان بوو لەژێر یەک سەقفدا، کە نیشانەی بایەخی باڵای دامەزراوەیی بوو بۆ ئەم خولانە. ئەم کۆدەنگییە نیشتمانییە لەبەردەم کونسوڵ و نوێنەرانی دیپلۆماسیی وڵاتانی بیانی و تیمی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە دۆسیەی پێشمەرگە و چاکسازییە سەربازییەکان، چەقی قورسایی سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی هەرێم پێکدەهێنێت. لە هەردوو کۆلێژەکەدا، ڕێوڕەسمەکان، بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدان و چڕینی مارشی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب) دەستیان پێکرد، کە لایەنی مەعنەوی و نەتەوەیی بۆنەکەی زیاتر بەرجەستە کرد.

## لە زاخۆوە تا قەڵاچوالان: مێژوویەك لە دروستکردنی فەرماندە

ئاوڕدانەوە لە مێژووی دامەزراندنی ئەم دوو قەڵا سەربازییە، دڵسۆزیی پێشەنگانی کورد بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان دەردەخات. لە کۆلێژی قەڵاچوالان، سەرۆکی هەرێم تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفای لەبەردەم وێنەی سەرۆک مام جەلال دانا، کە لە ساڵی ١٩٩٢دا بە فەرمانی جەنابیان ئەم کۆلێژە دامەزرا تا ببێتە بێشکەی پێگەیاندنی فەرماندە دڵسۆزەکان بۆ کوردستان و تەواوی عێراق. لە بەرامبەردا، ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە، کە لەسەر فەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی دامەزرا و تا ئێستا توانیویەتی چەندین خولی جیاواز بەڕێوەببات و زیاتر لە ١٠ هەزار و ٤٦٢ فێرخوازی کوڕ و کچ وەک ئەفسەر پێشکەش بە لەشکری کوردستان بکات. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو کۆلێژەکە، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن پایتەختی ڕۆشنبیری و زاخۆی بووکی کوردستان پێکەوە، وەک دوو باڵی نیشتمان، پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەکەن و دەبنە هێمایەک بۆ یەکڕیزی و پێکەوەژیانی نەتەوەیی.

## نۆ مانگ لە مەشقی دژوار و وەرگرتنی زانستی هاوچەرخدا

ئەو پێشمەرگانەی کە لەم دوو خولەدا بەشدارییان کردووە، جیاوازییەکی سەرەکییان لەگەڵ نەوەکانی پێش خۆیان هەیە، ئەوان دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵای زانکۆ، خۆبەخشانە و بە ویست و بڕیاری خۆیان هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی خوێندنی سەربازییەوە. ئەم تێکەڵاوکردنەی زانستی ئەکادیمی لەگەڵ بنەما سەربازییەکان، نەوەیەکی نوێ لە ئەفسەری هۆشیار بەرهەم دەهێنێت. بۆ ماوەی ٩ مانگی تەواو، ٥٦٩ بەشداربوو لە هەردوو کۆلێژەکە ڕووبەڕووی مەشق و ڕاهێنانی زۆر سەخت بوونەتەوە. پرۆگرامی خوێندن تەنها لە ڕاهێنانی

جەستەییدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو بابەتە تیۆری و پراکتیکییەکانی وەک زانستی سەربازیی هاوچەرخ، ستراتیژییەکانی چەک و تەقەمەنی، هونەری بەڕێوەبردنی جەنگ و دیسپلینی سەربازیی گرتووەتەوە. نمایشی سەربازی لە بەردەم سەرۆکی هەرێمدا، ئاستی بەرزی لێهاتوویی و پەیڕەوکردنی بنەما زانستییەکانی جیهانی نیشان دا.

### فەرمانی هەرێمی و وەرگرتنی پلەی ملازم

قۆناغی کۆتایی تاقیکردنەوەکان بە سوێندی یاسایی و خوێندنەوەی فەرمانی سەرۆکایەتیی هەرێم گەیشتە لووتکە. بەپێی فەرمانە هەرێمییەکان، پلەی فەرمی (ملازمی دوو) بەخشرا بە تەواوی دەرچووان و پلەکانیان لە خشتەی ئەیلوولی ٢٠٢٥دا جێگیرکرا. ئەم هەنگاوە یاساییە، دەرچووان لە مەیدانی مەشقی سەربازییەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو پەیکەری فەرمیی وەزارەتی پێشمەرگە، تا لەمڕۆوە وەک ئەفسەری خاوەن دەسەڵات، بەرپرسیارێتیی فەرماندەیی یەکە سەربازییەکان بگرنە ئەستۆ. مەڕاسیمەکان بە دابەشکردنی خەڵاتی ڕێزلێنان و دیاری لەلایەن سەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی باڵا بەسەر فێرخوازە یەکەمەکان و سەرکەوتووەکانی خولەکەدا کۆتایی هات.

### پەیامەکانی نێچیرڤان بارزانی، نەخشەڕێگایەك بۆ سوپایەکی نیشتمانی

وتارەکانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو کۆلێژەکەدا، لە ناوەڕۆکدا نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی بوون بۆ داهاتووی هێزە چەکدارەکان. سەرۆک بە توندی جەختی کردەوە کە پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانیی کوردستانییە و نابێت هیچ کات ببێتە بەشێک یان لایەنێک لە کێشە و ململانێ سیاسییەکان، بەڵکو دەبێت هەمیشە وەک چەتری پاراستنی هەموو هاووڵاتیان بێ جیاوازی بمێنێتەوە. هاوکات، پەیامی بۆ ئەفسەرە گەنجەکان ئەوە بوو کە دەبێت گرنگی بە فێربوونی تەکنەلۆژیای سەربازیی هاوچەرخ بدەن و ئاگایان لە مەترسییەکانی تیرۆر و توندڕەوی بێت. هەروەها وەک پارێزەری سەرەکیی چەمکەکانی پێکەوەژیان، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ وەسفی کردن. لە بەشێکی تری وتەکانیدا، وێڕای سوپاسکردنی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ پشتیوانییەکانیان، ڕایگەیاند کە پێویستە پرۆسەی چاکسازی و یەکگرتنەوەی هێزەکان زۆر خێراتر بکرێت، چونکە یەکگرتوویی پێشمەرگە گەرەنتییەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

> **سەرۆکی هەرێم دووپاتی کردەوە کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەنها لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی هاوبەشەوە چارەسەر دەبن. داوای لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا کرد کە تەواوی ئەرکە دەستوورییەکانی خۆی بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ بکات**



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لە ڕوانگەی ئاسایشی هاوبەشەوە

سەرۆکی هەرێم دووپاتی کردەوە کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەنها لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی هاوبەشەوە چارەسەر دەبن. داوای لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا کرد کە تەواوی ئەرکە دەستوورییەکانی خۆی بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ بکات، بە تایبەتی دابینکردنی چەک و پێداویستییە لۆجستییەکان، چونکە پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراق پۆلێنکراوە و پارێزەری ئاشتییە. هەروەها، پێشوازی لە کۆتایهاتنی گرژییەکانی ناوچەکە کرد لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە، بە هیوای ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان چیتر نەبنە مەیدانی ململانێی هێزە هەرێمییەکان.

## پەیامی سەرۆکی هەرێم بۆ بارودۆخی ناوخۆیی

لەبارەی بارودۆخی ناوخۆییەوە، پەیامی سەرۆکی هەرێم ڕوون بوو کە یەک هەڵوێستی، تەبایی و کۆدەنگی لەنێوان سەرجەم هێز و پێکهاتەکانی کوردستاندا زۆر گرنگە. ئەو جەختی کردەوە کە فرەڕەنگی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، هێز و جوانییەکی گەورەیە بۆ کوردستان. لە کۆتاییدا، وێڕای دەستخۆشی لە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی کۆلێژەکان، سەری ڕێز و نەوازشی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان نواند و هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارەکان خواست.

## ڕاگرانی کۆلێژە سەربازییەکان، بە شانازییەوە پۆلێکی نوێ لە ئەفسەران پێشکەش دەکەین

لە ڕێوڕەسمی دەرچوونی خولەکاندا، ڕاگرانی هەردوو کۆلێژی سەربازیی زاخۆ و قەڵاچوالان جەختیان لەسەر ڕۆڵی سەرەکیی ئەم ناوەندە ئەکادیمییە سەربازییانە کردەوە لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمان. لیوا نەزیر عاسم ئاغا و عەمید ڕوکن تەها محەممەدئەمین کەریم ئاماژەیان بە مێژووی پڕشنگداری کۆلێژەکانیان و ئەو سەروەرییانە کرد کە بە دەرچوونی ئەم پۆلە نوێیە لە ئەفسەران تۆماریان کردووە. هەردوو ڕاگر، سوپاسی بێپایانی خۆیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم، حکومەت، وەزارەتی پێشمەرگە و تیمەکانی هاوپەیمانان کرد کە ماندوونەناسانە بۆ سەرخستنی ئەم خولانە کاریان کردووە، و داوایان لە ئەفسەرە نوێیەکان کرد ببنە کۆڵەکەی بەهێزی بەرگری.

## کۆتایی خولەکان و دەستپێکردنی ئەرکێکی نوێ بەرامبەر بە نیشتمان

دەرچوونی ئەم پۆلە نوێیە لە ئەفسەرانی خاوەن زانست لە قەڵاچوالان و زاخۆ، دەرگایەکی نوێی ئومێد بەڕووی گەلی کوردستاندا دەکاتەوە. ئەم ئەفسەرانە، کە ئێستا چەک و زانستیان پێکەوە گرێداوە، دەبنە خوێنێکی نوێ لە دەمارەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا. وەک چۆن سەرۆکی هەرێم و ڕاگرانی هەردوو کۆلێژەکە ئاماژەیان پێدا، لەمڕۆوە بەرپرسیاریەتیی ئەم گەنجانە قورستر و فراوانتر دەبێت؛ ئەوان دەبێت ببنە پارێزەری چەمکەکانی پێکەوەژیان، لێبوردەیی و مافەکانی مرۆڤ و لە ژێر سایەی ئاڵای کوردستاندا شکۆ و مێژووی پڕ لە شانازیی پێشمەرگە بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزن.



# شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە لە ئیتاڵیا

## لوتکەی دیدارەکانیان لەگەڵ سوپا و ناوەندە ئەکادیمیەکان

● ئامادەکردنی: گۆڤاری پێشمەرگە

**لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پەرەپێدانی تواناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەردانی شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وڵاتی ئیتاڵیا، وەک یەکێک لە وڵاتە کاریگەرەکانی ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەندامی ناتۆ، هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هاوپەیمانان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و ستراتیژییەوە، دەرفەتێکی گرنگ دێتە پێشەوە بۆ گواستنەوەی ئاستی مەشق و ڕاوێژکاری لە بواری تەکتیکیەوە بۆ ئاستی ستراتیژی، هاوکات لەگەڵ سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەربازی هاوچەرخ و دابینکردنی پشتگیری درێژخایەن بۆ پرۆسەی چاکسازی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا.**

### پێشوازی لە شاندی پێشمەرگە و بەهێزکردنی پەیوەندییە سەربازییەکان

لەسەر بانگهێشتی فەرمی ژەنەڕاڵ جیۆڤانی ماریا یانۆچی، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی ئیتاڵیا، شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان و یاوەری فەریق روکن بەختیار محەممەد سدیق ئەمینداری گشتی، لیوا روکن هۆشمەند حەیدەر ڕەشید جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە، ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، سەردانێکی فەرمیان بۆ وڵاتی ئیتاڵیا ئەنجامدا.

ئامانجی سەردانەکە بەهێزکردنی پەیوەندییە سەربازییەکان و تاوتوێکردنی پرۆسەی چاکسازی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سەربازی و تەکنەلۆجیای سوپای ئیتاڵیا بوو. لەم سەردانەدا، پلانێکی وردی کارکردن، دیدار و کۆبوونەوە لە گەڵ سەرۆکی ئەرکان، فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکان و فیرقەی باشوری ئەورووپای هێزی فرەنەتەوەیی ناتۆ و بارەگای فێرکاریی هێلیکوپتەر و بارەگای هێزی بۆشایی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



> ئیتاڵیا ڕەزامەند بوو بە کردنەوەی دەرگای کۆلێژە سەربازییە باڵاکانی وەک (کۆلێژی سەربازی، ئەرکان، جەنگ و بەرگریی نیشتمانی) بەڕووی ئەفسەران و فێرخوازانی کورددا

ئاسمانی سوپای ئیتاڵیا ئەنجامدرا.

**دیدار لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی گشتی ئیتاڵیا؛ کردنەوەی دەرگای کۆلێژە سەربازییەکانی ئیتاڵیا بەڕووی قوتابیانی کورددا**

لە یەکەم دیداردا، لە لایەن ژەنەڕاڵ لوچیانۆ پۆرتۆلانۆ، سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای ئیتاڵیاوە پێشوازیان لێکرا، دواتر بە تێروتەسەلی باس لە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان سوپای ئیتاڵیا و هێزەکانی پێشمەرگە کرا، هەروەها پرسی مانەوەی هێزەکانی ئیتاڵیا و بەردەوامیدان بە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و مەشقی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی مەشقەکان لە بواری تەکتیکیەوە بۆ ئاستی ستراتیژی، هەروەها کردنەوەی دەرگای کۆلێژەکانی (سەربازی، ئەرکان، جەنگ، کۆلێژی بەرگری نیشتیمانی ئیتاڵیا) بۆ قوتابیانی کورد و پابەندی وەزارەتی بەرگری ئیتاڵیا بە هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە بواری داڕشتنی پلانی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی بە تواناکانی پێشمەرگە تاوتوێ کرا. هەروەها بە گرنگیەوە باس لە ڕۆڵی پێشمەرگە کرا کە پارێزەری هەرێمی کوردستان و تەواوی ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانی بووە لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە.

هەردوولا ئامادەیی تەواوی خۆیان نیشاندا بۆ بەردەوامیدان و پەرەپێدانی زیاتری ئەو هاوکارییانەی کە لە ئێستادا لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و ڕاوێژکارانی سەربازی هێزەکانی ئیتاڵیادا هەن و سەرۆکی ئەرکانی پێشمەرگە سوپاسی ئەرک و ماندوبوونی ڕاوێژکارانی سوپای ئیتاڵیای کرد کە لە چەند ساڵی ڕابردودا لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گەورەیان گێراوە لە هەموو بوارەکاندا، ئامادەیی وەزارەتی پێشمەرگەشی نیشاندا بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان سوپای ئیتاڵیا و وەزارەتی پێشمەرگەدا.

**دواین پێشهاتەکانی پرۆسەی چاکسازی و داواکاری پێشمەرگە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی مەشق، پابەندی بەردەوامی و دڵنیایی ئیتاڵیا بۆ مانەوە و پاڵپشتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە**

لە دووەم دیداردا، شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی سوپای ئیتاڵیایان بەسەرکردەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا، لەگەڵ ژەنەڕاڵ جیۆڤانی ماریا یانۆچی پرسی هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی و ئەمنی نێوانیان تاوتوێ کرا. فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی ئیتاڵیا پابەندی بەردەوامی وڵاتەکەیانی دووپاتکردەوە و ئاماژەی بەوە دا کە ئەرک و کارەکانی هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت و ئەوان خواستێکی زۆریان هەیە بۆ مانەوەی زیاتر لە هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی کردنی زیاتر لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان. سەرۆکی ئەرکانی پێشمەرگە، دواین گۆرانکارییەکانی پرۆسەی چاکسازی و یەکخستەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی بۆ ژەنەڕاڵ یانۆچی باسکرد و ئاماژەی بەوەشدا کە وەزارەتی پێشمەرگە لە دوا قۆناغی پرۆسەکەدایە و داوای کرد کە لە پڕۆسەی مەشقی (فەرماندەیی و کۆنترۆڵ) و (دروستکردنی بڕیار) بۆ

هێزەکانی پێشمەرگە، ئیتاڵیا ڕۆڵی هەبێت و بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی خۆیان و لە گەڵ هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی یاخود بە تەنیا ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. ژەنەراڵ یانۆچی ڕایگەیاند: لە بواری تواناسازی و پەرەپێدان بە سەرچاوەی مرۆیی، ئیتاڵیا کار دەکات بۆ هاوکاریکردنی وەزارەتی پێشمەرگە.

### گەشتێك بە ناو ناوەندە بڕیار بەدەست و ئەكادیمیەكاندا؛

• **ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان:** شاندی وەزارەتی پێشمەرگە ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی ئیتاڵیایان بەسەرکردەوە، کە تێیدا وێرای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی گشتی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بە شاندەکە، زانیاری پێویست و هەمەلایەنیش لەسەر شێوازی کارکردن و سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو ژوورە بە شاندی وەزارەتی پێشمەرگە درا.

• **بارەگای هێزەکانی ناتۆ:** لە درێژەی سەردانەکەیاندا، شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بارەگای فیرقەی باشووری ئەورووپای سەر بە هێزەکانی ناتۆی لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا کرد و لەلایەن فەرماندەی فیرقە و ستافی هەیئەی ئەرکانی فیرقەوە پێشوازییان لێکرا. لە دیدارێکدا، فەرماندەی فیرقەی باشوری ئەوروپای ناتۆ، تیشکی خستە سەر ئەرک و کارەکانی فیرقە و ئەو لیوایانەی لە ناوچەکانی باشووری ئەورووپادا کار بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەکەن، لای خۆشیەوە سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی فەرماندە و ستافی فیرقە کرد و هیوای خواست کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانی ناتۆ و یەکە سەربازییەکانی سەر بە ناتۆ بەردەوام لە پێشوەچوون و گەشەسەندنی زیاتر دابێت.

• **یەکەی بۆشایی ئاسمانی ئیتاڵیا:** لە بەردەوامی سەردانەکەیاندا، بارەگای یەکەی بۆشایی ئاسمانی ئیتاڵیایان بە سەرکردەوە و فەماندەی ئەو یەکەیە ئەرک و کارەکانی یەکەی بۆشایی ئاسمانی ڕونکردەوە و پاشان لە کۆبوونەوەیەکدا، تیشکخرایە سەر کارەکانی ئەو یەکەیە. "یەکەی بۆشایی ئاسمانی کار دەکات بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم هێزە جیاوازەکان و دابینکردنی زانیاری ورد لە سەر پێداویستیەکان و ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان یەکە سەربازییە جیاوازەکانی ئیتاڵیا".

### دەستکەوتە گرنگەکانی ئەم سەردانە؛ دووپاتکردنەوەی پشتیوانی ئیتاڵیا بۆ مانەوە لە هەرێمی کوردستان و دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ پێشمەرگە

• وەرگرتنی بەڵێن بۆ خوێندنی ئەفسەرانی پێشمەرگە لە کۆلێژە سەربازییەکانی ئیتاڵیا.

• پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی لە دارشتنی پلانی ستراتیجی وەزارەتی پێشمەرگە و بەهێزکردنی هەماهەنگی لە بواری زانیاری تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان.

• دووپاتکردنەوەی پشتیوانی ئیتاڵیا بۆ مانەوە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی یاخود بە تەنیا؛ سوپای ئیتاڵیا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی وەزارەتی پێشمەرگە تەنانەت دوای تەواوبوونی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سەرۆکی ئەرکان:

# ٢٥ی ئەیلوول وەرچەرخانێکی مێژوویی دەبێت بۆ یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە

ئامادەکردنی: بارزان روستایی

لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی هاوبەشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، یەکەمین کۆربەندی ساڵانەی پانۆرامای خولی گشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان (UPR) لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. ئەم کۆربەندە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە هاوبەشی لەگەڵ فیدراسیۆنی لۆتەری جیهانی ڕێکخرابوو. لەم کۆربەندە گرنگەدا، فەریق روکن عیسا عوزێر، سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بەشداریکرد و گوتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا نەخشەڕێگەی داهاتووی هێزی بەرگیی کوردستان و پرۆسەی چاکسازیی پێشمەرگەی خستەڕوو.

کۆربەندەکە بە ئامادەبوونی، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و توێژەران ، بووە سەکۆیەک بۆ خستنەڕووی چەندین بابەتی گرنگ.

### پاراستنی قەوارەی هەرێم؛ مافێکی دەستووری و ڕەوا

لەم کۆربەندەدا، سەرۆکی ئەرکان گوتارێکی پێشکەش کرد و لە ناوەڕۆکەکەیدا، جەختی لەسەر بنەمایەکی نەگۆڕ و ستراتیژی کردەوە، ئەویش پاراستنی قەوارەی سیاسی، ئەمنی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستانە لەبەرامبەر هەر هەڕەشە و دەستدرێژییەک، وەک مافێکی یاسایی و ڕەوا کە لە دەستووری عێراقدا بە ڕوونی چەسپێنراوە.



### دوا مۆڵەت بۆ یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکان

لە تەوەرێکی تری کۆربەندەکەدا، تیشک خرایە سەر پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە کە بە پاڵپشتی دۆستان و هاوپەیمانان بەردەوامە، بە ئامانجی دارشتنی سیستەمێکی هاوچەرخ و نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی قۆناغەکە، لەم سۆنگەیەوە وەک هەنگاوێکی کرداری و نیشانەی جددییەت بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئاڵنگاری، سەرۆکی ئەرکان ڕێکەوتی ٢٥ـی ئەیلوولی ئەمساڵی وەک مۆڵەتێک بۆ یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکان لەژێر چەتری وەزارەتدا دیاری کرد، تا بەم هەنگاوە هێزەکان بە تەواوی بەرەو قۆناغی سوپایەکی نیشتمانی هاوچەرخ هەنگاو بنێن و چیدی هیچ هێزێک لە دەرەوەی پێکهاتەی فەرمی وەزارەت نەمێنێتەوە.

## فەرماندەیی فیرقەکان و سیستەمی نوێی سەربازی

سەرۆکی ئەرکان ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییە بە هەماهەنگی و هاوکاریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕێوەدەچێت و سیستەمێکی نوێی سەربازی لەسەر ئاستی پێکهاتە و ئەرکی مەیدانی پەیڕەو دەکرێت بەپێی ئەم سیستەمە هەر فیرقەیەک خاوەنی بارەگای جێگیری خۆیەتی لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا و لە ڕووی زنجیرەی فەرماندەییەوە، فەرماندەی فیرقە وەک باڵاترین دەسەڵاتی سەربازی لە ناوچەکەی خۆیدا دادەنرێت کە فەرمانەکان ڕاستەوخۆ لە فەرماندەی دەڤەرەوە وەردەگرێت. سەرۆکی ئەرکان ئاماژەی بەوەکرد ئەم چاکسازییە فراوانە وەک هەنگاوێکی چارەنووسساز بۆ بەنیشتمانیکردنی دامەزراوەی سەربازی و تۆکمەکردنی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و پتەوکردنی زنجیرەی فەرماندەیی سەربازی تەماشا دەکرێت.

## ڕەوایەتی نێودەوڵەتی و خەونی سوپایەکی یەکگرتوو

ئەم پەیامەی سەرۆکی ئەرکان لەناو جەرگەی کۆڕبەندی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکاندا، چەندین ئامانجی سەرەکی دەپێکێت؛ یەکەمیان ناردنی پەیامی دڵنیایی و موژدە دەرانە بە گەلی کوردستان بۆ بوون بە خاوەنی یەک هێزی نیشتمانی یەکگرتوو کە ئەمەش خەونێکی لەمێژینەی گەلەکەمانە. هاوکات ئامانجێکی تری پەیامەکە بەهێزکردنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و خستنەڕووی مافە دەستوورییەکانی هەرێم بوو لە سەکۆیەکی نێودەوڵەتیدا بە ئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتر، لە لایەکی ترەوە پەیامەکە ئامانجی چەسپاندنی سەقامگیری درێژخایەنی هەبوو، بەو پێیەی یەکخستنی پێشمەرگە زامنی سەرەکی ئاشتی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی داهاتووی هەرێمی کوردستانە.

لەکۆتاییدا، دەکرێت بڵێین بەشداریکردنی سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەم کۆڕبەندە نێودەوڵەتیەدا، وەرچەرخانێکی گرنگە لە پێناسەکردنەوەی پێگەی هێزی پێشمەرگە، ئەم گوتارە هێمایەکی ڕوون و دڵنیاکەرەوە بوو بۆ بوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لە لایەن سەرکردایەتی سەربازیی کوردستانەوە بە مەبەستی تێپەڕاندنی بەربەستەکان و دابینکردنی پاشەڕۆژێکی گەشتر و ئارامتر بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش تەنها لە ڕێگەی بونیاتنانی سوپایەکی نیشتمانی یەکگرتووی گۆشکراو بە بیروباوەری نەتەوەیی خاوەن دیسپلین دێتە بەرهەم.

> ”یەکخستنی پێشمەرگە زامنی سەرەکیی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی درێژخایەنە لە هەرێمی کوردستاندا.“



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شرۆڤەی ڕووداوەکان



# شۆڕشی تەکنۆلۆژیا

## قەیرانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی سیستمی جیهانی

ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

**لەم سەردەمەدا، جیهان بەشێوەیەکی گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، بە قۆناغێکی وەرچەرخانی مێژوویدا تێدەپەڕن. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگا ستراتیژییەکان، تێکەڵبوونی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای سەربازی لەگەڵ داڕمانی سیستمی ئاسایشی کۆنی ناوچەکە، دەرگای بەڕووی گۆڕانکارییەکی گەورەدا کردووەتەوە کە نەک تەنها نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، بەڵکو ئایندەی سیستمی جیهانیش دادەڕێژێتەوە. ئەم وەرچەرخانانە وادەکەن چەمکە کلاسیکییەکانی هێز، ئاسایش و هاوپەیمانێتی، لە ژێر ڕۆشنایی واقیعە نوێیەکاندا پێویستیان بە پێناسەکردنەوەیەکی ڕیشەیی هەبێت.**

### شۆڕشی تەکنۆلۆژیای سەربازی و گۆڕانی هاوکێشەی هێزەکان

شەڕە نوێیەکان، وەک ئەوەی لە ئۆکرانیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێن، ڕاستیی ئەو چەمکەیان سەلماندووە کە پێی دەوترێت "شۆڕشی تەکنۆلۆژی لە کاروباری سەربازیدا". ئەم شۆڕشە وایکردووە هێزی ئاسمانیی نەریتی و شەڕی زەمینیی کلاسیکی، پێگەی ڕەها و باڵادەستی خۆیان لەدەست بدەن. لێکۆڵینەوە سەربازییەکان تیشک دەخەنە سەر ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕێگەی دەرکەوتنی جەنگی ناهاوسەنگەوە؛ لە ئێستادا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان (درۆنەکان) و مووشەکە زیرەکەکان کە تێچوویەکی کەمیان هەیە، دەتوانن سیستمە بەرگرییە زۆر پێشکەوتووەکان یان زرێپۆشە گرانبەهاکان لەکار بخەن، ئەمەش بەها ستراتیژییەکانی سیستمی بەرگریی گۆڕیوە.

لە پاڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی بەرفراوانی درۆنەکانی جۆری FPV (First-Person View - بینینی کەسی یەکەم)، شەفافییەتێکی تەواوی بە گۆڕەپانی جەنگ بەخشیوە. لەم تەکنۆلۆژیایەدا، فڕۆکەوان یان سەربازەکە چاویلکەیەکی تایبەتی هاوشێوەی خەیاڵی واقیعی (VR) لەچاو دەکات کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە کامێرای پێشەوەی درۆنەکەوە، ئەمەش کۆنترۆڵێکی زۆر ورد و خێرای پێدەبەخشێت بە جۆرێک دەتوانێت بەناو

دەرگا، پەنجەرە یان سەنگەرەکاندا بڕواتە ژوورەوە و وەک "درۆنی خۆکوژ" خۆی بە ئامانجەکەدا بکێشێت.

ئەم پێشکەوتنە وایکردووە چەمکی "تەمومژی جەنگ" (Fog of War) کە پێشتر لە زانستی سەربازیدا بە واتای نەزانینی دۆخی ئەودیو هێڵەکانی دوژمن دەهات تا ئاستێکی زۆر بڕەوێتەوە. ئاسمانی گۆڕەپانی جەنگ بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر پڕە لە چاوی ئەلیکترۆنی کە چاودێری هەموو مەترێکی زەوی دەکەن، بەمەش گۆڕەپانی جەنگ وەک پارچە شووشەیەکی ڕوونی لێ هاتووە کە جوڵەی هێزەکان تێیدا هیچ نهێنییەکی تێدا نەماوەتەوە.

لە دەرئەنجامدا، مانۆڕی کتوپڕ و جوڵەی خێرای زەمینی بووەتە کارێکی مەحاڵ. ستراتیژیی کلاسیکی کە لەسەر کۆکردنەوەی لێشاوی تانک و سەرباز بۆ هێرشی کتوپڕ بونیادنرابوو، ئێستا بووەتە کردەوەیەکی خۆکوژی؛ چونکە درۆنە چاودێرییەکان دەستبەجێ دەیانبینن و بە درۆنی FPV کە نرخی یەک دانەیان تەنها نزیکەی ٥٠٠ دۆلارە، گەورەترین و گرانبەهاترین تانکی چەند ملیۆن دۆلاری لە لاوازترین خاڵیدا دەپێکن و تێکیدەشکێنن. ئەم پێشهاتانە سوپاکانی ناچار کردووە ستراتیژیی خۆیان بگۆڕن، هێزەکانیان بە گرووپی زۆر بچووک بڵاو بکەنەوە و پەنا بۆ سەنگەر و تونێلەکان ببەن، ئەمەش سروشتی جەنگەکانی لە مانۆڕی خێراوە گۆڕیوە بۆ شەڕی مانەوە و بەرگریی خاو.

ئەم پرۆسەی بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیایە وایکردووە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و گرووپە چەکدارەکان توانا و لێهاتوویی نوێ پەیدا بکەن و ببنە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر زلهێزەکان و ژێرخانی وڵاتان. بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای بازرگانی و گۆڕینی بۆ چەکی کوشندە، قۆرخکاریی دەوڵەتانی لە بەکارهێنانی هێز کۆتایی پێهێناوە.

## دارمانی سیستمی کۆن و هاوپەیمانییەکی نوێی هەرێمایەتی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا باجی پشتبەستنی لەرادەبەدەر بە هێزە دەرەکییەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی دەدات. بەپێی تیۆریی "کۆمەڵگەی ئاسایشی هەرێمایەتی"، ئاسایشی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە جۆرێک بەیەکەوە گرێ دراوە کە ناتوانرێت ئاسایشی وڵاتێک بەبێ وڵاتانی دراوسێی دەستەبەر بکرێت. سیستمی پێشوو کە پشتی بە باڵادەستیی تاکلایەنە، پشتبەستن بە گرووپە وەکالەتییەکان و پەراوێزخستنی پرسە بنەڕەتییەکان بەستبوو، بەتەواوی شکستی هێناوە.

لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، هەرێمی کوردستانیش وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، لە ناو جەرگەی ئەم گۆڕانکاری و مەترسییە تەکنۆلۆژی و جیۆپۆلەتیکییانەدایە و ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەم دۆخە نوێیەی بەسەرەوەیە. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە قووڵە، ناوچەکە پێویستی بە سیستمێکی ئاسایشی نوێ هەیە کە لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی بەرگریی پراگماتیک لە نێوان پێکهاتە و وڵاتانی ناوچەکەدا بونیاد بنرێت؛ نەک بە ئامانجی پێکهێنانی بەرەی هێرشبەرانە، بەڵکو بۆ بەرگرتن لە دەستوەردانی دەرەکی و پاراستنی سەروەریی خاکی هەریەک لە لایەنەکان.

هاوکات, ئاسایشی ناوچەکە تەنها بە چەک دابین ناکرێت، بەڵکو لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان جەخت لەسەر تەواوکاریی ئابووری و ژینگەیی، یەکخستنی

> "تەکنۆلۆژیای هەرزان و کوشندەی وەك درۆنی FPV، چەمکی کلاسیکیی "تەمومژی جەنگ"ی ڕەواندووەتەوە و مانۆڕی خێرای زەمینیی سوپای زلهێزەکانی کردووەتە مەحاڵ"



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



بەرژەوەندییەکان و چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو و ئاسایشی خۆراک دەکەنەوە وەک پایەیەکی سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی. لە سەروو هەمووشیانەوە، سەقامگیریی ڕاستەقینە بەبێ نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، گێڕانەوەی شەرعییەتی ناوخۆیی و ئاشتکردنەوەی حکومەتەکان لەگەڵ گەلەکانیاندا بەدینایەت. لێکۆڵەران پێیان وایە حکومەتی لاواز لە ناوخۆدا، هەمیشە دەبێتە دەروازەیەک بۆ دەستوەردانی دەرەکی و دارمانی دەوڵەت.

## شەڕی هەرێمی و وەرچەرخان لە سیستمی جیهانیدا

ئەو پێشهاتانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، تەنها لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نامێننەوە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی گەورەن بۆ دارشتنەوەی سیستمی نێودەوڵەتی. ئایندەی ئەم سیستمە لەبەردەم چەند ئەگەرێکی کراوەدایە کە ناوەندە لێکۆڵینەوە جیهانییەکان ئاماژەیان پێ دەدەن:

یەکەم؛ گەڕانەوە بۆ تیۆریی سەقامگیریی هەژموونگەرا: لە ئەگەرێکدا ئەمریکا بتوانێت سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزێت، ئەوا هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا و بە تایبەت بەرامبەر بە چین و ڕووسیا نوێ دەکاتەوە و سیستمی تاکجەمسەری دەسەپێنێتەوە.

دووەم؛ هەنگاونان بەرەو فرەجەمسەری: بە پێچەوانەوە، ئەگەر قەیرانەکان ببنە هۆی بێهێزبوونی ئەمریکا، پرۆسەی فرەجەمسەری خێراتر دەبێت؛ وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا بۆشاییەکان پڕدەکەنەوە و سیستمێکی نوێ دێتە ئاراوە کە وڵاتانی ناوچەکە دەتوانن تێیدا یاری لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکاندا بکەن.

سێیەم؛ بەجیهانیکردنی پشێوی: سیناریۆیەکی مەترسیداری دیکە بریتییە لە چەکدارکردنی زیاتری گرووپە چەکدارە میلیشیا و نادەوڵەتییەکان و دروستبوونی ئاژاوە؛ کە تێیدا درێژەکێشانی شەڕەکان و بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکان و سەرچاوەکانی وزە وەک چەکی ململانێ، جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی ئابووری دەکاتەوە. لەم دۆخەدا، یاسا نێودەوڵەتییەکان بەهایان نامێنێت و تەنها لۆژیکی هێز بڕیاردەدات.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان وایانکردووە دابینکردنی ئاسایش لە ڕێگەی چەکی گرانبەها یان پشتبەستن بە زلهێزەکانی دەرەوە، ئیتر لێرە بەدوا ستراتیژێکی سەرکەوتوو نەبێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم ساتەوەختێکی چارەنووسسازدایە؛ یان دەبێت لایەنەکان لەسەر بنەمای بەرگری, ئابووری و ڕێزگرتن لە سەروەریی یەکتر یەکبگرن و گرنگی بە ڕەوایی ناوخۆیی بدەن، یان دەبنە گۆڕەپانی وێرانکەری ململانێی زلهێزەکان لە جیهانێکی فرەجەمسەریی پڕ لە پشێویدا؛ جیهانێک کە تێیدا تەکنۆلۆژیای هەرزان و کوشندە دەتوانێت گەورەترین ئیمپراتۆریەتە ئابووری و سەربازییەکانیش بخاتە سەر ئەژنۆ.

”
هەرێمی کوردستان لە ناو جەرگەی ئەم گۆڕانکاری و مەترسییە تەکنۆلۆژی و جیۆپۆلەتیکییانەدایە و ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەم هاوکێشە نوێیەی بەسەرەوەیە سەقامگیریی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەك دابین ناكرێت، بەڵکو پێویستی بە نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی شەرعییەتی ناوخۆیی هەیە
“

# لووتکەی ناتۆ لە ئەنقەرە 2026

## پەرەسەندنە ناوچەییەکان و گۆڕانکاری لە پلانی ستراتیژیدا



● ئامادەکردنی: ڕائید ئارام ناسیح

**لووتکەی سی و شەشەمی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی "ناتۆ" لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی تەممووزی ٢٠٢٦ بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەیەکی پڕ لە گۆڕانکاری بوو لە مێژووی هاوپەیمانێتییەکەدا. ئەم لووتکەیە وەک قۆناغی گواستنەوە بەرەو "ناتۆ ٣,٠" ناسێنرا، قۆناغێک هاوسەنگیی هێز لەناو هاوپەیمانێتییەکەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت و پێویستیی زیاتری بە سەرکردایەتیی ئەورووپا دەبێت لە بەرانبەر کەمبوونەوەی بەرچاوی پابەندبوونە سەربازییەکانی ئەمریکا لە کیشوەرەکەدا.**

میوانداریکردنی لووتکەکە بۆ تورکیا ڕووداوێکی مێژوویی بوو، بەو پێیەی لە ساڵی 2004ەوە لووتکەی ناتۆ لە تورکیا گرێ نەدراوە. بورهانەدین دوران، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا، جەختی کردەوە کە جموجۆڵە دیپلۆماسییەکانی لووتکەکە ڕۆڵی کارای تورکیا لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیریی نێودەوڵەتیدا دووبارە بەرجەستە کردەوە.

### سەرلەنوێ دارشتنەوەی هاوپەیمانێتییەکە و گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان

مارک ڕووتە، ئەمینداری گشتیی ناتۆ، ڕایگەیاند: هاوپەیمانێتییەکە بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات، بەرهەمهێنان لە بواری بەرگری ڕوو لە زیادبوونە، پیشەسازیی سەربازی فراوان دەبێت و هاوپەیمانە ئەورووپییەکان و کەنەدا بەرپرسیارێتیی زیاتری ئاسایشی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. ڕووتە وتی: "ئێمە هاوسەنگیی ئاسایشیمان بەرەو باشتربوون دەبەین، ئەمەش جەوهەری ناتۆ 3.0ـە."

لە دوای بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزە سەربازییەکانی لە ئەورووپا، لەوانەش فڕۆکە و کەشتییە جەنگییەکان، هەروەها فڕۆکە ستراتیژییەکان، ناتۆ دابەشکارییەکی نوێی بۆ کارەکان دانا: ئەورووپا و کەنەدا ئەرکی بەرگریی تەقلیدی لە ئاستی هەرێمی لە ئەستۆ دەگرن، لە کاتێکدا ئەمریکا تەنیا سەرنجی لەسەر بەهێزکردنی قەڵغانی ئەتۆمی دەبێت.

پێکهاتەی سەرکردایەتی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینی، سەرکردایەتیی هێزە هاوبەشەکان لە نۆرفۆلک بۆ ئەفسەرێکی بەریتانی و سەرکردایەتیی هێزە هاوبەشەکان لە ناپۆلی بۆ ئەفسەرێکی ئیتاڵی گوازرایەوە، بەڵام سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان (MARCOM) بە دەست ئەمریکاوە مایەوە. پنتاگۆن لێکۆڵینەوە لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی کڵاوەی ئەتۆمیی زیاتر لە وڵاتانی وەک پۆڵەندا دەکات لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ئێستای بەشداریکردنی ئەتۆمی (Nuclear Sharing) لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکەدا.

### پابەندبوونە داراییەکان

هاوپەیمانەکان پابەندبوونی خۆیان پیشان دا بۆ بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان لە بواری بەرگری بۆ ٪5ی بەرهەمی ناوخۆیی تا ساڵی 2035، لەگەڵ تەرخانکردنی زیاتر لە 50 ملیار دۆلار بۆ کڕینی چەکی نوێ، بەڵام داتاکانی ناتۆ دەریدەخەن تەنیا 5 ئەندام لە کۆی 32 ئەندام لە ساڵی 2026دا دەگەنە ئامانجی ٪3.5، تێکڕای خەرجیی ئەورووپییەکانیش گەیشتووەتە ٪2.53

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرامبەر ٪3.17ی ئەمریکا.

هەروەها دەستپێشخەریی "درۆن ئێج - Drone Edge" بە وەبەرهێنانی 40 ملیار دۆلار لە ماوەی پێنج ساڵدا بۆ سیستەمی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ڕاگەیەندرا، لەگەڵ پابەندبوون بە پێنج هێندە زیادکردنی ڕاهێنانی بەکارهێنەرانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تا ساڵی 2027 لە ڕێگەی فراوانکردنی پڕۆژەی NFTE بە بەشداریی فینلەندا، فەرەنسا و سوید. هاوکات ڕەزامەندی لەسەر وەبەرهێنانی 29 ملیار دۆلار بۆ نوێکردنەوەی ژێرخانی کۆگا و دابەشکردنی سووتەمەنی درا.

## ئۆکرانیا و ئێران

سەرکردەکانی ناتۆ بەڵێنی بەردەوامبوونی پاڵپشتیی سەربازییان بۆ ئۆکرانیا بە بڕی 80 ملیار دۆلار تا ساڵی 2027 دووپات کردەوە. ئەم بڕە بەدوای هەوڵەکانی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (فریدریش مێرتس) هات کە پێشنیازی کرد لەسەر ئەو بڕە کۆدەنگی دروست بێت. هەروەها ڕاگەیەندراوی کۆتایی لووتکەکە هەڵوێستێکی یەکگرتووی بەرامبەر ڕەتکردنەوەی خاوەندارێتیی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی پیشان دا، هاوکات ناچارکردنی بە ڕێزگرتن لە ئازادیی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز.

## گەرووی هورمز

بەریتانیا و فەرەنسا ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ ناردنی هێزی سەربازی بە مەبەستی پاراستنی هاتوچۆی دەریایی. فەرەنسا چەند کەشتییەکی دەریایی جووڵاند، لەوانەش دوو کەشتیی مینهەڵگرەوە (کاسح الألغام) و دوو کەشتیی جەنگی (فریگات). وەزیری دەرەوەی بەلجیکاش هەوڵەکانی ناتۆی بۆ ناردنی کەشتیی زیاتری مینهەڵگرەوە ئاشکرا کرد، بەڵام ئەم هەنگاوەی وەک بەشێک لە عەقیدەی بەرگری وەسف کرد نەک چوونە ناو ململانێ و جەنگەوە لەگەڵ ئێران. لە هەمان کاتدا ئەنقەرە ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە پاککردنەوەی مینەکان لە گەرووەکەدا نیشاندا. ڕەنگە یەکێک لە سیناریۆ بەهێزەکان بۆ داهاتووی گەرووەکە بریتی بێت لە نێودەوڵەتیکردنی ئاسایشی گەرووەکە و پێکهێنانی هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئازادیی کەشتیوانی لەو ناوچەیەدا.

## دۆسیەی دوولایەنەی تورکیا لەگەڵ واشنتۆن (F-35 و S-400)

ئامادەیی واشنتۆن بۆ پێداچوونەوە لە لێخۆشبوونی تورکیا لە سزاکانی "CAAT-SA" و ئەگەری گەڕانەوەی بۆ بەرنامەی فڕۆکەی "F-35" گرنگترین تەوەری گفتوگۆکان بوو، بە مەرجی ڕزگاربوونی ئەنقەرە لە سیستەمی "S-400"ی ڕووسی. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە تورکییەکان ئاماژەیان بە ڕێککەوتنێک کرد بۆ فرۆشتنی سیستەمەکە بە لایەنی سێیەم، بەڵام کرێملین ئەمەی بە "بابەتێکی هەستیار" ناوبرد، لە کاتێکدا ئەردۆغان تەنیا وتی "سەیرمان بکەن".

## گرژییە لاوەکییەکان و ناکۆکییە ئاشکراکان لەناو هاوپەیمانێتییەکەدا

وێڕای دەرکەوتنی یەکگرتوویی ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە، بەڵام لووتکەکە جیاوازییە سیاسییەکان و گرژییەکانی نێوان ئەندامانی دەرخست:

1. تورکیا: پێگەی جوگرافیی گرنگی خۆی وەک میواندار بەکار هێنا بۆ جەختکردنەوە لەسەر "سەربەخۆیی ستراتیژی"، لەگەڵ پاراستنی کەناڵی سەربەخۆ لەگەڵ ڕووسیا.
2. دۆسیەی گرینلاند: ترەمپ داواکارییەکانی خۆی بۆ کڕینی دورگەی گرینلاندی دانیمارکی دووبارە کردەوە، و بانگەشەی ئەوەی کرد کە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە، بەڵام بۆ دانیمارک گرنگ نییە. لە بەرامبەردا مێتی فرێدریکسن، سەرۆک وەزیرانی دانیمارک وتی گرینلاند بۆ فرۆشتن نییە، و جەختی کردووە لەسەر ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پاراستنی هەموو خاکێکی ناتۆ. ئەورووپییەکانیش جەختیان کردووە بڕیارەکە تەنیا پەیوەستە بە دانیشتووانی گرینلاند و دانیمارکییەکانەوە.
3. نارەزایەتی بەرانبەر ئیتاڵیا: ترەمپ بە ئاشکرا ڕەخنەی لە جۆرجیا میلۆنی، سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا گرت و وتی پەیوەندیی نێوانیان کەمێک خراپ بووە بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئیتاڵیا بۆ یارمەتیدان لە ململانێی دژ بە ئێران.
4. گرژی لەگەڵ ئیسپانیا: ترەمپ بەردەوام بوو لە ڕەخنەگرتن لە مەدرید بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕێگەدان بە بەکارهێنانی بنکە سەربازییە ئەمریکییەکان دژ بە ئێران، و داوای پچڕانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ مەدرید کرد.
5. ڕەخنەی گشتی لە هاوپەیمانەکان: ترەمپ هاوپەیمانانی ناتۆی تۆمەتبار کرد بەوەی هیچ یارمەتییەکیان پێشکەش نەکردووە لە شەڕی ئەمریکی-ئیسرائیلی دژ بە ئێران.

## ئەنجام

لووتکەی ئەنقەرە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ داهاتووی هاوپەیمانێتیی ناتۆ و پشتبەستنی زیاتر بە خۆی، لە ڕێگەی سەپاندنی قۆناغی گواستنەوە بۆ "ناتۆ 3.0" و جێبەجێکردنی ئامانجەکان بەتایبەت لەڕووی تێچووە داراییەکانەوە. لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئەو یەکگرتوویی لە بەیاننامەی کۆتایی لووتکەکەدا دەرکەوت زۆر درێژە نەکێشێت، ئەویش بەهۆی گرژییە سیاسییە ناوخۆییەکانی نێوان واشنتۆن و پایتەختە ئەورووپییەکان لە سایەی پەرەسەندنی ململانێکان لە گەرووی هورمز و نارەزایەتییە گشتییەکان لەبارەی دابەشکردنی ئەرکەکان.

"وێڕای دەرکەوتنی یەکگرتوویی ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە، بەڵام لووتکەکە جیاوازییە سیاسییەکان و گرژییەکانی نێوان ئەندامانی دەرخست."

# ئیدارەی گشتی

## ئەرك و كاری بەردەوام، وردەكاری بەئەلیكترۆنیكردنی كاروبارەكان



● ئامادەكردنی: هیوا فاتیح
فۆتۆ: كاروان ڕەزا

لە هەر دامەزراوەیەکی سەربازیی پێشکەوتوودا، سەرکەوتنی ئەرکە مەیدانییەکان تەنها پشت بە هێزی چەکدار نابەستێت، بەڵکوو بوونی سیستەمێکی ئیداریی تۆکمە و ڕێکخراو مەرجی سەرەکییە بۆ گەیاندن و جێبەجێکردنی

> پێش گەیشتن بە قۆناغی جێبەجێكردن، هەر فەرمان و نووسراوێك لەلایەن بەشی یاساییەوە بەوردی هەڵدەسەنگێندرێت، بۆ دڵنیابوون لە گونجانی ناوەڕۆكەكەی لەگەڵ یاسا و ڕێنماییە بەركارەكان.

خێرای بڕیارەکان. لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، ئەم ئەرکە چارەنووسسازە دەکەوێتە ئەستۆی "بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گشتی"، کە وەک پردێکی پەیوەندی و ستوونێکی کارگێڕی لە نێوان دیوانی وەزارەت و سەرجەم یەکە سەربازییەکاندا کار دەکات. بۆ تیشکخستنە سەر ئەرک و کارەکانی ئەم دامەزراوەیە، گۆڤاری پێشمەرگە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی تایبەتی لەگەڵ بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی گشتی ئەنجامداوە، کە تیایدا وردەکاری تەواوی کارەکانیان وەک دامەزراوەیەکی ناوەندی دەخەنە ڕوو.

### پەیكەری ڕێكخستن و ڕۆڵی ناوەندی

لیوا بەختیار حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گشتی، لە لێدوانەکەیدا تیشکی خستە سەر پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان و ڕایگەیاند کە سەر بە جێگری سەرۆکی ئەرکانە بۆ ئیدارە و میرە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە وەک خاڵێکی ناوەندی کار دەکات بۆ ئاراستەکردنی هەموو ڕێنمایی، فەرمان، بڕیار و ڕاسپاردە ئیدارییەکان لەنێوان دیوانی وەزارەت و دەڤەرەکان و فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی و یەکە سەربازییە جیاوازەکان.تا دڵنیایی تەواو بدات لە گەیشتن و جێبەجێکردنی نووسراوە فەرمییەکان.

### دەركردنی فەرمانەكان و هەڵسەنگاندنی یاسایی

یەکێک لە ئەرکە هەرە ستراتیژییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، چاپ و ئامادەکردنی فەرمانە وەزارییەکان و بڕیارەکانی هەریەک لە وەزیری پێشمەرگە، بریکاری وەزیر، و سەرۆکی ئەرکانە. پاش تەواوبوونی پرۆسەی ئامادەکردن، نووسراوەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ یەکە پەیوەندیدارەکان دەنێردرێن و بەدواداچوونی وردیان بۆ دەکرێت. خاڵی یەکلاکەرەوە لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە پێش گەیشتن بە قۆناغی جێبەجێکردن،



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



لیوا / بەختیار حەمە ساڵح

هەر نووسراوێک لەلایەن بەشی یاساییەوە بەوردی هەڵدەسەنگێندرێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ناوەڕۆکەکەی بە تەواوی لەگەڵ یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکاندا دەگونجێت و هیچ کەڵێنێکی یاسایی تێدا نییە.

## میکانیزمی پلەبەرزکردنەوە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا

پرۆسەی پلەبەرزکردنەوە یەکێکی ترە لە ئەرکە هەستیارەکان، کە بە دوو شێوازی جیاواز بۆ ئەفسەران و کارمەندان بەڕێوە دەچێت. سەبارەت بە پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران، پرۆسەکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە بە سەرۆکایەتی لیوا هۆشمەند، جێگری سەرۆکی ئەرکان بەڕێوەدەچێت، کە تیایدا بەڕێوەبەر و جێگری ئیدارەی گشتی و نوێنەرانی ئیدارەی ئەفسەران ئەندامن. ساڵانە دوو جار لە مانگەکانی نەورۆز و ئەیلوولدا لیستەکان ئامادە دەکرێن و دوای وردبینی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن، پاشان بە دەرچوونی فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن.

بەڵام سەبارەت بە پلەبەرزکردنەوەی پلەدار و پێشمەرگە، کارەکان لە ڕێگەی لیژنەیەکی جیاوازەوە بە بەشداری بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کارمەندان ئەنجام دەدرێت. دوای وردبینی تەواوەتی، وەزیری پێشمەرگە فەرمانی پلەبەرزکردنەوە کە دەردەکات و ڕاستەوخۆ وێنەیەک لە فەرمانەکە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری سەربازی دەکرێت بۆ دابینکردنی شایستە و مافە داراییەکانیان.

## ڕێکخستنی کاروباری خانەنشینی

لە چوارچێوەی مافەکانی پێشمەرگەدا، بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گشتی ساڵانە بە هەماهەنگی لەگەڵ ژمێریاری سەربازی و ئیدارەی ئەفسەران و کارمەندان، لیستی خانەنشینی ئامادە دەکات. پاش وەرگرتنی دۆسیەکان لە یەکەکانەوە، سەرجەم زانیارییەکان بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ وردبینی دەکرێن. دواتر ڕێڕەوی دۆسیەکان جیا دەکرێنەوە؛ دۆسیەی ئەفسەران ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران و پاشان سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت بۆ پەسەندکردن، لەکاتێکدا دۆسیەی کارمەندان و پێشمەرگە ڕاستەوخۆ دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی مووچە و مافەکانیان بەبێ دواکەوتن.

## ئەرکە کارگێڕییەکانی تر و پێکهێنانی لیژنەکان

جگە لە کارە ستراتیژییەکان، کۆمەڵێک ئەرکی ڕۆژانەی هەستیار دەکەوێتە ئەستۆی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، لەوانە نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەفسەران و کارمەندان، گۆڕینی زانیارییەکانیان دوای پرۆسەی پلەبەرزکردنەوە، ئامادەکردنی لیستی سەرەمووچەی ساڵانە، و چارەسەرکردنی کێشەی لێکچوونی ناو لەگەڵ کەسانی مەدەنی. هەروەها ئەرکی وەڵامدانەوەی نووسراوەکانی دادگا و فەرمانگە یاساییەکانیان لەئەستۆیە. لەپاڵ ئەمانەشدا، دەرکردنی فەرمانی پێکهێنانی لیژنە فەرمییەکانی دیوانی وەزارەت، لیوا و فیرقەکان، وەک لیژنەکانی تەخمین، تەندەر، سوتەمەنی و دابینکاری لێرەوە دەردەچن، کە بە زۆری ماوەی کارکردنیان بۆ سێ مانگ دیاری دەکرێت.

## چاودێری، شەفافیەت و بەرەو سیستەمی ئەلیکترۆنی

لە ڕوانگەی لیوا هێرش ئەسکەندەر سەلیم، جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی گشتی، فەلسەفەی کاری دامەزراوەکە تەنها لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانەدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو پرۆسەیەکی بەردەوامی چاودێری و ڕێکخستنە کە سەرجەم بەشەکان دەگرێتەوە. بنەما سەرەکییەکانی کارکردنیان پشت دەبەستێت بە پابەندی و هەماهەنگی، بەجۆرێک لە بچووکترین کارمەندەوە تا بەڕێوەبەران، پێویستە پابەندی میکانیزمی یاسایی بن، چونکە هیچ بەشێک ناتوانێت بە تەنیا کار بکات و سەرکەوتن پەیوەستە بە هەماهەنگی گشتییەوە. هاوکات کار بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی کارگێڕیی، کەمکردنەوەی هەڵە لە نووسراوەکان، و زیادکردنی شەفافیەت دەدەن. لە ئێستاشدا، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان پشت بەستنە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی، کە هەنگاوێکی نوێیە بۆ مۆدێرنکردنی کاری حکومی و خێراترکردنی ڕاییکردنی مامەڵەکان بێ هیچ دواکەوتنێک. لە کۆتاییدا، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە وەک بزوێنەری سەرەکی وەزارەتی پێشمەرگە دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێت لە پاراستنی ڕێکخستنی ئیداری و جێبەجێکردنی دروست و یاساییانەی سەرجەم فەرمانەکان.



لیوا / هێرش ئەسکەندەر

> ”ئەم بەڕێوەبەرایەتییە وەك پردی پەیوەندی كار دەكات بۆ ئاراستەكردن و جێبەجێكردنی هەموو ڕێنمایی، فەرمان، و ڕاسپاردە ئیدارییەكان لەنێوان دیوانی وەزارەت و سەرجەم یەكە سەربازییەكاندا.“

## دەروازەیەك بۆ
## دۆزە جیاوازەکان



# دۆسیەی ژمارە
# خۆناسی نەتەوەیی

- خۆناسی نەتەوەیی: خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی
- خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوەیی لای کورد، چ مێژوو و ئاسۆیەك..؟
- پێشمەرگە؛ لە هێمای خۆناسیی نەتەوەییەوە بۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو
- دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ڕەوتی «نەتەوەسازی» لە هەرێمی کوردستان
- ڕۆڵی زانکۆ لە پرۆسەی خۆناسی نەتەوەیی لە سۆزی نەتەوەییەوە بۆ ئەقڵی ئەکادیمی
- پێشمەرگە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا.. لە سەنگەری بەرگرییەوە تا نەتەوەسازی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# خۆناسی نەتەوەیی،

## خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

پرۆسەی نەتەوەسازی و گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی، یەکێکە لە ئاڵۆزترین و چارەنووسسازترین وێستگەکانی مێژووی هەر گەلێک، بەتایبەتیش بۆ گەلی کورد کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی دەیان ئاستەنگی ناوخۆیی و دەرەکی، پەرتەوازەیی جوگرافی، و ململانێی فرەناسنامەیی بووەتەوە. تێپەڕین لە قۆناغی سۆز و حەماسەتی نەتەوەییەوە بۆ قۆناغی بونیادنانی دامەزراوەی نیشتمانی و دەوڵەتداری، پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جیددی و نەخشەڕێگایەکی زانستی هەیە. ئەم دۆسیەیە هەوڵێکی ئەکادیمی و هزرییە بۆ شرۆڤەکردنی چەمکی ”نەتەوەسازی“ لە هەرێمی کوردستان، کە تێیدا پێنج نووسەر و ئەکادیمیستی دیار لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تیشک دەخەنە سەر پایەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە و کاریگەریی دامەزراوە پەروەردەیی و زانکۆییەکان بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگە بەرەو ئینتیمایەکی گشتگیری نیشتمانی.

لە تێڕوانینێکی مێژوویی و فەرهەنگییەوە، د. نەجاتی عەبدوڵڵا لە بابەتەکەیدا قووڵ دەبێتەوە لە مێژوو و ئاسۆی هۆشیاریی نەتەوەیی لای کورد. ئەو شرۆڤەی ئەو کۆڵەکانە دەکات کە خۆناسینی نەتەوەییان لەسەر ڕادەوەستێت و ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان دەکات کە بوونەتە هۆی ئەوەی کورد هێشتا ناسیۆنالیزمێکی بێدەوڵەت بێت. وەک دەرچەیەکیش بۆ ئەم چەقبەستووییە، چارەسەر لە پەرەپێدانی فەرهەنگ و دروستکردنی نیشتمانێکی مەجازی لە جیهانی دیجیتاڵیدا دەبینێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم گەڕانە بەدوای ناسنامەدا، پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی لەسەر ئەرزی واقیع پێویستی بە هێزێکی بەرگریی یەکگرتووە، لێرەشەوە د. شێرکۆ کرمانج جەخت لەسەر ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە دەکاتەوە وەک هێمایەکی کۆکەرەوەی نەتەوەیی. دیدگای ئەو ڕوونە کە زامنی سەرەکیی پاراستنی قەوارەی هەرێم، بە نیشتمانیکردن و یەکخستنی تەواوەتی هێزی پێشمەرگە، داماڵینی لە هەژموونی حزبی، بونیادنانی عەقیدەیەکی سەربازیی نیشتمانی، و کۆتاییهێنان بە دیاردەی دووئیدارەیی دێتە دی.

لە پاڵ هێزی بەرگری و هۆشیاریی مێژووییدا، دامەزراوە ئەکادیمی و پەروەردەییەکان ڕۆڵی بڕبڕەی پشتی پرۆسەی نەتەوەسازی دەگێڕن. لەم ڕوانگەیەوە، پ. ی. د. نەجیبە ئیبراهیم ئەحمەد بە شرۆڤەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باس لە گرنگیی چاکسازییەکی بنەڕەتی دەکات لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا، بۆ ئەوەی ببنە کارگەی بەرهەمهێنانی ”هاووڵاتی“ نەک کادری حزبی. ئەو شیکارییەکی قووڵ دەکات بۆ ململانێی سەختی نێوان ناسنامەی حزبی و ناسنامەی نەتەوەیی، و جەخت لە گواستنەوە بۆ ”ناسنامەی بەرهەمهێنەر“ دەکاتەوە بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکان لە سەردەمی بەجیهانیبووندا. تەواوکەری ئەم تێڕوانینەش، بابەتەکەی د. ئەحمەد حەمەد ئەمینە کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی زانکۆ و وەرچەرخانی چەمکی نەتەوەسازی لە هەستێکی سۆزدارییەوە بۆ ئەقڵانییەتێکی ئەکادیمی. ئەو ڕەخنە لە پەراوێزخستنی زانستە مرۆییەکان دەگرێت و پێی وایە دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی نیشتمانی، داڕشتنی زمانی زانستیی ستاندارد، و سەربەخۆیی زانکۆکان، مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی ناوەندەکانی خوێندن ببنە بزوێنەری ڕاستەقینەی دروستکردنی نەتەوە.

لە درێژەی ئەم خوێندنەوە فرەڕەهەندەدا موحسین خالیدی (کاکەلاو) تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی پێشمەرگە وەک خوڵقێنەری یادەوەرییەکی مێژوویی هاوبەش و کۆڵەکەی سەرەکیی پرۆسەی نەتەوەسازی. ئەو لە بابەتەکەیدا پێشمەرگە نەک تەنها وەک هێزێکی بەرگری، بەڵکو وەک هێمایەک دەناسێنێت کە کۆمەڵگەی کوردی لە پەرتەوازەیی خێڵەکی و ناوچەییەوە بەرەو هۆشیارییەکی نەتەوەیی یەکگرتوو بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، خالیدی جەخت لەوە دەکاتەوە کە داهاتووی ئەم پڕۆژە نیشتمانییە لە گرەوی ئەوەدایە کە سەرمایەی سیمبولیی پێشمەرگە بەکاربهێنرێت بۆ گۆڕینی لە هێزێکی حزبییەوە بۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانیی گشتگیر و پرۆفیشناڵ.

ئەم دۆسیەیە لە کۆی گشتیدا پەیامێکی ڕوونمان پێدەدات: نەتەوەسازی پڕۆژەیەکی دامەزراوەیی و درێژخایەنە، نەک تەنها حەماسەتێکی کاتی یان گێڕانەوەیەکی مێژوویی. گەیشتن بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو و سەقامگیر پێویستی بە داماڵینی کایەی گشتی و سەربازییە لە دەسەڵاتی حزبی، نوێکردنەوەی مەنهەجەکانی خوێندن لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، و ئاشتکردنەوەی ناسنامەی کوردییە لەگەڵ بەها مۆدێرنەکانی جیهانی ئەمڕۆدا. تێڕوانین و شرۆڤەی ئەم پێنج توێژەرە، دەروازەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە لە کوێی ئەم مێژووەداین و دەبێت بەرەو کوێ هەنگاو بنێین.

# خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوەیی لای کورد

## چ مێژوو و ئاسۆیەك..؟

● د. نەجاتی عەبدوڵڵا



هەستی خۆناسینی هۆشیاریی نەتەوەیی (یان بە کورتی هۆشیاریی نەتەوەیی) ئەو هەست و نەستەیە کە گرووپەکان هەیانە و لەو ڕێگەیەوە خۆیان بە ئەندامی یەک نەتەوە یان یەک گەل دەناسنەوە. هەستی خۆناسین بە یەکجار و بە شەو و ڕۆژێک لەدایک نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی هێواش و بەرەبەرە دروست دەبێت و هۆکاری جۆراوجۆر بڕیار لەسەر خێرا لەدایکبوون یان هێواشبوون یان بگرە درەنگ لەدایکبوون و دواکەوتنی دەدەن. مەبەست لە هۆشیاریی نەتەوەیی ئەوە نییە بزانین کە ئێمە سەر بە چ وڵاتێکین، بەڵکو زیاتر ئەو هەستەیە کە ئێمە ناسنامە و چارەنووسی هاوبەشمان هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە؛ داخۆ ئێمە وەکو گەل کێین و ئەوە چییە کە لە (ئەوانی دیکە)مان جیادەکاتەوە..؟ ئەم پرسیارە بڕبڕەی پشتی خۆناسینی نەتەوەیە.

ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی هۆشیاریی نەتەوەیی بگەڕێینەوە لای کورد، ئەوا بێ دوودڵی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هۆشیاریی خۆناسینی نەتەوەییە لەناو کورد بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی لەگەڵ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی عوسمانی، لەناو دەستەیەکی زۆر بچووکی ڕووناکبیرانی ئاوارەی دەرەوەی کوردستان لە ئەوروپا و میسر لە دوادواییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا. بەڵام ئەم هەستی خۆناسینە پێشتر لەلایەن شەرەفخانی بدلیسی و دواتر لەلای مەلای جەزیری و زۆر بە دیاریکراویش لەلایەن ئەحمەدێ خانی و خانای قوبادی و حاجی قادری کۆیی زۆر بە زەقی هەبوون و بەدەر کەوتوون. دواتر ئەم هەستە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و زۆر بە دیاریکراویش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە دەرەوەی کوردستان و لەناو نوخبەیەکی زۆر بچووک کە بە پەنجە دەژمێردران دروست بوو، بەبێ ئەوەی ئەو هەستە تازە دروستبووە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی دیاریکراو و ئەرێنی لە ناوەوەی کوردستاندا هەبووبێت. دابڕانێکی زۆر بێهیواکەر لەناو دەستەی ڕووناکبیرانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردستان تا سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو. مەبەستمە لێرەدا ئەوە بڵێم کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم ماوەیەدا لە دەرەوەی ئەم هۆشیارییە ژیاوە کە ڕووناکبیرە تاکوتەراکانی لە هەندەران بۆی تێدەکۆشان. کورد وەکو گرووپ و وەکو ئیتنیی پارچەپارچە و پەرشوبڵاو بوو، تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی خەم و کێشەیەکی وای نەبووە بە ناوی (کێشەی ئازادی). هەر بۆیەشە ڕووناکبیرانی ئەو دەورانە زۆر هۆشیار بوون لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کورد لەو سەروبەندەدا نەک هۆشیاریی نەتەوەیی تێدا نەڕسکاوە، بەڵکو هێشتا زۆر دوورە لەو قۆناغە. بۆیە دەبینین هەموو دروشمەکانیان تەنیا لە دەوری چاکسازی و کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگەبان و خوێندندا بووە بە زمانی کوردی.

هۆشیاریی خۆناسینی نەتەوەیی لەسەر چوار کۆڵەکەی سەرەکی ڕادەوەستێت و دروست دەبێت:

- یەکەم: ناسنامەی هاوبەش. بەجۆرێک کە تاکەکانی لە سایەی یەک زمان و مێژووی سەرتاسەری و نەریتی هاوبەش خۆیان بناسنەوە، کە ئەمە وەکو هۆشیاریی فەرهەنگی، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی خۆناسینی نەتەوەیی پێکدەهێنێت.
- دووەم: یادەوەریی هاوبەش. هاوبەشبوونی تاکەکان لە هەموو ڕووداو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

> **هۆشیاریی خۆناسینی نەتەوەیی کورد بەداخەوە لە هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆ ئەوەندە ئاستەنگ و کۆسپی هاتووەتە سەر ڕێگە کە پێم وایە نموونەیەکی زۆر دەگمەنە لە مێژوودا**

و یادەوەرییە مێژووییەکان و هەستکردن بەوەی هەموو ئەمانە موڵکی هاوبەشی هەموو تاکەکانن و تایبەت نین بە هیچ ناوچە و دەڤەرێکی دیاریکراو.

- سێیەم: هەستی یەکبوون. هەستی خۆبوون و هەستکردن بەوەی کە ئەوان نەتەوەیەکی جیاوازن و لە (ئەوانی دیکە) جیاوازن.
- چوارەم: هۆشیاریی سیاسی. گردبوونەوە لەناو ڕێکخراوی سیاسی و سەربەخۆدا.

بە وردبوونەوە لەم چوار پایەی سەرەوە، ئەوەمان بە ڕوونی بۆ بەدیار دەکەوێت کە ئەم پایانە بەداخەوە لەناو کورد، یان لەناو (کوردەکان) کۆنەبوونەتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاستەنگی زۆریان هاتوتە پێش. بەشێکی بەهۆی جوگرافیای سروشتیی ناڵەبار و بەشێکیشی سیستمی نێودەوڵەتی زۆر بە زەقی جێپەنجەیان بە نەرێنی بەسەرییەوە جێهێشتووە. لە هەمووشی کارەساتبارتر ئەو پاشخانە مێژووییەیە کە کورد بە درێژایی مێژوو تێی کەوتووە و هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات. چاڵەکانی بەردەم نەخەملینی هۆشیاریی نەتەوەیی بریتین لە (نەخوێندەواری، عەشیرەتگەری، فرەدیالێکتی، نەبوونی یەک زمان بۆ هەمووان، فرەناسنامەی مەزهەبی و ئایینی، نەبوونی ڕێکخستنی سیاسی و پەرشوبڵاوی جوگرافی)، کە تا ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لەم ئاستەنگانە هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە و نەمانتوانیوە تێیان بپەڕێنین.

بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەوەی ئایا ئێمە هەر لە قۆناغی گەران بەدوای ناسنامەداین، بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە (بەڵێ)یە. بەداخەوە بە مانا (سیاسییەکە) ئێمە هێشتا نەتەوەیەکی بێناسنامەین، واتە تا ئێستا خاوەنی ناسیۆنالیزمێکی (بێنەتەوە)ین بە مانا سیاسییەکەی، نەک بە مانا مێژووییەکەی. هۆشیاریی خۆناسینی نەتەوەیی کورد بەداخەوە لە هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆ ئەوەندە ئاستەنگ و کۆسپی هاتووەتە سەر ڕێگە کە پێم وایە نموونەیەکی زۆر دەگمەنە لە مێژوودا؛ کە هەم قوربانی هۆکاری دەرەکی و هەم قوربانی هۆکاری ناوەکیی خۆیەتی، بەڵام وادیارە لەم حاڵەتەدا پشکی شێری ئاستەنگەکان یەخەی ناوخۆ دەگرێتەوە.

هۆشیاریی نەتەوەیی و خۆناسین دەشێت کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەبێت. لە کاریگەرییە باشەکانی ئەوەیە هەرێمەکانی وڵات یەکدەگرنەوە و بناغەی کاری هاوبەش دادەمەزرێنێت، پەرە بە پاراستنی فەرهەنگ و ئازادیی سیاسی دەدات. بەڵام هاوکات کاریگەریی خراپی خۆیشی هەر دەبێت، وەک پەراوێزخستنی (ئەوانی دیکە) دوای ئازادی. لە هەمووی کارەساتبارتر ئەوەیە ئەو هەستە پەل بهاوێژێت بۆ ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی توندڕەو، کە پەل بهاوێژێت بۆ ململانێ و دژایەتیکردنی (ئەوانی دیکە). لێرەوە دەشێت نەتەوەیەک بەرەو ڕاسیزم و دواجار بەرەو ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستیی کوێرانە ببات و چاوی تاکەکانی کوێر بکات. بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی کەمالیزم دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، و ئەکسیۆنی دەوڵەتی جوولەکە دوای ڕەشەکوژیی منداڵ و خەڵکی مەدەنیی فەلەستین بە گشتی.

بێگومان کورد میللەتێکی فرەناسنامەیە. دیارە ئەم ناسنامە زۆروزەوەندانە هێندە ناکۆک و دژبەیەک بوون کە دواجار هەموو هەوڵەکانی بۆ یەکناسنامەیی هەڵتەکاندووە و لەباری بردووە. ئەمڕۆ تاکە ڕێگە بۆ تێپەڕاندنی ئەم هەموو فرەناسنامەییە ئەوەیە پەرە بە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ (کەلتوور) بدەین، و ئەوە تەنیا فەرهەنگە کە بتوانێت فریامان بکەوێت. خاڵێکی دیکەی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ کورد ئەوەیە کە بتوانێت لە جیهانی دیجیتاڵدا بازێک بەسەر ئەو ئاستەنگە زۆرانەدا بدات کە لەوەتای بەرەبەیانی مێژووەوە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. ئەمە ڕەنگە تاقە شانسی ئەوە بێت لە کورد(ەکان)ەوە ببن بە (کورد)، ئەوەش بەو مەرجەی ئەگەر دەست بە فەرهەنگێکی ئینسانیی بەرزدا بگرن و کوردبوون لەناو ئەو جوغزە ئێتنییە دەربهێنن کە سەدەیەک زیاترە ڕووبارێک خوێنی بۆ ڕژاوە بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی ئاوای لێ چنیبێتەوە، جگە لە ماڵوێرانی و کاولکردنی دێهات و جەرگسووتانی دایک و باوکان.

بۆیە من پێم وایە دەبێت زۆر ژیرانە کار بۆ ئەوە بکرێت لە جیهانی دیجیتاڵدا وەکو سەدەکانی ناوەڕاست نەژین، و من دەرگەکانی تێپەڕاندنی ئەو فرەناسنامەییە تەنیا لە ڕێگەی فەرهەنگەوە دەبینم.

زمان و مێژوو دوو کۆڵەکەی سەرەکیی هۆشیاریی خۆناسینی نەتەوەیین، و بەبێ زمان و بەبێ مێژوو، هیچ نەتەوەیەک بوونی نییە. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، بەبێ زمانێکی یەکگرتوو و مێژوویەکی هاوبەش و سەرتاسەری هەر لەناو ئەم جوغزە بچووک و ناوچەییانەدا گیر دەخۆین کە سەدان ساڵە هەرکەسە و سەری خۆمان تێیدا کز کردووە و شەڕی ناوچەگەری و شارگەری و مەزهەبگەری و دیالێکتگەری و عەشیرەتگەری دەکەین. من تەنیا تاقە ئاسۆ بۆ دەربازبوون لەم چەقبەستوویی و داخرانەی ناسنامەی کورد لە جیهانی دیجیتاڵدا، لە پەنابردنە بەر فەرهەنگ دەبینمەوە. بەو مەرجەی کاری بۆ بکەین و وا بکەین لە ڕێگەی فەرهەنگەوە هەموو تاکەکانی نیشتمان بەیەکەوە ببەستینەوە، و هەر هیچ نەبێت بەرەو یەک مێژوو و یەک زمان و یەک ناسنامەی هاوبەش بڕۆین بۆ هەمووان کە هەموومان لەسەری کۆک بین، و ڕەنگە ئەوە تاقە فریادڕەسی ئێمە بێت. بۆیە من زۆر لەگەڵ ئەوەم هەر هیچ نەبێت با لە جیهانی دیجیتاڵ و مەجازیدا نیشتمانێک بۆ هەمووان دروست بکەین، دواتر دابەزینی ئەم نیشتمانە مەجازییە بۆ سەر ئەرزی واقیع زۆر ئاسان دەبێت ئەگەر بچووکترین دەرفەتی مێژوویی بێتە پێشەوە.

# پێشمەرگە؛ لە هێمای خۆناسیی نەتەوەییەوە بۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو

● د. شێرکۆ کرمانج



## پێشمەرگە وەك هێمای خۆناسیی نەتەوەیی و پرۆسەی یەکخستنی

«پێشمەرگە» زاراوەیەکە کە هەڵگری یەک دنیا مانایە لە زمانی کوردیدا. پێشمەرگە واتە گیانفیدایی، لەخۆبردوویی، خۆنەویستی، قوربانیدان، خۆتەرخانکردن، دڵسۆزی، تا دەگات بە ئازایی و قارەمانی. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئەم زاراوەیە نەک تەنیا وەک وشەیەکی تاک مانا، بەڵکو وەک چەمکێکی کۆکەرەوە بۆ نەتەوەیەک دێتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە. تا نسکۆی ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، لەبەرئەوەی تەنیا یەک هێزی سیاسی و سەربازی هەبوو، وشەی پێشمەرگە ئاماژە بوو بۆ بەرخۆدان، خۆڕاگری، ڕاپەڕین و بێداریی نەتەوەیەک کە لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندا بوو. مانەوە و بەردەوامیی نەتەوەکەش وابەستە کرابوو بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. بۆ نموونە، لە شوێنێک پێشمەرگە بوونی هەبووایە، دەیانگوت ئەو ناوچەیە ئازادکراوە، ئازادە، خەڵک تێیدا سەربەرز و سەروەرە. پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو؛ هەر شوێنێک لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەبووایە، وەک دەڤەری داگیرکراو، ستەملێکراو و خنکێنراو وەسف دەکرا و دەبینرا. ئەمەش وابەستەیی وشەی پێشمەرگە بە سەربەخۆیی، ڕزگاری و ئازادیی کورد و کوردستانەوە نیشان دەدات.

دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ١٩٧٦، سەرەڕای دروستبوونی حزب و بەرەی نوێ لە کوردستان و چەندین هێزی چەکدار، هیچ حزب و لایەنێکی کوردستانی جورئەتی ئەوەی نەکرد ناوی پێشمەرگە بگۆڕێت. ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە کوردستانییان چەند جیاواز بن لەڕووی ئایدیۆلۆجیاوە، کەچی وشەی پێشمەرگە کۆکەرەوەی کوردستانییانە لە هەر حزب و لایەنێک بن.

سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەی پێشمەرگە کۆکەرەوە بووە و کۆکەرەوەیە، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو، یان خاوەن قەوارە وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێم بەرجەستەیە، بوونی هێزێکی یەکگرتوو تاکە زامنی پاراستنی قەوارەکە و ڕزگاریی یەکجارەکییە. بوون یان دروستکردنی ئەو یەکێتییەش تەنیا بە دەرهێنانی هێزی پێشمەرگەیە لەژێر دەسەڵاتی حزب، کەس، لایەن و گرووپ، و یەکخستنییەتی لەژێر چەترێکی نیشتمانییدا. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، یەکەم هەنگاو نەک هەر دوورخستنەوەی حزبە لەناو هێزی پێشمەرگە، بەڵکو دەبێت بەتەواوەتی کاری حزبی لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا قەدەغە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بەشی هەرە زۆری ئەو ئەفسەرە پلە باڵایانەی پێشمەرگە خانەنشین بکرێن کە لەسەر بنەمای حزبیبوون پۆستەکانیان وەرگرتووە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دامەزراندن لە هێزی پێشمەرگەدا لەڕێگەی کەناڵە حکومییە ناحزبییەکانەوە بکرێت نەک لە ڕێگەی دامودەزگا حزبییەکانەوە، هەروەها دەرچووە نوێکانی هەردوو کۆلێژە سەربازییەکەی قەڵاچوالان و زاخۆ بهێنرێنە پێشەوە و لەلایەکی دیکەوە، یەکخستنی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ زەروورەتێکی حەتمییە و ئەمەش تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەم یەکانە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان دەبێت. سەبارەت بە لایەنی داراییش، دابینکردنی مووچەی هێزی پێشمەرگە دەبێت سەرچاوەکەی داهاتی کوردستان بێت؛ نابێت و ناکرێت مووچەی هێزی پێشمەرگە لە بەغدا یان لە واشنتن دابین بکرێت. ئەمە نەک هەر بۆ گێڕانەوەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەروەریی و بەکوردستانییکردنی هێزی پێشمەرگەیە، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە هیچ کەس و لایەنێک جڵەوی پێشمەرگەی لە دەست نەبێت، تەنانەت نزیکترین دۆستەکانیشمان. ئەگەر دابینکردنی مووچەی پێشمەرگە لە کوردستان و بە داهاتی کوردستانی نەبێت، هێزی پێشمەرگە دەکاتە داردەستی ئەوانی دیکە، یان دەیانکاتە بەکرێگیراو وەک ئەوەی سەرۆکێکی پێشووی ئەمریکا ناوە ناوە دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێت گوایە پێشمەرگە بۆ پارە شەڕیان کردووە. لە کۆتاییشدا، بۆ ڕاگرتنی شکۆی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانیی-کوردستانی، هەروەها بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان، ناکرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک مووچەکانیان دابکەوێت.

## بەکولتوورکردنی مێژووی نەبەردییەکانی پێشمەرگە بۆ نەوەی نوێ

ناساندنی هێزی پێشمەرگە بە نەوەی نوێ بە ڕاگرتنی شکۆی پێشمەرگە دەست پێ دەکات. قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ دەبێت ئاشنا بکرێن بە مێژوو و ڕۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی وڵاتەکەماندا. ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک میکانیزمەوە دەکرێت، لەوانە دروستکردنی مۆنۆمێنتی پێشمەرگە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بە شێوەیەک کە بەرزییەکەی لە باڵەخانەکانی دەوروبەری بەرزتر بێت و لە شوێنی شایستە و دیار و قەرەباڵغ دابنرێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە مۆزەخانەی نیشتمانیی پێشمەرگە لە هەولێر و مۆزەخانەی بچووک لە هەموو سەنتەری پارێزگاکانی کوردستان دروست بکرێن. بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە کاریگەرییان هەبێت، دەبێت سەردانیکردنی مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکان لەلایەن منداڵان و خوێندکارانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنەوە وەک ئەرکێکی خوێندنی سەپێنراو لە پرۆگرامەکاندا جێگیر بکرێت. لە پاڵ ئەمانەشدا، گرنگە ڕۆژێک لە ڕۆژمێری کوردستاندا بە فەرمی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری بکرێت، و کار بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و دراما بکرێت کە پێشمەرگە تیایاندا ڕۆڵ و کارەکتەری سەرەکی بێت. هەروەها وەک ڕێزلێنانێک بۆ ئەو ناوە، پێویستە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا گەڕەکێک و لە ناو هەموو گەڕەکێکیشدا کۆڵانێک بە ناوی پێشمەرگەوە بکرێت.

## عەقیدەی سەربازیی نیشتمانی و ڕۆڵی لە بونیادنانی ئینتیمادا

بۆ ئەوەی عەقیدەی سەربازیی نیشتمانیی-کوردستانی لە کوردستاندا بەهێز بکرێت و ئینتیمای نەتەوەیی لای تاکی پێشمەرگە لەسەرووی هەموو ئینتیمایەکی دیکەوە بێت، پێویستە کۆتایی بە دیاردەی دوو زۆنی بهێنرێت. لە ئێستادا کە کوردستان بەسەر دوو زۆن دابەش بووە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا کاتێک وەک هێزێکی نیشتمانیی تەماشا دەکرێت کە یەکبخرێت و لەژێر فەرماندەیی وەزارەتی پێشمەرگەدا ڕێکبخرێتەوە. بەڵام ئەمە بەبێ بنبڕکردنی دووزۆنی لە کوردستاندا مەحاڵە، بۆیە پێش ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، دەبێت هەموو ئاسەوارەکانی دووئیدارەیی و دووزۆنی بەتەواوی بنبڕ بکرێن، نەک هەر کەم بکرێنەوە. هەنگاوێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە خزمەتکردن لە هێزەکانی پێشمەرگەدا بکرێتە ناچاری، واتە هەموو تاکێکی کوردستان لە تەمەنی ١٨ساڵیدا، یان دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ماوەیەک لە هێزی پێشمەرگەدا خزمەت بکات. ئەگەر جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە لە ڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە زەحمەت بێت و پێویستی بە بڕیاری حکومەتی فیدراڵی هەبێت، ئەوا باشترە خزمەتکردن لە هێزی پێشمەرگە بکرێت بە تیروپشک و ئەو کەسانە هەڵبژێردرێن کە داخوازی بۆ دامەزراندن دەکەن. لەم حاڵەتەشدا، دەبێت مەرجی یەکسانییەکی ڕێژەیی لە ژمارەدا بپارێزرێت، بەو مانایەی کە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان پشکیان لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا هەبێت و هەموو ناوچەکان بە یەکسانی نوێنەرایەتییان تێدا بکرێت.



# دامەزراوە ئەکادیمییەکان و

## ڕەوتی «نەتەوەسازی» لە هەرێمی کوردستان

● پ. ی. د. نەجیبە ئیبراهیم ئەحمەد
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر



پرۆسەی "نەتەوەسازی" لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لە ئاڵۆزترین و گرنگترین پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی هاوچەرخی ناوچەکەدا. لێرەدا چەندین پرسیاری گرنگ دێنە ئاراوە؛ ئایا ئەم پرۆسەیە پێویستی بە چ چاکسازییەکی بنەڕەتی هەیە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا..؟ ئایا مەنهەجەکانی ئێمە نەتەوەسازن..؟ پەیوەندیی نێوان "حزبایەتی" و "نەتەوەسازی" لە ئەزموونی ئێمەدا چۆن دەبینرێت و ئایا ناسنامەی حزبی بووەتە ڕکابەری ناسنامەی نەتەوەیی؟ هەروەها لە جیهانی بەجیهانیبوون و سۆشیاڵ میدیادا، چۆن دەتوانین پارێزگاری لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان بکەین بێ ئەوەی لە جیهانی دەرەوە دابڕێین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قووڵانە، بابەتەکە بەپێی دیدگایەکی زانستیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، و پەروەردەیی بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەش دەکەین.

### یەکەم: چاکسازی لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا

دامەزراوەکانی خوێندن، چ پەروەردە بێت یان خوێندنی باڵا، بڕبڕەی پشتی هەر پرۆسەیەکی سەرکەوتووی نەتەوەسازییە، چونکە بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی "هاووڵاتی" و داڕشتنی هۆشیاریی گشتی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، چەند چاکسازییەکی بنەڕەتی لەم دامەزراوانەدا پێویستن. لە پێشینەی ئەم هەنگاوانە، جیاکردنەوەی دامەزراوەی خوێندنە لە ململانێ سیاسییەکان، بە جۆرێک زانکۆ و قوتابخانەکان لە مەیدانی جەمسەرگیریی حزبییەوە ببنە سەکۆی هاوڵاتیبوون و زانست. ئەمەش پێویستی بە پەیڕەوکردنی پێوەرەکانی لێهاتوویی و شایستەیی زانستییە لەجیاتی دڵسۆزیی حزبی لە دامەزراندن و پێدانی پۆستە ئەکادیمییەکاندا. لە پاڵ ئەمەشدا، یەکخستنی فەلسەفەی پەروەردە هەنگاوێکی حەتمییە، کە تێیدا خوێندن لە فەلسەفەیەکی ڕوونەوە سەرچاوە بگرێت و ئەو هاوڵاتییە کوردستانییە پێناسە بکات کە دەمانەوێت بنیادی بنێین؛ هاوڵاتییەک کە بڕوای بە سەروەریی یاسا، دیموکراسی، و فرەیی هەبێت. هەروەها پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیی هاوچەرخ و گواستنەوەی خوێندنی باڵا لە قۆناغی تەلقین و لەبەرکردنەوە بۆ توێژینەوەی جیددی لە کێشە پەیکەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان (وەک ئابووری، ناسنامە، ئاو، ژینگە)، هەستی بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی هاوبەش بەهێزتر دەکات.

سەبارەت بەوەی ئایا مەنهەجەکانی ئێستا "نەتەوەسازن"، وەڵامە زانستییەکە زیاتر بەرەو نەخێر لادەدات، چونکە ئەم مەنهەجانە ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبنەوە. زۆرجار مەنهەجەکان، بەتایبەت لە بوارەکانی مێژوو و ئەدەبدا، لەژێر کاریگەریی تێڕوانینی حزبی یان ناوچەیی جیاوازدان و گێڕانەوەیەکی لۆکاڵی پێشکەش دەکەن، لەجیاتی ئەوەی گێڕانەوەیەکی مێژوویی نیشتمانیی گشتگیر بخەنە ڕوو کە هەموو پێکهاتە و توێژەکانی کوردستان بە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە لەخۆبگرێت. هەروەها نەبوونی چەمکەکانی "هاوڵاتیبوونی دەستووری" گرفتێکی دیکەیە، کە تێیدا مەنهەجەکان زیاتر جەخت لەسەر عاتیفەی نەتەوەیی نەریتی وەک مەزڵومییەت و شۆڕش دەکەنەوە. هەرچەندە ئەمە بۆ جۆشدان گرنگە، بەڵام کەمکوڕیی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گەورەیان هەیە لە پەروەردەی مەدەنیی هاوچەرخدا کە ماف، سەروەریی یاسا، و قبوڵکردنی ئەویتر فێری خوێندکار بکات.

### دووەم: پەیوەندیی نێوان "حزبایەتی" و "نەتەوەسازی" لە ئەزموونی ئێمەدا

پەیوەندیی نێوان حزبایەتی و نەتەوەسازی لە ئەزموونی کوردستاندا، زۆرجار پەیوەندییەکی دژبەیەک و پێچەوانە بووە. لە قۆناغی پێش دروستبوونی قەوارەی سیاسی و لە سەردەمی شۆڕشدا، حزبەکان حەشارگە و پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی بوون. بەڵام دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی هەرێم، سنوورەکانی حزب لەگەڵ سنوورەکانی دامەزراوەی نیشتمانی و دەوڵەت تێکەڵ بوون. لەجیاتی ئەوەی حزب لەناو دامەزراوەکانی نەتەوەدا بتوێتەوە، زۆرجار هەوڵ دراوە دامەزراوەکانی نەتەوە لەناو چوارچێوەی حزبدا کۆبکرێنەوە.

ئەم دۆخە وایکردووە ناسنامەی حزبی تا ئاستێکی زۆر ببێتە ڕکابەری ناسنامەی نەتەوەیی. وەک لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا دەردەکەوێت، کاتێک دامەزراوەکانی دەوڵەت لاواز دەبن، تاکەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پەنا بۆ ناسنامە لاوەکییەکان دەبەن. لە هەرێمی کوردستاندا، ناسنامەی حزبی و ئەو ناوچەگەرێتییەی پێوەی گرێ دراوە، بووەتە ئامرازێک بۆ پاراستن و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری. دابەشبوونی ڕەمزی و دامەزراوەیی و شوێنەوارەکانی دووئیدارەیی، وایکردووە "ناسنامەی حزبیی ڕەق" لە بەرامبەر "ناسنامەی نیشتمانیی ناسک"دا دروست ببێت. ئەمەش وای لە هاوڵاتی کردووە وا هەست بکات کە ئینتیمای بۆ حزب مافەکانی زیاتر دەستەبەر دەکات وەک لە ئینتیمای بۆ نیشتمان، کە ئەمەش بێگومان گەورەترین کۆسپە لەبەردەم پرۆسەی نەتەوەسازیدا.

> "دامەزراوەکانی خوێندن، چ پەروەردە بێت یان خوێندنی باڵا، بڕبڕەی پشتی هەر پرۆسەیەکی سەرکەوتووی نەتەوەسازییە، چونکە بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی "هاووڵاتی" و دارشتنی هۆشیاریی گشتی"

### سێیەم: ناسنامەی نەتەوەیی لە جیهانی بەجیهانیبوون و سۆشیاڵ میدیادا

بەجیهانیبوون و فراوانبوونی سۆشیاڵ میدیا واقیعێکیان فەرز کردووە کە بە تەواوی سنوورە جوگرافییەکانی بەزاندووە، ئەمەش ناسنامە نەتەوەییە نەریتییە داخراوەکانی خستووەتە ژێر هەڕەشەی توانەوە یان شێواندن. بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاری لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان بکەین بەبێ ئەوەی لە جیهان دابڕێین، پێویستە چەند ستراتیژییەک بگرینەبەر. لەوانە، گواستنەوەیە لە"ناسنامەی بەرگریکار"ەوە بۆ "ناسنامەی بەرهەمهێنەر"، چونکە پاراستنی ناسنامە بە گریان بەسەر ڕابردوودا یان بە داخران بەدینایەت، بەڵکو بە بەرهەمهێنانی زانیاری و کولتوور بە زمانی کوردی دەبێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ سەردەمەکەدا. ئەمەش پێویستی بەوەیە کەلەپوور، مێژوو و ئەدەبی کوردی بە دیجیتاڵی بکرێن و بە زمانە جیاوازەکان بڵاوبکرێنەوە.

لە لایەکی ترەوە، پێویستە گوتاری نەتەوەیی مرۆڤدۆستانە و مۆدێرن بکرێت، بە جۆرێک پێشکەشکردنی ناسنامەی کوردستانی بە جیهان تەنها لە چوارچێوەی "کێشەی مەزڵوومییەت و سیاسەت"دا قەتیس نەکرێت، بەڵکو

> "پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی نەوەی نوێ"

وەک مۆدێلێکی کولتووریی دەوڵەمەند کە مۆسیقا، هونەر، لێبوردەیی ئایینی و پاراستنی ژینگە لەخۆدەگرێت، نیشان بدرێت. هەروەها، پەرەپێدانی ناوەڕۆکی زمانیی دیجیتاڵی ئەرکێکی بنەڕەتییە، چونکە زمان دەفر و قاڵبی نەتەوایەتییە. پێویستە پشتگیریی ناوەڕۆکی کوردی بکرێت لە فەزای دیجیتاڵی و ئامرازەکانی ژیریی دەستکرددا، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێت زانست و تەکنەلۆژیادا بەکاری بهێنێت. لە پاڵ ئەمانەشدا، پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی نەوەی نوێ دژی ئەو ڕوکەشبوونە کولتوورییەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنن، ئەمەش لە ڕێگەی فێرکردنی توانای ڕەخنەگرتن و جیاکردنەوەی بابەتەکان، تاوەکو بتوانن سوود لە پێشکەوتنی جیهانی وەربگرن و هاوکات بەها ڕەسەنەکانیشیان بپارێزن.

### دەرەنجام

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، پرۆسەی "نەتەوەسازی" لە هەرێمی کوردستاندا چیتر تەنها هەستێکی عاتیفی نییە بۆ ئینتیما، بەڵکو پرۆژەیەکی دامەزراوەییە. ئەم پرۆژەیە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی قۆرخکاریی حزبایەتی هەیە لە کایەی گشتیدا، لەگەڵ نوێکردنەوەی مەنهەجەکانی پەروەردە بۆ ئەوەی ببنە مەنهەجی هاوڵاتیبوون. هەروەها داوای تێکەڵبوونێکی هۆشمەندانە دەکات لەگەڵ بەجیهانیبووندا، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ناسنامەی کوردستانی وەک زیادکراوێکی شارستانی و مرۆیی بۆ جیهان، نەک وەک قەوارەیەکی دابڕاو و گۆشەگیر.

پێشمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

# ڕۆڵی زانکۆ لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا

## لە سۆزی نەتەوەییەوە بۆ ئەقڵی ئەکادیمی

● د. ئەحمەد حەمەد ئەمین



نەتەوەسازی یەکێکە لە ئاڵۆزترین و گرنگترین پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. لەم پرۆسەیەدا، ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووە بۆ دانیشتووانی جوگرافیایەکی دیاریکراو؛ بە جۆرێک کە ئینتیمای تاکەکان لە ئاستە لۆکاڵییەکانەوە، وەکو خێڵ، ئایین، مەزهەب یان ناوچەگەری، بەرزببێتەوە بۆ ئاستێکی گشتگیرتر کە ئەویش "نەتەوە" و "نیشتمان"ـە. ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی زمانێکی ستاندارد، مێژوویەکی هاوبەش، هێما نیشتمانییەکانی وەک ئاڵا، سروود و جەژنەکان و، لە هەمووی گرنگتر، سیستەمێکی پەروەردەیی یەکگرتوو دێتە دی.

### ڕەهەندە مێژووییەکانی نەتەوەسازی

چەمکی نەتەوەسازی چەمکێکی مۆدێرنە و ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە سەرهەڵدانی مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوە لە ئەوروپا. گەشەکردنی ئەم چەمکە بە چەند قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕیوە؛ سەرەتا شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ خاڵی وەرچەرخان بوو، کە تێیدا "گەل" وەک تاکە سەرچاوەی ڕەوایەتی و دەسەڵات ناسێندرا، نەک پاشا یان کەنیسە. دواتر سەدەی نۆزدەهەم بووە سەدەی زێڕینی ئەم پرۆسەیە و نەتەوەسازی لە ئەوروپا گەیشتە لوتکە، بەتایبەتی لە پرۆسەی یەکگرتنی ئیتاڵیا و دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا، کە تێیدا پەروەردە و زمان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا. پاشان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، چەمکەکە لە ئەکادیمیای ئەمریکی و ڕۆژئاواییدا زیاتر گەشەی سەند بە ئامانجی هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانەی ئاسیا و ئەفریقا کە تازە لەژێر چنگی کۆلۆنیالیزم ڕزگاریان ببوو، بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتی سەقامگیر و خاوەن دامەزراوەی نیشتمانی.

### نەتەوەسازی لە ئەکادیمیای جیهانی بەرانبەر ئەکادیمیای کوردی

لە زانکۆ پێشەنگەکانی جیهاندا وەک هارڤارد، ئۆکسفۆرد و کامبریج، نەتەوەسازی وەک بوارێکی فرەچەشن سەیر دەکرێت و لە بەشەکانی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوودا دەخوێندرێت. ئەم زانکۆیانە خاوەنی سەدان ناوەندی لێکۆڵینەوەن لەسەر ململانێ، پێکەوەژیان و گەشەپێدانی ناسنامە لە وڵاتە فرەپێکهاتەکانی وەک عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لە هەرێمی کوردستان دۆخەکە جیاوازە؛ ئەکادیمیای کوردی کاتێک مامەڵە لەگەڵ چەمکی نەتەوەسازی دەکات، زۆرجار لە چوارچێوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا قەتیسی دەکات. زۆربەی توێژینەوەکان تەرکیزیان لەسەر شۆڕشەکان، خەباتی چەکداری و ڕووداوە سیاسییەکانە، بە جۆرێک ئامانجەکە زیاتر گەیشتنە بە دەوڵەت و سەربەخۆیی فیزیکی، نەک بونیادنانی نەتەوە لە ناوەوە. بەمەش کارەکان زیاتر فۆرمێکی وەسفی و گێڕانەوەییان وەرگرتووە، لەجیاتی ئەوەی شیکاری، کۆمەڵایەتی و ستراتیژی بن، و زۆر کەم توێژینەوەی زانستی هەیە لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا، پرۆگرامی خوێندن، یان ئابووری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی تاکی کورد.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## هۆکارەکانی لاوازیی ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان لەم پرۆسەیەدا

بەداخەوە تا ئێستا زانکۆکانی کوردستان نەیانتوانیوە ببنە بزوێنەری سەرەکیی پرۆسەی نەتەوەسازی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی. یەکێک لە هۆکارە دیارەکان هەژموونی حزبی و سیاسییە، کە تێیدا کێبڕکێ و ململانێی حزبەکان شۆڕبووەتەوە بۆ ناو ناوەندە ئەکادیمییەکان، ئەم جەمسەرگیرییەش ڕێگر بووە لە دروستبوونی گوتارێکی نیشتمانیی یەکگرتوو کە هەمووان تێیدا کۆببنەوە. لە لایەکی ترەوە، نەبوونی ستراتیژی نیشتمانیی ئەکادیمی هۆکارێکی دیکەیە، چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان تا ئێستا خاوەنی پرۆژەیەکی گشتگیری نیشتمانی نین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە چارەنووسسازەی کە (چی ئێمە کۆدەکاتەوە؟). سەرباری ئەمانەش، پەراوێزخستنی زانستە مرۆییەکان کاریگەرییەکی نەرێنی گەورەی هەبووە؛ سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئێمە گرنگییەکی لەڕادەبەدەر بە بەشەکانی پزیشکی و ئەندازیاری دەدات، لە کاتێکدا ئەندازیار و پزیشک باڵەخانە و جەستە دروست دەکەن، بەڵام بونیادنانی ڕۆح و عەقڵی نەتەوە ئەرکی ڕاستەوخۆی بەشەکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دەروونناسی، زمان و مێژووە کە بەداخەوە ئێستا لە پەراوێزدان.

## نەخشەڕێگایەك بۆ ئەکادیمیای کوردی: چی بکرێت؟

بۆ ئەوەی زانکۆ لە بڵاوکارێکی سادەی زانیارییەوە ببێتە ناوەندی دروستکردنی نەتەوە، پێویستە چەند هەنگاوێکی ستراتیژی بنرێن. سەرەتا دەبێت ناوەندێکی توێژینەوەی نیشتمانی دابمەزرێنرێت کە پسپۆڕانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کۆبکاتەوە بە مەبەستی شیکردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم ناسنامەی کوردی، لێبوردەیی و پێکەوەژیان دوور لە دروشمبازی.

هەروەها پێویستە وانەیەکی تایبەت بە نەتەوەسازی و هاووڵاتیبوون بخرێتە ناو پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکانەوە، نەک تەنیا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو بۆ ناساندنی چەمکەکانی دەوڵەتداری، سەروەریی یاسا، و ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی. لە پاڵ ئەوەشدا، پێویستە زانکۆکان پێشەنگ بن لە داڕشتنی زمانێکی زانستی و ئەکادیمیی ستاندارد کە جیاوازییە دیالێکتییەکان تێپەڕێنێت، چونکە زمان کۆڵەکەی نەتەوەیە. بۆ بەدیهێنانی ئەمانەش، دەبێت ناوەندە ئەکادیمییەکان بە تەواوی سەربەخۆ بن و لە جەمسەرگیریی حزبی داماڵرێن بۆ ئەوەی ببنە سەکۆیەکی ئازاد بۆ دیالۆگی نیشتمانی. لە هەمووی گرنگتر، دەبێت درک بەوە بکرێت کە نەتەوەسازی تەنیا بە دروستکردنی سوپا و هێزی چەکدار ناکرێت، بەڵکو گەورەترین چەک مرۆڤی هۆشیارە، و ئەرکی زانکۆیە ئەو بەهایانە بچێنێت کە کۆمەڵگە بەهێز دەکەن، وەک لێبوردەیی، ڕێزگرتن لە فرەیی و دڵسۆزی بۆ خاک لەبری کەسەکان.

نەتەوەسازی لە کوردستان پێویستی بە وەرچەرخانێکی گەورە هەیە، کە بریتییە لە تێپەڕین لە هەستی سۆزداری و حەماسەتی نەتەوەییەوە بۆ ئەقڵانییەت و ستراتیژی ئەکادیمی. دروستکردنی وڵاتێک کە هەمووان تێیدا هەست بە کەرامەت و هاووڵاتیبوون بکەن، لە تاقیگە و هۆڵەکانی زانکۆوە دەست پێدەکات. گەر زانکۆ ئەم ئەرکە مێژووییە نەگرێتە ئەستۆ، پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە هەمیشە نیوەچڵ و لاواز دەمێنێتەوە.



شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و هاوەڵانی

# پێشمەرگە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا..

## لە سەنگەری بەرگرییەوە تا نەتەوەسازی

● موحسین خالیدی (کاکەلاو)



لەمێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، بە دەگمەن هێزێک بەقەدەر پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگی لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا گێڕابێت. پێشمەرگە تەنیا هێزێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو بووەتە سیمبولی بەرخۆدان و یادەوەریی کۆمەڵایەتی و ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد. لە زۆر سەردەمە مێژووییەکاندا کە پێکهاتە جیاوازەکان لە کوردستان، ڕووبەڕووی گوشاری دەوڵەتە ناوەندییەکان بوونەتەوە، ئەم هێزانە کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بوون.

دەستەواژەی پێشمەرگە لە یادەوەریی سیاسیی کوردا، چەمکێک زیاتر لە مانای خەباتکارێکی جەنگاوەر هەڵدەگرێت. لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا، پێشمەرگە نەک هەر بەرگرییان لە جوگرافیای کوردستان کردووە، بەڵکو لە بەهێزکردنی هەستی ئینتیمای نەتەوەیی و پێکهێنانی چیرۆکێکی مێژوویی هاوبەش لە کۆمەڵگەیەکدا بەشداربووە کە بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە و ئێستاش بەردەوام ڕووبەڕووی گوشاری سیاسی و ئەمنی دەبێتەوە. بوونی هێزێکی لەو شێوەیە بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی نەتەوەسازیی کورد یارمەتیدەر بووە و دەبێت.

لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، یەکێک لە توخمە بنچینەییەکان، بوونی سیمبولی هاوبەش و پاڵەوانی نەتەوەییە. پێشمەرگە لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. هەر لە خەباتی مێژوویی دژ بە ڕژێمە سەرکوتکەرەکانەوە تا بەرگری لە دژی گرووپی تیرۆریستیی داعش. وێنەی پێشمەرگە وەک "بەرگریکار لە بوونی نەتەوە" لە مێشکی کۆمەڵگەی کورددا چەسپێنراوە. ئەمەش وایکردووە پێشمەرگە نەک هەر بەشێک بێت لە هێزی سەربازی، بەڵکو ببێتە بەشێک لە ناسنامەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی کورد. لە کاتی شەڕی دژی داعش هێزەکانی پێشمەرگە توانیان سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ مەسەلەی کوردستان ڕابکێشن. بەرخۆدانیان لە ناوچەکانی وەک شەنگال و مەخموور و کەرکووک جگە لە گرنگییە سەربازییەکەی، شەرعییەتی سیاسیی هەرێمی کوردستانیشی بەهێزتر کرد. زۆرێک لە شیکەرەوەکان پێیان وایە ئەم ململانێیانە، کوردیان لە ئەکتەرێکی خۆماڵییەوە گۆڕیوە بۆ هاوبەشێکی ئەمنیی گرنگ لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا. ئەم وەرچەرخانانە ڕۆڵێکی گرنگی لەبەهێزکردنی متمانەی نەتەوەیی و پتەوکردنی دامودەزگا سیاسییەکانی کوردستاندا هەبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە، پێشمەرگە ڕۆڵی لە دارشتنی کەلتووری فیداکاری و بەرپرسیارێتی گشتی هەبووە. ژمارەیەکی زۆر بنەماڵە لە کوردستان، یادی شەهیدان و تێکۆشەران بە بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەزانن. هەر ئەم کەلتوورە بۆ پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بەها نەتەوەییەکان لە نێوان نەوەکاندا یارمەتیدەر بووە. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بنیاتنانی نەتەوە تەنها لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانەوە ڕوونادات. یادەوەریی هاوبەش و ئەزموونی بەرخۆدانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن و ئەمەش لە ئەزموونی کوردستاندا بەڕوونی دەبینرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە تەنیا بە پشت بەستن بە خەباتی چەکداری تەواو ناکرێت. ئەرکی گرنگی ئێستای هەرێمی کوردستان، گۆڕینی سەرمایەی سیمبۆلیکی پێشمەرگە بە بناغەیەک بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مەدەنییەکان و سەروەریی یاسا و یەکڕیزیی سیاسییە. ناکۆکی حزبی و پەرتەوازەیی لەناو پێکهاتەی سەربازی، هەندێک جار لەبەردەم پێکهێنانی هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو بەربەست بووە. زۆرێک لەچاودێران لەو بڕوایەدان کە ئایندەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستاندا، بەندە بە سەرکەوتن لە بە سەردەمیکردن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا.

پێشمەرگە دەتوانێت بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردستان دابنرێت. هێزێک کە لە چیاکان سەری هەڵدا و بەرگریی لە خاک کرد و بوو بە بەشێک لە یادەوەری مێژوویی نەتەوەیەک. ئەوان تەنها بۆ بەرگریکردن لە کوردستان شەڕیان نەکردووە، بەڵکو بۆ پاراستنی هیوا بۆ داهاتوویەکی هاوبەش قوربانیان داوە. ئایندەیەک کە گەلی کورد لەسەر ڕێڕەوی خۆی بەرەو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی بەردەوام بێت.

## پێشمەرگە و گۆڕینی خەبات بۆ هۆشیاری نەتەوەیی

یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی پێشمەرگە ئەوە بوو کە بەرخۆدانی هێزە پەرتەوازەکانی کوردی کرد بە هۆشیاریی نەتەوەیی ڕێکخراو. پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی مۆدێرنی کورد، کۆمەڵگەی کوردی بە زۆری لەسەر بنەمای پێکهاتەی خێڵەکی، ناوخۆیی و ناوچەیی پێناسە دەکرا. هەرچەندە تێکۆشانی پێشمەرگە بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا توانیویەتی ناسنامەیەکی گشتگیرتر دروست بکات کە سنووری خێڵەکی و ناوچەیی تێپەڕاندووە.

لە پراکتیکدا، پێشمەرگە چەمکی کوردستانی لە جوگرافیایەکی مێژووییەوە گۆڕی بۆ بیرۆکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی. بوونی هێزەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، شانبەشانی یەکتر، هەستی ئینتیمابوون بۆ چارەنووسی هاوبەشی بەهێزتر کرد، ئەمە بە ڕوونی لە کاتی خەباتی چەکداریی لە شاخ بەدی دەکرا کە تێیدا پێشمەرگە لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لە سەنگەرێکی هاوبەشدا شەڕیان دەکرد و ئەم پێکەوەژیانە، وردە وردە بناغەی ناسنامەی نەتەوەیی مۆدێرنی بەهێزکرد.

## پێشمەرگە و بەرهەمهێنانی یادەوەریی هاوبەش

هیچ پرۆسەیەکی بنیاتنانی نەتەوە بە بێ یادەوەریی هاوبەش بنیات نانرێت. نەتەوەکان بە زۆری لەسەر چیرۆکی

> ”هیچ پرۆسەیەکی بنیاتنانی نەتەوە بە بێ یادەوەریی هاوبەش بنیات نانرێت. نەتەوەکان بە زۆری لەسەر چیرۆکی هاوبەشی ئازار و بەرگری و قوربانیدان بنیات نراون. لە کوردستاندا پێشمەرگە یەکێك بووە لە خوڵقێنەرە سەرەکییەکانی ئەم یادەوەرییە مێژووییە“



شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

هاوبەشی ئازار و بەرگری و قوربانیدان بنیات نراون. لە کوردستاندا پێشمەرگە یەکێک بووە لە خوڵقێنەرە سەرەکییەکانی ئەم یادەوەرییە مێژووییە.

گێڕانەوەی ئۆپەراسیۆن و بیرەوەریی شاخ و چیرۆکی شەهیدان و بەرخۆدان لە دژی سەرکوتکردن، هەمووی بوونەتە بەشێک لە ئەدەبی نەتەوەیی کورد. شێعر، مۆسیقا، سینەما و ئەدەبی کوردیش کاریگەریی قووڵی ئەم کەلتووری بەرخۆدانەیان هەبووە، زۆرێک لە گۆرانی و کارە هونەرییەکانی کورد، پێشمەرگە نەک تەنها وەک خەباتکارێک، بەڵکو وەک بەرجەستەکردنی کەرامەتی نەتەوەیی نیشان دەدەن.

ئەم یادەوەرییە کۆمەڵایەتییانە وایان کرد، تەنانەت ئەو نەوانەی کە ئەزموونی شەڕیان نەکردووە، پەیوەندییان بە چەمکی خەباتی نەتەوەییەوە هەبێت. لە ڕاستیدا پێشمەرگە لە گواستنەوەی خەبات لە گۆڕەپانی شەڕەوە بۆ بواری کەلتووریی گشتی سەرکەوتوو بووە.

## ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەرعییەتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا

لەدوای ساڵی 1991 و دامەزراندنی پێکهاتەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگی لە پتەوکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم هەبووە، ئەوەش لە دۆخێکدا کە عێراقی دوای سەدام دەچووە قۆناغێکی ناسەقامگیری و قەیرانەوە، بوونی پێشمەرگە ڕێگری لە داڕمانی ئاسایشی کوردستان کرد و توانییەتی دامودەزگاکانی جێبەجێکردن و پەرلەمان و پێکهاتەی کارگێڕی بپارێزێت.

لەڕاستیدا ئەو ئاسایشەی پێشمەرگە ڕەخساندوویەتی، زەمینەی بۆ گەشەپێدانی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان هێنایەئاراوە. زۆرێک لە وەبەرهێنانە بەرچاوەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم، بە بێ بوونی سەقامگیریی ئەمنی بە ئەنجام نەدەگەیشتن. لەم ڕوانگەیەوە، پێشمەرگە نەک هەر پاسەوانی سنوورەکان بوو، بەڵکو بووە بەشێک لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت.

شەڕی دژ بە داعش؛ خاڵی وەرچەرخانێک لە پێناسەکردنەوەی پێگەی پێشمەرگە

سەرهەڵدانی داعش یەکێک بوو لە هەستیارترین ساتەکانی مێژووی هاوچەرخی هەرێمی کوردستان. لە کاتێکدا بەشێک لە عێراق کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی داعش، هێزەکانی پێشمەرگە وەک یەکێک لە کاریگەرترین هێزە زەمینییەکان لە دژی ئەو تیرۆریستانە دەرکەوتن. ئەم بابەتە پێگەی ئەوانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕی.

میدیاکانی جیهان پێشمەرگەیان وەک سیمبولی بەرخۆدانی دژی توندڕەوی ناساند. پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، تەنیا هاوکاریی سەربازی نەبوو، بەڵکو جۆرێک بوو لە دانپێدانانێکی سیاسی بە ڕۆڵی کورد لە هاوکێشە ئیقلیمییەکاندا. ئەم وەرچەرخانە هەستی شانازیی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەهێزتر کرد و وێنەی کوردی لە هزری گشتیی جیهاندا گۆڕی.

چالێنجەکانی داهاتوو.. لە هێزی حزبییەوە بۆ دامەزراوەیەکی نەتەوەیی

سەرەڕای ڕۆڵی مێژوویی پێشمەرگە و هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێشتا پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. گرنگترین تەحەدا مەسەلەی یەکخستنی پێکهاتەی سەربازی و دوورخستنەوەی لە دابەشبوونی حزبییە. زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە، گۆڕینی تەواوەتی پێشمەرگە بۆ هێزێکی نیشتمانیی پرۆفیشناڵ، دەتوانێت قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستاندا بخوڵقێنێت.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە سەرمایەی سیمبولیی پێشمەرگە بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و سەروەریی یاسا و یەکڕیزیی ناوخۆیی هەیە. بنیاتنانی نەتەوەی مۆدێرن تەنها لە ڕێگەی چەکەوە بەدەست نایەت، بەڵکو پشت بە بنیاتنانی دامەزراوە، گەشەی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. لەم چوارچێوەیەدا، داهاتووی پێشمەرگە تەنیا لە گۆڕەپانی جەنگ پێناسە ناکرێت، بەڵکو لە توانای ئەوەدا بەدی دێت کە بتوانێت ببێتە دەزگایەکی نیشتمانیی گشتگیر و پرۆفیشناڵ، دەزگایەک کە هەم بتوانێت ئاسایش بپارێزێت و هەم ببێتە بەشێک لە پرۆژەی مێژوویی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەنگی حکومەت و متمانەی هاووڵاتی

## ستراتیژی نوێی ڕاگەیاندنی فەرمی لە هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی: عەمید ستار عەبدولکەریم

ڕاگەیاندنی فەرمی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا تەنیا کەرەستەیەکی سادەی گەیاندنی دەنگوباس نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی گرنگی کەرتی گشتی و کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ دروستکردنی متمانە و ئاراستەکردنی ڕای گشتی. بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکان و خەڵک پێویستی بەوەیە قۆناغی ئەزموونگەری تێپەڕێنین و بگەینە ئاستی بەڕێوەبردنی پرۆفیشناڵانەی میدیایی لەسەر بنەمای زانستی، کە مەرجی سەرەکی تێیدا ڕاستگۆییە لە ناوەڕۆک و ڕوونییە لە پەیامدا. ئەم ڕاگەیاندنە مینبەرێکە توانای کۆکردنەوەی دەنگی هەموو دامەزراوەکانی هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست و شوێنی خۆیدا ئاراستەیان بکات. لەم چوارچێوەیەدا و بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە، ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA) لە ڕۆژانی ٢٤، ٢٥ و ٢٦ی حوزەیران، وۆرکشۆپێکی سێ ڕۆژەی بۆ تەواوی بەرپرسانی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخست، کە تێیدا تیشک خرایە سەر چەندین ڕەهەندی گرنگی میدیای فەرمی.

### ئامانجی ڕاگەیاندنی فەرمی

حکومەت و دامەزراوەکانی، دەزگای خزمەتگوزارین بۆ خەڵک و شەرعیەتی خۆیان لە نوێنەرایەتی هاووڵاتییانەوە وەردەگرن. ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری بە ئاستێکی پێشکەوتوو و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بەڕێوە ببرێن. لێرەدا، ڕاگەیاندنی فەرمی دەبێتە ئەو ئامرازەی کە حکومەت لە ڕێگەیەوە بەردەوام وەڵامی ڕاست و دروستی هاووڵاتی دەداتەوە و پێداویستییەکانیان لەخۆ دەگرێت، هاوکات گەیەنەری ئەو ئەرکانەیە کە لە پەرلەمانەوە شەرعیەتیان وەرگرتووە و دەیگەیەنێتە کۆمەڵگە.

### میدیای فەرمی وەك میدیای هۆشیاری

زۆربەی دامەزراوەکانی حکومەت کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، هێندەی پێویستیان بە کاری کردارییە، هێندەش پێویستیان بە بڵاوکردنەوەی پەیامی هۆشیارییە بۆ هاووڵاتییان، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکیی میدیای فەرمییە. بۆ نموونە، لە ڕووی تەندروستییەوە ئەم میدیایە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان کە مەترسی لەسەر وڵات و جیهان دروست دەکەن. لە ڕووی ژینگەییشەوە، پاراستنی سروشت تەنیا بە کاری کرداری ناکرێت، بەڵکو میدیای فەرمی هۆشیاریی پێویست دەداتە هاووڵاتییان بۆ پاراستنی ژینگە بەپێی وەرزەکان. هەروەها لە پرسی هاتووچۆ و پابەندبوون بە یاساکان، سزاکانی حکومەت بە تەنیا چارەسەر نین، بەڵکو هۆشیارکردنەوەی بەردەوامە کە خەڵک پابەند دەکات. لەمەوە دەردەکەوێت کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی فەرمی لە ئاستی هۆشیاریدا یەکێکە لە گرنگترین دەزگاکان، بەتایبەت کە زۆرجار میدیای ئەهلی زیاتر ڕۆڵی چاودێر دەبینێت نەک بڵاوکەرەوەی هۆشیاریی گشتی.

### دروستکردنی متمانە

کاتێک ڕاگەیاندن دەبێتە زمانحاڵی ڕاستگۆیانەی حکومەت، پشت بە بەڵگە، داتا و ژمارەکان دەبەستێت و لە زمانی سۆزداری و دروشمی بریقەدار دوور دەکەوێتەوە، ئەو کاتە دەبێتە پردێکی بەهێزی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و بەرپرسان. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا، هاووڵاتی چاوەڕێیە حکومەت کێشەکان و چارەسەرەکان وەک خۆی بڵاو بکاتەوە. بۆیە نابێت لە هیچ کاتێکدا ڕاگەیاندنی حکومەت ڕۆڵی چەواشەکارانە ببینێت، و هەر ئەمەش وایکردووە بەرپرسانی ڕاگەیاندن لەناو دامەزراوەکاندا ڕۆڵی ڕاوێژکارانە بۆ وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ببینن بۆ پاراستنی ئەم متمانەیە.

### گواستنەوەی زانیاری و ئاسایشی نەتەوەیی

دامەزراوەکانی حکومەت چوارچێوەدارن و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە زانیاری دەدەنە خەڵک و کەناڵە مەدەنییەکان. گواستنەوەی ئەم زانیارییانە هەڕەمەکی نییە، بەڵکو دەبێت لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ وەستابێت؛ وەک پشت بەستن بە داتا و ژمارە، ڕوونی و ڕاستگۆیی، هەبوونی بنەمای یاسایی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی و پێویستیی زانیارییەکە. ئەم بنەمایانە دەبێت لە خزمەتی سیاسەتی گشتیی حکومەتدا بن و ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزن، بەتایبەتی بۆ ئەو دامەزراوانەی پەیوەندییان بە لایەنی ئەمنییەوە هەیە و خودی پاراستنی زانیارییەکە تێیاندا بەپێی یاسا ڕێکخراوە.

### میدیای فەرمی و سۆشیاڵ میدیا

یەکێک لەو ئاستەنگە گەورانەی ڕووبەڕووی ئەم کەرتە دەبێتەوە، دروستبوونی فرەمینبەری و پەڕەی نافەرمییە لە دەرەوەی میدیای فەرمیی



حکومەت. زۆرجار لەسەر خواستی کەسی، چەندین پەیج و ئەکاونت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەناوی دامودەزگاکانەوە دروست دەکرێن بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی یاساییان هەبێت. ئەم دیاردەیە مەترسیدارە، چونکە بێ متمانەیی لای خوێنەر دروست دەکات، هەروەها دەرگا بۆ خەڵکانێک دەکاتەوە ناوی دەزگاکان بۆ کۆکردنەوەی لایک و مەرامی بازرگانی و کەسی بەکاربهێنن، کە زۆرجار دەگاتە ئاستی توانج و سووکایەتی و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکان. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە، فەرمانگەی میدیا و زانیاری بەردەوام داوا لە وەزارەتەکان دەکات ڕێگە بەم کارە نەدەن و هاوکات لەگەڵ کۆمپانیای (مێتا) کار دەکات بۆ ناساندنی پەڕە فەرمییەکان. وەک هەنگاوێکی کرداریش، وەزارەتی پێشمەرگە بە بڕیارێکی فەرمی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیای بەناوی یەکە سەربازییەکانەوە قەدەغە کردووە، چونکە دژی پرەنسیپە سەربازییەکانە.

## پاراستنی پەیامە نیشتمانییەکان

لە کۆتاییدا، میدیای فەرمی ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە بۆ گەیاندنی پەیامە نیشتمانییەکان، نوێکردنەوەی بیری نەتەوەیی و ڕێزگرتن لەو سیمبول و دامەزراوانەی کەرتی گشتی کە بە قوربانیدان و خوێنی شەهیدان بەرهەم هاتوون. لەبەر ئەم هۆکارە، نابێت ڕێگە بدرێت هیچ کەس و لایەنێک بەناوی دەزگا فەرمییەکانەوە زانیاریی نافەرمی بە گوێی هاوولاتییاندا بدات. بۆ پاراستنی سەروەری ئەم دامەزراوانە و دروستکردنی خۆشەویستی لای خەڵک، پێویستە هەماهەنگییەکی بەهێز لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردندا هەبێت، کە تێیدا وەزارەتی ڕۆشنبیری دەتوانێت لەڕێگەی کەناڵەکانییەوە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت بۆ بنبڕکردنی دیاردە چەواشەکارییەکان و بەهێزکردنی پایەکانی میدیایەکی فەرمیی تەندروست.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

شەهید

# شەهید عەقید نەریمان دۆشکە

## جوامێرێکی خاکی و وێنەیەك لە خۆڕاگری

ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

لە لاپەڕەکانی مێژووی پێشمەرگایەتی گەلی کورددا، ناوگەلێک هەن کە تەنها وەک جەنگاوەرێکی ئاسایی تێناپەڕن، بەڵکو دەبنە سیمبولی قۆناغێکی نەتەوەیی و وانەیەکی زیندوو بۆ بەرگری. شەهیدی فەرماندە، عەقید نەریمان مەولود محەمەد، کە لەناو سەنگەرەکاندا بە «نەریمان دۆشکە» ناوی دەهێنرا، یەکێکە لەو سەرکردە مەیدانییانەی کە ژیانی خۆی کردە پەیامێکی نەبڕاوە بۆ پاراستنی نیشتمان، و بە خوێنی خۆیشی مۆری ڕاستگۆیی لەسەر مێژووی خەباتی پێشمەرگەدا.

### شۆڕش و قۆناغی خەباتی نهێنی

لە ١ی تەمموزی ١٩٦٩، لە گوندی «سماق شیرین»ـی سەر بە قەزای کۆیە کە بە لانکەی خۆڕاگری ناسراوە، نەریمان لەناو خێزانێکی نیشتمانپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵهێنا. دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر، هەستی بەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە کرد کە دەکەوێتە سەر شانی گەنجانی نەتەوەکەی. لە ساڵی ١٩٨٧، لە سەردەمێکدا کە ڕژێمی بەعس لەوپەڕی درندەییدا بوو، پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. وەک کادرێکی دڵسۆز و نهێنیپارێز لە ناو جەرگەی شاری هەولێر دەستی بە خەبات کرد، و لەسەر ئەم باوەڕە نەگۆڕەشی، بۆ ماوەی ٧ مانگ وەک زیندانیی سیاسی ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەی زیندانەکانی ڕژێم بووەوە، بەڵام ئەمە تەنها ئیرادەی زیاتر پۆڵاین کرد.

### ڕاپەڕین و وەرچەرخانی خەباتی چەکداری

بەهاری ساڵی ١٩٩١، زەنگی ئازادی بۆ گەلی کورد لێیدا. نەریمان مەولود یەکێک بوو لەو شۆڕشگێڕانەی لە هێڵی پێشەوەی ڕاپەڕیندا بوو. ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەری گێڕا لە ڕزگارکردنی شارەکانی هەولێر و کەرکوک. هەر لەو ساڵەدا، تواناکانی سەرکردایەتیکردنی دەرکەوت و بووە فەرماندەی مەفرەزە لە بەرەی کوردستانی لە بازگەی کەڵەک. ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی فەرماندەیەک بوو کە دواتر دەبووە قەڵغانێک بۆ نەتەوەکەی.

### دامەزراندنی حکومەت و بونیادنانی هێزی پێشمەرگە

لەگەڵ دروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شەهید نەریمان لە ئاسایشی هەولێر دەستبەکار بوو بۆ چەسپاندنی ئاسایشی ناوخۆیی. پاشان، دەچێتە ناو ڕیزەکانی لەشکری ئامادەی هەولێر. توانا سەربازییەکانی وایکرد لە ساڵی ١٩٩٧ ببێتە فەرماندەی تیپ لە فەرماندەیی دووی هەولێر.

بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی زانستی سەربازیی خۆی، لە ساڵی ١٩٩٨ بەشداری لە خولی دووەمی فەرماندەیی ئەفسەران لە قەڵاچوالان کرد و بە پلەی «مولازم» دەرچوو. قۆناغ بە قۆناغ پلە سەربازییەکانی بڕی تا گەیشتە پلەی عەقید.

### لێهاتوویی لە مەیدانی جەنگدا

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩، وەک ئەفسەرێکی لێهاتوو لە کەتیبەی ڕەشاشات خزمەتی کرد، کە ئەمەش شارەزاییەکی بێهاوتای لە بەکارهێنانی چەکی قورسدا پێبەخشی. دواتر گوازرایەوە بۆ لیوای ٣ی تایبەتی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، و بووە فەرماندەی فەوجی دووی لیوای ٣ی تایبەت. لە ماوەی خەباتی



پێشمەرگایەتیدا، بەهۆی بوێری و هەمیشە ئامادەیی لە سەنگەرەکانی پێشەوە، ٥ جار بریندار بووە، بەڵام هیچ برینێک نەیتوانی لە بیروباوەڕی بەرگریکردن ساردی بکاتەوە.

### جەنگی تیرۆر و داستانێکی نەمر

کاتێک درندەترین هێزی تیرۆریستی سەردەم (داعش) پەلاماری خاکی کوردستانی دا، پێشمەرگە بووە تاکە هێزی تێکشکێنەری ئەو ئەفسانە ڕەشە. لەو دەمەدا، شەهید نەریمان بە دۆشکەکەیەوە بووە مۆتەکە بۆ چەتەکانی داعش. لە شەڕی دەستەویەخەدا باوەڕی وابوو کە: «شەهیدبوون شەرەفە، نەک بەدەستەوەدانی خاکێک کە سەدان ساڵە گەلی کورد خەونی پێوە دەبینێت.»

بەداخەوە، لە ڕێکەوتی ٣٠ی ١ی ٢٠١٥، لە میحوەری تەللوەرد لە سنووری کەرکوک، لە داستانێکی قارەمانانەدا گیانی پاکی بەخشییە نیشتمان و گەیشتە کاروانی نەمران. شەهیدبوونی فەرماندەیەکی ئازا و بەجەرگی وەک نەریمان کاریگەرییەکی قوڵی دروستکرد.

شەهید نەریمان مەولود، کە ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، لە دوای خۆی سێ کوڕی بە ناوەکانی (فەرمان، هەڵۆ، دابان) وەک میراتێکی نیشتمانی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە. ئەمڕۆ، ناوی ئەو لەناو لاپەڕەکانی گۆڤاری پێشمەرگە و لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا وەک سەمبولی فیداکاری و مانەوە دەدرەوشێتەوە، و دەیسەلمێنێت کە خاکی کوردستان بە خوێنی ئەم جۆرە جوامێرانە پارێزراوە.

شەهیدی زیندوو

# عەتا ئەحمەد ساڵح فەرەج؛

## پیاوێك دووجار مەرگی بەزاند بۆ ئەوەی نیشتمان بە ئازادی بمێنێتەوە

ئامادەکردنی: هیوا فاتیح محەمەد



لە مێژووی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، زۆر کەس هەن کە ناویان لە تۆماری شەهیداندا نییە، بەڵام ژیانیان بەتەواوی بۆ خزمەت و پاراستنی نیشتمان تەرخان کردووە. ئەوانەی لە گەرمەی شەڕدا بە سەختی بریندار بوون، بەڵام بە هەمان ورە و ئیرادەوە لەسەر پەیمانەکەیان ماونەتەوە، لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بە «شەهیدی زیندوو» دەناسرێن. یەکێک لەو قارەمانانە عەتا ئەحمەد ساڵح فەرەجە؛ پێشمەرگەیەک کە چیرۆکی ژیانی پڕە لە ئازایەتی، دڵسۆزی و خۆبەختکردن.

### سێ دەیە لە خزمەت و بەخشین

عەتا ئەحمەد ساڵح، پێشمەرگە لە لیوای (٥)ی پیادە، باوکی سێ منداڵە و لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووە. لە ماوەی نزیکەی سێ دەیە خزمەتدا، بەشداری لە چەندین قۆناغی چارەنووسسازدا کردووە؛ لەوانە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و تێکشکاندنی ڕژێمی دکتاتۆر. دواتریش کاتێک ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هەڕەشەی لە کوردستان و ناوچەکە کرد، بێ دوودڵی چەکی هەڵگرتەوە و چووە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ. بۆ ئەو، پێشمەرگایەتی تەنیا پیشەیەک نەبووە، بەڵکوو باوەڕێکی قووڵ بووە کە بە گیان و دڵ پەیڕەوی لێ کردووە.

### باجی پاراستنی نیشتمان: دووجار بریندار بوون

ئەم خەباتە بێ قوربانی نەبووە، عەتا لە پێناو پاراستنی خاکدا، دووجار لە سەختترین بەرەکانی جەنگدا بە سەختی بریندار بووە. یەکەم برینداربوونی لە ٢٣ی تەشرینی دووەمی ٢٠١٤ بوو، کاتێک لە قورسترین ڕۆژەکانی شەڕی دژی داعش لە بەرەی گوڵاڵە (جەلەولا)، فیشەکێک بەر ڕانی کەوت. سەرباری قورسیی برینەکەی و دوای وەرگرتنی چارەسەر، ورەی نەشکا و بۆ بەردەوام بوون لە ئەرکەکەی جارێکی دیکە گەڕایەوە ناو هاوسەنگەرەکانی. دوای حەوت ساڵ لەو ڕووداوە، لە ٢٧ی ئابی ٢٠٢١دا و لە ناوچەی کوڵەجۆ لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی سەربازیدا، جارێکی دیکە فیشەکێک بەر قۆڵی کەوت. ئەم جارەش ئازاری جەستەیی نەیتوانی ویستی تێکبشکێنێت و خۆشەویستیی بۆ نیشتمان لە هەموو ئازارێک بەهێزتر بوو.

### پشتیوانیی خێزان و پێگەی مەعنەوی

لە پشت ئەم ژیانە پڕ لە تێکۆشانەوە، خێزانێک هەیە کە هاوشانی ئەو بارگرانیی بەرگرییان هەڵگرتووە. هاوسەر و سێ منداڵەکەی ساڵانێکی زۆریان بە چاوەڕوانی و نیگەرانی تێپەڕاندووە، بەڵام هەمیشە شانازییان بەوەوە کردووە کە سەرپەرشتیاری خێزانەکەیان قەڵغانێکە بۆ نیشتمان. بۆ هاوڕێکانیشی، عەتا تەنیا پێشمەرگەیەک نییە، بەڵکوو نموونەی زیندووی ورە و خۆڕاگرییە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پێشمەرگایەتی واتە ئامادەبوون بۆ قوربانیدان.

### پەیام و داواکارییەک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە

لە ڕێگەی "گۆڤاری پێشمەرگە"ـوە، عەتا ئەحمەد ساڵح داواکارییەکی ئاراستەی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە کردووە. داوا دەکات دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ خزمەت و دووجار برینداربوون لە بەرەکانی جەنگدا، بە چاوێکی بایەخپێدانەوە بڕواننە دۆسیەکەی. ئەو داواکارە پلەی «کەمئەندام»ـی بۆ دیاری بکرێت و ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکانی پەیوەست بە دۆسیەی برینداربوونەکەی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت جێبەجێ بکرێن. بە بڕوای ئەو، ئەم داواکارییە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی مافێکی کەسی نییە، بەڵکوو هەنگاوێکە بۆ بەهادانان بە قوربانی و تێکۆشانی ئەو پێشمەرگانەی کە ساڵانی ژیان و تەندروستیی خۆیان لە پێناو پاراستنی خاک و ئاڵای کوردستاندا بەخشیوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## چیرۆکی سەرکەوتووەکان

# لە ئاوارەییەوە بۆ لووتکەی سەربازی.. چیرۆکی ئەفسەرێکی پێشمەرگە لە کۆلێژی سەربازیی ئەڵمانیادا

● ئامادەکردنی: بارزان ڕزگار

سەرکەوتنی ڕاستەقینە دیارییەک نییە بە ڕێکەوت ببەخشرێت، بەڵکو دەستکەوتێکە لە ناو جەرگەی سەختی ژیان و بەرەنگاربوونەوەدا لەدایک دەبێت. ئەمە چیرۆکی ژیانی گەنجێکی کوردە کە لە کۆچ و ئاوارەیی زۆرەملێی سەردەمی بەعسەوە، گەیشتە نێو هۆڵە سەربازییە توندوتۆڵەکانی وڵاتی ئەڵمانیا. ئەم چیرۆکە تیشک دەخاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی هێرش حەمەساڵح، ئەو ئەفسەرەی پێشمەرگەیەی کە بە ئیرادەیەکی بەرزەوە توانی ناوی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرز ڕابگرێت.

### قۆناغەکانی سەرەتا، ئاوارەیی و کۆڵنەدان لە پەروەردەدا

چیرۆکی ئەم ئەفسەرە لە ساڵی ١٩٨٩ لە قەزای دوکانەوە دەست پێدەکات. هێرش لە خێزانێکی نیشتمانپەروەردا گەورە بووە؛ باوکی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بووە و سێ براشی لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا خزمەتیان کردووە. ئەم ژینگەیە هەستی بەرپرسیارییەتی و کوردایەتی لە ناخیدا چاند.

سەربردەی ژیانی ئەم خێزانە ئەوەیە بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕاگواستنی ڕژێمی بەعس بوونەتەوە. سەرەڕای سەختییەکانی ئاوارەیی، هێرش وازی لە خوێندن نەهێنا و لە ساڵی ٢٠١٣ توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەدەست بهێنێت.

### سوێندی وەفاداری لە زانکۆوە بۆ بەرەکانی جەنگ

پێش سەرهەڵدانی شەپۆلی تاریکپەرستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، هێرش بڕیار دەدات درێژە بە ڕێبازی خێزانەکەی بدات و پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانـەوە دەکات. سەرەتا لە بەڕێوەبەرایەتیی میرەی گشتی لە وەزارەتی پێشمەرگە وەک پێشمەرگە دەستبەکار دەبێت.

لە سەردەمی شەڕی داعشدا، هێزی پێشمەرگە، توانیان نەخشەی سەرکەوتنێکی مێژوویی بکێشن. ئەم قارەمانێتییە وای کرد هێزەکانی هاوپەیمانان پێشمەرگە وەک پارێزەری سەقامگیریی جیهانی ببینن، ئەمەش دەرگای پەیوەندییە سەربازییە قووڵەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کردەوە.

### وێستگەی ئەڵمانیا، تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆ نوێنەرایەتیکردنی نیشتمان

لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە، دەرفەتێکی دەگمەن بۆ بەشداریکردن لە بەرزترین خولی کۆلێژی سەربازیی ئەڵمانیا ڕەخسا. ساڵانە تەنها دوو کەس مافی کاندیدبوونیان هەبوو، هێرش یەکێک بوو لەو کاندیدە دیاریکراوانە.

مەرجەکانی وەرگرتن لەلایەن سوپای ئەڵمانیا و ناتۆوە زۆر توند بوون، کە پێکهاتبوون لە:

- پاکیی تەواوی تۆماری تاوانکاریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.
- ئامادەیی جەستەیی و دەروونیی زۆر بەرز.
- شارەزایی تەواوی زمانی ئەڵمانی.






## لە فێربوونی زمانەوە بۆ مەشقی سەربازیی سەردەمیانە

لەگەڵ گەیشتنی بە وڵاتی ئەڵمانیا، هێرش ڕەوانەی پەیمانگای زمانی تایبەت بە وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا کرا. بەهۆی هەستیاریی خولەکەوە، دەبوو بۆ ماوەی نۆ مانگ بێوچان زمان بخوێنێت تا ئاستی (B۲+) تێپەڕێنێت، کە هەر شکستێک بە مانای دەرکردن لە خولەکە دەهات. بە سەرکەوتنی لەم قۆناغەدا، چووە ناو قۆناغی زانستی و مەیدانی.

خوێندنەکەی ئەڵمانیا ئاوێتەیەک بوو لە وانەی تیۆری و پراکتیکی کە تیایدا مەشقی قورسی مەیدانی، شەڕی کۆڵان بە کۆڵان، نەخشەسازیی جەنگ و یاسای سەربازییان پێ دەگوترا. گرنگترین خاڵیش جەختکردنەوە بوو لەسەر دروستکردنی سەرکردە و چۆنیەتیی پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگدا.

## کۆتاییەکی درەوشاوە، گەڕانەوە بۆ خزمەتی نیشتمان

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی کۆلێژی سەربازیی ئەڵمانیا، سیستەمە مرۆڤدۆستانەکەی بوو؛ لە کاتی مەشقدا توندترین دیسپلین پەیڕەو دەکرا، بەڵام دوای ئەرک، پەیوەندییەکان دەبوونە هاوڕێیانە بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی.

لەو ژینگەیەدا، هێرش تەنها فێرخوازێک نەبوو، بەڵکو باڵیۆزی ئازایەتیی پێشمەرگە بوو، کە بەردەوام جێگەی سەرسامیی ئەفسەرانی وڵاتانی تر بوو. دوای تێپەڕاندنی سەرجەم قۆناغەکان بە سەرکەوتوویی، بە فەرمی پلەی سەربازیی (ملازمی دوو)ی پێ بەخشرا و لەلایەن بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگەوە پلەکەی بۆ بەسترا.

چیرۆکی ئەم سەرکەوتنە ڕاستییەیەک دەسەلمێنێت کە پێشمەرگایەتی تەنها هەڵگرتنی چەک نییە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە زانست، یاسا و ئیرادە. ملازم هێرش حەمەساڵح، بە بڕوانامەیەکی ئەکادیمی و سەربازیی نێودەوڵەتییەوە گەڕایەوە، تا ئەزموونەکەی بخاتە خزمەت هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاراستنی سەروەریی نیشتمان.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# چیرۆکی سەرکەوتنی سێ ئەفسەرە کوردەکەی هێزی دەریایی عێراق

● ئامادەکردنی: هیوا فاتیح محەممەد

هێزی دەریایی عێراق وەک یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەتی فیدراڵ، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی سەروەریی سنوورە دەرياییەکان، ئاسایشی تێرمیناڵە نەوتییەکان و دەستەبەرکردنی سەلامەتیی ڕێڕەوە بازرگانییەکان. لە پاڵ ئەم گرنگییە ستراتیژییەدا، ئامادەیی و بەشداریکردنی ئەفسەرانی کورد لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدا، هەڵگری پەیامێک و مانایەکی نیشتمانیی قووڵە؛ کە ڕەنگدانەوەی بەشدارییەکی ڕاستەقینە و کارای هەموو پێکهاتەکانی عێراقە لە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتدا. هەر لەم سۆنگەیەوە، گۆڤاری پێشمەرگە پەردە لەسەر چیرۆکی سەرکەوتنی سێ گەنجی کورد لادەدات، کە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە توانیان قۆناغە سەختەکانی خوێندن لە «ئەکادیمیای کەنداوی عەرەبی بۆ توێژینەوە دەرياییەکان – کۆلێژی دەریایی» تێپەڕێنن و بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی سەربازی و زانستە دەرياییەکان، وەک ئەفسەری شایستە لە هێزی دەریایی عێراقدا جێگەی خۆیان بکەنەوە.

## سێ ئەستێرە لە هێزی دەریایی

ئەحمەد عەبدولباست ئیسماعیل بۆتانی، گەنجێکی خەڵکی شارۆچکەی بشیریانی سەر بە قەزای بەردەڕەش و دانیشتووی شاری هەولێرە، بە کۆششێکی بێوچان توانی دوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس، یەکێکیان لە زانستی سەربازی و ئەوی دیکەیان لە ئەندازیاریی دەریایی بەدەستبهێنێت، و دواتر بە پلەی ملازمی ئەندازیاریی دەریاوانی لە هێزی دەریایی عێراقدا دابمەزرێت. ئەم ئەفسەرە گەنجە پێی وایە ئەو خەڵات و ڕێزلێنانەی لەلایەن ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی ئەکادیمیاوە پێی بەخشراوە، سەلمێنەری ئەوەیە کە بۆ گەنجێکی کورد، جیاوازییەکانی زمان و کەلتوور و سەختیی ژینگە نابنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتندا، بەڵکو ماندووبوون و شایستەیی تاکە پێوەری بڕینەوەی سنوورەکانن.

لەلایەکی تریشەوە، ملازم محەممەد فوئاد لوڕ، کە گەنجێکی دانیشتووی قەزای چەمچەماڵە، نوێنەرایەتییەکی تری سەرکەوتووی ئەم کاروانە دەکات. ئەو لە بەشی ئەندازیاریی میکانیکی دەریایی و لە لقی سەربازی دەرچووە، و هاوشێوەی هاوڕێکەی هەڵگری دوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسە. محەممەد ئەو چوار ساڵەی کۆلێژ تەنها وەک قۆناغێکی فێربوونی زانستی نابینێت، بەڵکو وەک وێستگەیەکی گەورەی دروستکردنی کەسایەتی، چاندنی گیانی بەرپرسیارێتی و ڕاهێنان لەسەر خۆڕاگری و دیسیپلینی سەربازی پێناسی دەکات. ئەو باس لەوە دەکات کە ڕۆژی دەرچوون کۆتایی نییە، بەڵکو دەروازەیەکە بۆ قۆناغێکی نوێی پڕ لە بەرپرسیارێتی بۆ خزمەتکردنی وڵات.



سێیەمین ئەفسەری ئەم کاروانە، ملازم محەمەد ئەحمەد شەمسەدینە، کە خەڵکی شاری کەرکووکە. ئەویش شانبەشانی هاوڕێکانی بەسەر کۆسپ و ئاڵنگارییەکاندا زاڵ بوو. محەمەد تیشک دەخاتە سەر سروشتی ناوازەی خوێندن لە کۆلێژی دەریایی و ئاماژە بەوە دەکات کە فێرخوازان لە یەک کاتدا دەبێت بە قۆناغی ڕاهێنانی قورسی سەربازی و خوێندنی چڕی ئەکادیمیدا تێپەڕن، کە هەر ساڵێکی خوێندن نۆ مانگی تەواو لەخۆ دەگرێت و پێویستی بە کۆششی بەردەوام بەرگەگرتنە لە ژینگەیەکی جیاوازدا.

## ژیانی ئەکادیمی و ئاڵنگارییەکانی فێرخوازان

ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان لە ئەکادیمیای کەنداوی عەرەبی (کە مێژووی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە) پڕە لە وردەکاریی زانستی و مەشقی جەستەیی. فێرخوازان ڕۆژانە وانەی تیۆریی قورس لە بوارەکانی زانستە دەریاییەکان، ئەندازیاری، ڕێنماییکردنی کەشتی، نەخشەکێشانی دەریایی، یاساکانی ڕێگری لە پێکدادان، و کەشوهەواناسی وەردەگرن، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا مەشقی مەیدانی و ڕاهێنان لەسەر چەکی سووک و مانۆڕی جەنگی ئەنجام دەدەن. سیستەمی خوێندنەکە بە جۆرێکە کە کەشتییەکی گەورە وەک شارۆچکەیەکی بچووک سەیر دەکرێت کە دەبێت ئەفسەران شارەزای هەموو وردەکارییە تەکنیکی و ئەلیکترۆنییەکانی بن. لە وەرزی هاوینیشدا، وانە پراکتیکییەکان لە بەندەرەکانی ئوم قەسر و مەعقەل لەسەر کەشتییە ڕاستەقینەکان جێبەجێ دەکرێن. بەڵام بۆ فێرخوازە کوردەکان، ئەم ڕێگەیە هێندەی تر سەختتر بووە؛ دووریی زۆر لە خێزان و زێدی خۆیان، بەرگەگرتنی گەرمای تاقەتپڕووکێنی بەسرە و ماندووبوونی ڕێگای گواستنەوەی بەردەوام، ئەو ئاڵنگارییە گەورانە بوون کە ئەوان بە ئیرادەوە تێیانپەڕاند.

## گرنگیی هێزی دەریایی بۆ ئابووری و ئاسایشی عێراق

تێگەیشتن لە ڕۆڵی هێزی دەریایی پێویستی بە تێگەیشتنە لە پێگەی بەسرە، کە بە دڵی ئابووریی عێراق دادەنرێت. هێزی دەریایی تەنها چاودێریی ئاوەکان ناکات، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانیی گەورەتری لەئەستۆیە کە خۆی لە پاراستنی تێرمیناڵە نەوتییەکان دەبینێتەوە؛ ئەو تێرمیناڵانەی کە نزیکەی ٩٠٪ی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بۆ جیهان لێیانەوە تێدەپەڕێت. سەرەڕای ئەوەش، ڕووبەڕووبوونەوەی قاچاخچێتی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری دەریایی، دابینکردنی ئاسایش بۆ کەشتییە بازرگانییەکان، و بەهاناوەچوون لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوەکاندا، ئەو ئەرکە ستراتیژییانەن کە ئابووریی ناوەڕاستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێیانەوە بەستراوەتەوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بوونی ئەم ئەفسەرە کوردانە لەناو دڵی یەکێک لە هەستیارترین دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، تەنها دەستکەوتێکی کەسیی نییە، بەڵکو هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەشداری ئەفسەرانی کورد لە دامەزراوە فیدراڵییەکاندا و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی توانا سەربازییەکان ئەم سێ گەنجە بوونەتە هێمایەکی درەوشاوە و سەلماندیان کە بە چەکی زانست، خۆڕاگری، و باوەڕبەخۆبوون، دەتوانرێت بەرزترین لوتکەکانی سەرکەوتن لە سەختترین بارودۆخەکاندا تۆمار بکەن، و ناوی نەتەوەکەیان بە شانازییەوە لە لاپەڕەکانی خزمەتی نیشتمانیدا بنەخشێنن.



ملازم ئەحمەد عەبدولباسط



ملازم محەمەد ئەحمەد



ملازم محەمەد فوئاد

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕاڤەی کتێب

# هونەری جەنگ




● ئامادەکردنی: فەوزی گۆران

کتێبی «هونەری جەنگ؛ لەنیوان تیۆری کلاسیک و پراکتیکی هاوچەرخ» توێژینەوەیەکی زانستی و مێژوویی هەمەلایەنەیە لە نووسینی هاوکار محەمەد محەمەد ڕەشید. ئەم بەرهەمە لەلایەن دەزگای تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لەساڵی ٢٠٢٦ی زاینیدا (بەرامبەر بە ١٤٤٧ی کۆچی) بە چاپی یەکەم ڕەوانەی بازاڕی کتێب کراوە. کتێبەکە لە ٣٥٢ لاپەڕە لە قەبارەی (١٧ × ٢٤ سم) پێکهاتووە و بە ژمارەی سپاردنی (٣٩٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە، هەروەها هەڵگری کۆدی نێودەوڵەتیی (ISBN: 978-9922-775-26-5)ـە ، بەکۆدی (Q200) لە کتێبخانەی پێشمەرگە بەردەستە.

## ناوەڕۆک و بەشەکانی کتێبەکە

دەستپێک و دەروازە (لاپەڕە ٥ - ٢٠)

لە دەستپێکی کتێبەکەدا، نووسەر لە ڕێگەی پێشکەشکردن، سوپاسگوزاری و پێشەکییەکی زانستییەوە زەمینەسازی بۆ چەمکی جەنگ دەکات. لەم دەروازەیەدا هێڵە گشتییەکانی ئاراستەی مێژوویی هونەری جەنگ لە بواری سەربازیدا دەخاتە ڕوو، هاوکات تیشک دەخاتە سەر پێناسە جیاوازەکانی جەنگ و چوارچێوە تیۆرییە سەرەکییەکانی.

### بەشی یەکەم: بنەماکانی جەنگ لەنێوان تیۆری کلاسیک و پراکتیکی هاوچەرخ (لاپەڕە ٢١ - ٦٨)

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی بنەما فیکرییەکانی ژەنراڵی چینی کۆن «سەن تزۆ» و بەراوردکردنیان لەگەڵ جەنگی هاوچەرخدا. نووسەر باسی ستراتیژی سەرکەوتنی خێرا، هەڵسەنگاندنی بارودۆخ بۆ پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکان، ستراتیژی هێرشبردن و شێوازی بەکارهێنانی سەرباز لە بەرەکانی شەڕدا دەکات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ناسینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دوژمن، هەواڵگری، فڕیودان و تایبەتمەندییە سەربازییەکانی سەرکردەی سەرکەوتوو، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ژیری سەربازی و سیخوڕەکان. لە تەوەری دووەمدا، چەمکی خودهۆشیاری وەک «خۆت بناسە و دوژمنەکەشت بناسە»، دروشمی «شەڕ بکەن بۆ ئەوەی بژین»، و

ڕۆڵی جۆگرافیا شی دەکرێنەوە، هاوکات هەڵسەنگاندن بۆ کەرەستە و چەکەکان و جۆرەکانی فێڵی سەربازی دەکرێت. لە تەوەری سێیەمدا، ستراتیژییەکانی هێرش و بەرگری، جیاوازی نێوان ستراتیژ و تەکتیک، هۆکارە سیاسی، ئابووری و ئایینییەکانی شەڕ، و پێکهاتە سەرەکییەکانی پلانی جەنگ بە دارشتنێکی زانستی ڕوون کراونەتەوە.

**بەشی دووەم: هەواڵگری، سیخوڕی و جەنگی دەروونی (لاپەڕە ١٢١ - ١٨٨)**

ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە هەواڵگری، سیخوڕی و جەنگی دەروونی. لە تەوەری یەکەمدا، تیشک دەخرێتە سەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەری لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری، بەدەستهێنانی خێرای زانیاری بۆ داڕشتنی سیاسەت، هەواڵگری ئاماژەیی (SIGINT)، پاراستنی زانیارییە هەستیارەکان، چاودێری ئاسمانی و فریودانی سەربازی. لە تەوەری دووەمدا، بەکارهێنانی سیخوڕان لە شەڕدا بەپێی دیدی سەن تزو تا تاووتوێکردنی جۆرەکانی سیخوڕی، لەوانە سیخوڕی ناوخۆیی، دزەکردن، دووانە و ئەلیکترۆنی شیکارییان بۆ کراوە، تا دەگاتە بەکارهێنانی مانگی دەستکرد و پشتیوانی لۆجیستی بۆ تۆڕەکانی سیخوڕی. لە تەوەری سێیەمدا، ڕەهەندەکانی جەنگی دەروونی، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و ئامرازەکانی وەک پروپاگەندە، هەڵخەڵەتاندن و تێکشکاندنی ورەی بەرامبەر لە خستنەوەی ترس و پشێوی دەروونی شی دەکرێنەوە.

**بەشی سێیەم: تکتیکە کانی جەنگ و شێوازە نامۆکانی شەڕ (لاپەڕە ١٨٩ - ٢٤١)**

ئەم بەشە جەخت لەسەر شەڕی پارتیزانی و ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی سوپا گەورەکان لەلایەن گرووپە بچووکەکان دەکاتەوە، بە تایبەت چۆنیەتی گونجاندنی بنەماکانی سەن تزو لەگەڵ پشتیوانی دانیشتوواندا. لە تەکتیکەکانی هێرشبردن، نووسەر بەراوردکاری لەنێوان هونەری جەنگی ساموورای و بوشیدۆی ژاپۆنی، گلادیاتۆری ڕۆمانی و فەلسەفەی سەن تزۆدا دەکات، هەروەها باسی خێرایی، بۆسە، هێرشی ئاسمانی و مووشەکی و جەنگی سایبەری دەکات. لە تەوەری ئابووری و زانیاریشدا، لێکەوتە ئابوورییەکان، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و جەنگی دیجیتاڵی لەژێر دروشمی «خێرایی جەوهەری جەنگە» تاووتوێ کراون.

**بەشی چوارەم: توخمە ستراتیژییەکان لە هونەری جەنگ و کاریگەرییەکانیان (لاپەڕە ٢٤٣ - ٣٠٠)**

لەم بەشەدا، بنەماکانی هێز و وزە لە ستراتیژی سەربازی و شیکاری لاوازییەکانی وەک لۆجیستیکی ناتەواو و پشتبەستن بە ڕابردوو تاووتوێ دەکرێن. هەروەها تیشک دەخرێتە سەر پێنج هەڵە سەرەکییەکەی سەرکردەی سەربازی و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی تەکتیکە ئۆپەراسیۆنییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو و ڕۆڵی «یارییە جەنگییەکان» (War Games)، هونەری جوڵەی هێزەکان لە سەنگەردا، و کاریگەری جۆگرافیا و بەرز و نزمییەکانی زەوی لەسەر دانانی ستراتیژی جەنگ بە قووڵی شیکارییان بۆ کراوە.

## پاشکۆ و بەشەکانی کۆتایی (لاپەڕە ٣٠١ - ٣٥٢)

لەم بەشە کۆتاییانەی کتێبەکەدا، لە لاپەڕەکانی ٣٠١ تا ٣٥٢، بەشی ئەنجامەکان پوختەی دەستکەوتە زانستییەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو. دواتر بەشی نەخشە و هێڵکارییە ڕوونکەرەوەکان بۆ تێگەیشتنی زیاتری مانۆڕەکان کۆکراوەتەوە، و کتێبەکە بە لیستێکی دەوڵەمەند لە سەرچاوە مێژوویی و سەربازییەکان بەکۆتا دێت.

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا نووسەر سوودی لێ وەرگرتوون، سەرچاوەی هەمەچەشن و دەوڵەمەندن بۆ ئەوەی بەراوردکارییەکی زانستی دروست لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا بکات. دەتوانین سەرچاوەکان بەسەر ئەم چەند تەوەرە سەرەکییەدا دابەش بکەین:

سەرچاوەفەرهەنگی و زمانەوانییەکان: لە سەرەتادا بۆ چوارچێوەدانان و پێناسەکردنی دروستی چەمکەکانی جەنگ و ململانێ، پشت بەستراوە بە فەرهەنگە جیهانییە باوەڕپێکراوەکانی وەک فەرهەنگی (وێبستەر - Webster) و (ئۆکسفۆرد - Oxford).

## سەرچاوە کلاسیکی و فەلسەفییەکان

بڕبڕەی پشتی توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە شیکردنەوەی بنەماکانی هونەری جەنگی (سەن تزۆ - Sun Tzu). هاوکات سود لە بیروبۆچوونی ستراتیژیست و بیرمەندانی گەورەی وەک کارل فۆن کلاوزڤیتز (Carl von Clausewitz) سەبارەت بە پەیوەندی جەنگ و سیاسەت، هەروەها تیۆرانینەکانی ماکیاڤێلی (Machiavel-li)، میشێل فوکۆ (Michel Foucault)، و فریدریش نیچە (Friedrich Ni-etzsche) وەرگیراوە.

سەرچاوە سەربازی و ستراتیژییە هاوچەرخەکان: بۆ گرێدانی تیۆرییەکان بە پراکتیکەوە، سود لە چەندین توێژینەوە و کتێبی سەربازی وەرگیراوە، لە دیارترینیان بەرهەمەکانی ڕۆبێرت گرین (Robert Greene) بەتایبەت لە شیکاری ستراتیژییەکانی جەنگ، مێژوونووسە سەربازییەکانی وەک جۆن کیگان (John Keegan) سەبارەت بە شیکاری هەواڵگری، و مارتن ڤان کریڤێلد (Martin van Creveld) سەبارەت بە لۆجستیک و ئابووری جەنگ.

بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکان: بۆ سەلماندنی تەکتیکەکان، ئاوڕ لە ڕووداوە مێژووییەکان و هەڵمەتە سەربازییەکانی سەرکردەکانی وەک (ئەسکەندەری مەقدۆنی، ژولیۆس قەیسەر، ناپلیۆن بۆناپارت، و هانیباڵ) دراوە، بە پشتبەستن بە تۆمارە مێژووییەکانی وەک (Re-cords of the Grand Historian) و شیکارییەکانی جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەم.

سەرچاوە ئەکادیمییەکان بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی: بۆ گونجاندنی بابەتەکە لەگەڵ تێگەیشتنی خوێنەری ناوخۆیی و پڕکردنەوەی کەلێنی کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا، سود لە کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی ناوخۆیی و عەرەبی وەرگیراوە لە بوارەکانی جیوپۆلەتیک، هەواڵگری، و جوگرافیای سەربازی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەروازەی هۆشیاری

نیشتمانی.. سەربازی .. زانیاری جۆراوجۆر..



## تەوەری ژمارە

# ئاسایشی سەربازی

## قەڵغانی بەرگری.. بناغەی توانای سوپا لە جەنگی مۆدێرندا

ئا : عقید قارەمان مەهدی

ئاسایشی سەربازی بریتییە لە سیستەمی بەرگریی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکان کە ئامانجی پاراستنی قەوارەی سوپا، کارمەندان، زانیارییە نهێنییەکان و ژێرخانە سەربازییەکانە لە هەر هەڕەشەیەک کە ڕووبەڕووی بینەوە. ئەم ئەرکە وەک قەڵغانێک کار دەکات بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردنی دوژمن بۆ ناو دامەزراوەی سوپا و دڵنیابوونەوە لەوەی کە هێزە چەکدارەکان لە ناوەوە بە یەکگرتوویی و بەبێ هیچ لادان و کەمتەرخەمییەکی ئەمنی دەمێننەوە.

لە ئاستی پێشمەرگەی کوردستان، ئاسایشی سەربازی وەک بەردی بناغەی پاراستنی سەروەریی خاک و دەستکەوتە نیشتمانییەکان سەیر دەکرێت، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکە، ئەم چەمکە تایبەتمەندیی هەستیارتری هەیە و ئەرکێکی قورسە بۆ پاراستنی پتەوی و سەلامەتی ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێکی تێکدەرانەی دوژمن و ناحەزان کە بیانەوێت لە شکۆی ئەم هێزە نیشتمانییە و تواناکانی کەم بکەنەوە.

لەم تەوەرەیەدا، بە وردی پێناسە، کاریگەری و ڕەهەندەکانی ئەم پرسە شرۆڤەکراوە و گرنگی و ڕەهەندەکانی بۆ پێشمەرگە خراوەتەڕوو.

# ئاسایشی سەربازی

## کاریگەری و ئامانجە ستراتیژییەکان

> ئاسایشی سەربازی بریتیە لە پاراستنی سەقامگیری ولات بە گشتی و ناوخۆی سوپا بەتایبەتی و بنەمای رێگریکردنە لە هەر هەڕەشەیەك کە بیەوێت ریزەکان، کاروبار، ژێرخان و جوڵەکانی سوپا تێکبدات



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە پێناسە گشتیەکەیدا، ئاسایشی سەربازی بریتیە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی خاک، سەروەری و بەرژەوەندیە باڵاکانی لە ڕێگەی هێزی چەکدارەوە. بەڵام بەپێی فەرهەنگە سەربازیەکان، ئەم چەمکە بریتیە لەو دۆخەی کە لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پارێزگاریەوە دێتە کایەوە، کە سەلامەتی بەرامبەر کارە دوژمنکاریەکان دەستەبەر دەکات.

ئەم پێناسەیە تەنها مەبەستی شەڕکردن نیە، بەڵکو گشتگیرترە و هەموو ئەو ئامادەکاریانە دەگرێتەوە کە ڕێگری لە دروستبوونی مەترسی لە ناوخۆی هێزی سەربازی دەکەن.

ئاسایشی سەربازی تەنها لە چەک و تەقەمەنیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو سیستەمێکی هەمەلایەنەی هەواڵگری، پارێزگاری و تەکنیکیە. ئامانجی ئەم سیستەمە بریتیە لە پاراستنی سەقامگیری وڵات بە گشتی و ناوخۆی سوپا بەتایبەتی کە بنەمای ڕێگریکردنە لە هەر هەڕەشەیەک کە بیەوێت ریزەکان، کاروبار، ژێرخان و جوڵەکانی سوپا تێکبدات.

## ڕۆڵ و کاریگەریە ستراتیژیەکان

ئەم بوارە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سەقامگیری نیشتمانی هەبووە و لەم چەند خاڵەدا ڕەنگ دەداتەوە:

١. ڕێگریکردن و بەرپەرچدانەوە: دروستکردنی توانایەکی سەربازی بەهێز کە دوژمنان سڵ بکەنەوە و نەوێرن هیچ هێرشێک ئەنجام بدەن.

٢. بەرگری کارا: توانای تێکشکاندنی هەر دەستدرێژیەک و پاراستنی سنوورەکان ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە ڕوو بدات.

٣. گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان: لە ڕابردوودا تەنها شەڕی تەقلیدی نێوان دەوڵەتان هەبوو، بەڵام ئێستا کاریگەریەکەی فراوان بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و پاراستنی تۆڕە زانیاریەکان لە هێرشی ئەلیکترۆنی.

## ڕەهەندەکانی سیستەمی ئاسایشی سەربازی

بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئاسایشی سەربازی سەرکەوتوو هەبێت، دەبێت ئەم چوار توخمە بە وردی ڕێک بخرێن و بپارێزرێن:

١. ئاسایشی تاکەکان: دڵنیابوون لە دڵسۆزی و کارامەیی سەربازان و ئەفسەران و پاراستنیان لە فریودان یان سیخوڕی پێکردن.

٢. ئاسایشی بەڵگەنامەکان: پاراستنی نەخشە، پلان و زانیاریە نهێنیەکان لە هەر جۆرە دزەپێکردنێک.

٣. ئاسایشی فیزیکی: پاراستنی بنکە سەربازیەکان، کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی و هەموو دامەزراوە هەستیارەکان.

٤. ئاسایشی پەیوەندییەکان: ڕێگریکردن لەوەی لایەنی دوژمن بتوانێت دەستی بگات بە پەیوەندیە بێتەل و تەلەفۆنیەکان.

## ئامانجە بنەڕەتیەکان

١. پاراستنی ئامادەباشی: دڵنیابوون لەوەی هێزەکان هەمیشە لەوپەڕی تواناداان و هیچ هۆکارێکی ناوخۆیی یان دەرەکی پەکخەری کارەکانیان نەبێت.

٢. ڕێگری لە زانیاری دوژمن: پەکخستنی هەوڵەکانی لایەنی بەرامبەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێن، ژمارە و پلانی هێزەکان.

٣. دژەتیرۆر و دژەسیخوڕی: ناسینەوەی شانە تیرۆریستیەکان و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانیان، لەگەڵ ڕێگریکردن لە دزگا هەواڵگریە بیانیەکان.

٤. ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ڕێکخراو: ڕێگریکردن لە قاچاخی چەک و ماددەی هۆشبەر و تاوانە ئابوورییەکان کە زیان بە توانای بەرگری دەگەیەنن.

٥. ڕێکخستنی بڵاوکردنەوە: پاراستنی نهێنیە سەربازیەکان لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا لەلایەن کارمەندانی سەربازییەوە.

## کۆڵەکە ستراتیژیەکانی ئاسایشی سەربازی

بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنێکی گشتگیر، دامەزراوە ئەمنیە سەربازیەکان لەسەر چوار تەوەرەی سەرەکی کار دەکەن:

١. ئاسایشی مەیدانی و جوگرافیای ستراتیژی: ئەمە تەنها پاسەوانیکردنی سنوورەکان نیە، بەڵکو پاراستنی هەموو ئەو خاڵە هەستیارانەیە وەک بنکە ئاسمانیەکان و ناوەندەکانی فەرماندەیی کە ڕێگری لە هەر هێرشێکی کتوپڕ دەکەن.

٢. ئاسایشی سایبەری و جەنگی ئەلیکترۆنی: لە سەردەمی جەنگی دیجیتاڵیدا، بەرپرسە لە پاراستنی سیستەمی ئاراستەکردنی چەکەکان و بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی ئامانجیان پەکخستنی ژێرخانی سەربازیە.

٣. ئاسایشی مرۆیی و دژە-سیخوڕی: جەخت لەسەر دڵسۆزی ڕەهای کارمەندان دەکاتەوە و کار دەکات بۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی دوژمن بۆ دزەکردنە ناو ریزەکانی سوپا.

٤. ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی: پاراستنی سوپرایزی ستراتیژی لە ڕێگەی شاردنەوەی کات و شوێنی جوڵەی هێزەکان و تاکتیکەکانی جەنگ.

## ئاڵەنگاریە هاوچەرخەکان و دیدی داهاتوو

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، سەرهەڵدانی جەنگی تێکەڵاو گەورەترین تەحەدییە، کە تێیدا دوژمن جەنگی سەربازی، هێرشی سایبەری و پرووپاگەندەی میدیایی بەیەکەوە بەکاردەهێنێت. بەهۆی ئاڵۆزی جیهانەوە، دەوڵەتەکان بەرەو بەرگری گشتگیر و ئاسایشی بەکۆمەڵ هەنگاو دەنێن.

گەورەترین ئاڵەنگاری داهاتوو، پاراستنی هاوسەنگیە لە نێوان پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و پاراستنی توانای مرۆیی، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی ئامادەباشیەکی هەمەلایەن و نوێکردنەوەی بەردەوامی پلانەکانە، کە دەکرێت ئاسایشی سەربازی بپارێزرێت و سوپا وەک قەڵغانێکی پۆڵایین بۆ پاراستنی خاک و خەڵک بمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١. ناوەندی توێژینەوەی ئاسایشی سەربازی (com.amn٨٨٨).

٢. ئینسکلۆپیدیا/ مفاهیم الأمن العسكرية.

# هەواڵگری و ئاسایشی ناوخۆ

## ڕێکخستنی ئاراستەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان

ئاسایشی سەربازی وەک یەکێک لە ڕەهەندە هەرە بنەڕەتیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەرکی ڕێکخستنی سوپا و هێزە چەکدارەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی دەوڵەت دەگرێتە ئەستۆ. ئەم چەمکە لە سەردەمی نوێدا، بووەتە زانستێکی ئاڵۆز کە تەنها لە جەنگدا کورت نابێتەوە، بەڵکو گوزارشتە لە توانای هەر دەوڵەت و کیانێک بۆ چەسپاندنی بژاردە سیاسیەکانی و ڕێگریکردن لە هێرش و هەر دەستدرێژییەکی کتوپڕ.

بۆ تێگەیشتنی وردتر لەم بوارە و پۆلێنکردنی زانستییانەی ئەرکەکان، پێویستە جیاکاری لە نێوان سێ جومگەی سەرەکیدا بکەین:

### ئاسایشی سەربازی بەرامبەر هەواڵگریی سەربازی

لە ناو دامەزراوەی سەربازیدا، ئەم دوو بەشە وەک دوو لایەنی تەواوکەری یەکتر کاردەکەن، بەڵام لە ڕووی ئامانج و شێوازی کارکردنەوە جیاوازن:

١. هەواڵگریی سەربازی: بە چاو و گوێی سوپا دادەنرێت. ئەرکی سەرەکی بریتیە لە دزەکردنە ناو پلانەکانی نەیار و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توانای سەربازی دوژمن. ئاراستەی کارکردنی هەواڵگری لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە، واتە هەوڵدەدات نهێنییەکانی دەرەوە بدۆزێتەوە.

٢. ئاسایشی سەربازی: وەک قەڵغان و پۆلیسی ناوخۆیی سوپا کاردەکات. ئەرکی پاراستنی خودی سوپایە (ئەفسەران، زانیاریەکان و کەرەستەکان) لە هەوڵی سیخوڕی و تێکدانی دوژمن. ئاراستەی کارکردنی لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە، واتە ڕێگریکردن لەوەی دوژمن بتوانێت دزە بکاتە ناو جەستەی سوپا.

جیاوازییەکە لێرەدایە: کاتێک هەواڵگری سەرکەوتوو دەبێت، سوپا دەزانێت کەی و لە کوێ هێرش بکات، بەڵام کاتێک ئاسایشی سەربازی سەرکەوتوو دەبێت، دوژمن هەرگیز خاڵە لاوازەکان و پلانی سوپا نادۆزێتەوە.

### ئاسایشی سەربازی بەرامبەر ئاسایشی ناوخۆ

زۆرجار تێکەڵبوونی ئەرکەکان دەبێتە هۆی تەمومژاوییبوونی جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو بوارە، بەڵام پۆلێنکردنی زانستیانەیان بەم شێوەیەیە:

١. ئاسایشی سەربازی: جەخت لەسەر هەرەشە دەرەکیەکان و پاراستنی سەروەری خاک لە کاتی جەنگ و ململانێ نێودەوڵەتیەکاندا دەکاتەوە. مامەڵەی سەرەکی ئەم بەشە لەگەڵ سوپا و هێزە نەیارە دەرەکیەکانە.

٢. ئاسایشی ناوخۆ: وەک پۆلیس، ئاسایشی گشتی و دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، جەخت لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی دەکەنەوە. ئەرکیان جێبەجێکردنی یاسا، پاراستنی ڕێسا مەدەنیەکان، بەرەنگاربوونەوەی تاوان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیە لە ناوخۆی وڵاتدا.

### ئەنجامگیری و بەهێزکردنی سیستمەکە

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایشی سەربازی قەڵغانی هەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسییە بەرامبەر جیهانی دەرەوە. لە کاتی پەککەوتنی ئەم قەڵغانەدا، سەروەری نیشتمانی دەکەوێتە مەترسیەوە. هەماهەنگی لە نێوان ئەم سێ بوارەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستمێکی تۆکمە:

١. هەواڵگری: بۆ دابینکردنی زانیاری پێشوەختە.

٢. ئاسایشی سەربازی: بۆ پاراستنی هێز و نهێنیەکانی بەرگری.

٣. ئاسایشی ناوخۆ: بۆ پاراستنی سەقامگیری و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەم پۆلێنکردنە نیشانی دەدات کە بەهێزکردنی هەر یەکێک لەم سێکتەرانە، تەواوکەری ئەوی ترە و پێکەوە پارێزگاری لە مانەوە و شکۆی نەتەوەیی دەکەن بەرامبەر هەموو جۆرە پێشهات و ئاڵنگارییەک.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ستوونەکانی پاراستن

## توخمە بنەڕەتییەکانی ئاسایشی سەربازی

● ئامادەکردنی: ڕەوا مووسا

ئاسایشی سەربازی تەنها چەمکێکی سنووردار نییە لە چوارچێوەی پاسەوانیکردنی بارەگاکاندا، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆز، هەمەلایەن و یەکگرتووە کە چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت. بە مانا گشتگیرەکەی، ئاسایشی سەربازی بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکارێکی ستراتیژی و تاکتیکی کە ئامانجیان بێبەشکردنی دوژمنە لە بەدەستهێنانی هەر زانیارییەک یان قۆستنەوەی هەر دەرفەتێک بۆ زیانگەیاندن بە هێزە چەکدارەکان. جا ئەم هەڕەشەیە لە مەیدانی جەنگ و سەنگەرەکاندا بێت، یان لە ڕێگەی هێرش بۆ سەر سیستەمە دیجیتاڵییەکان و تۆڕەکانی پەیوەندی و پاراستنیان ئەرکی سەرەکی ئەم بوارەیە.

ئاسایشی سەربازی کۆڵەگەی مانەوەی سوپایە لە کاتی جەنگدا و متمانەبەخشی هاووڵاتییانە لە کاتی ئاشتیدا. بۆ بنیاتنانی سوپایەکی تێکنەشکاو، پێویستە کار لەسەر ئەم توخمە بنەڕەتییانەی خوارەوە بکرێت:

### ئاسایشی فیزیکی

ئەمە یەکەم هێڵی بەرگرییە و پاراستنی گیانی سەربازان، چەک، جبەخانە، بنکە و بارەگاکان لەخۆ دەگرێت. ڕێکارەکان لێرەدا بریتین لە:

١. دروستکردنی سەنگەر و هێڵە بەرگرییەکان بە شێوازی ئەندازیاریی سەربازی.

٢. بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای چاودێری وەک کامێرای گەرمی، ڕادار و درۆنی چاودێری.

٣. کۆنترۆڵکردنی توندی خاڵەکانی پشکنین و ئەنجامدانی گەڕانی بەردەوام.

هەر کاتێک درزێک لە ئاسایشی فیزیکیدا دروست ببێت، دەبێتە دەروازەیەک بۆ دزەکردنی دوژمن و ئەنجامدانی هێرشی لەناکاو.

### ئاسایشی زانیاری و سایبەری

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، ئەم توخمە گرنگییەکەی ئەگەر لە ئاسایشی فیزیکی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. ئەم بوارە پاراستنی پلانەکان، نەخشەی جووڵەی هێزەکان و داتابەیسی سوپا لە هاککردن و سیخوڕی دەگرێتەوە. پەکخستنی سیستەمە دیجیتاڵییەکانی سوپا لەلایەن دوژمنەوە دەکرێت بێ تەقاندنی یەک فیشەک، سوپایەک ئیفلیج بکات.

### ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی

ئەمەیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دیسپلین و هۆشیاریی سەربازەوە هەیە. مەبەست لێی پاراستنی نهێنییەکانی پەیوەست بە چالاکییە سەربازییەکانە. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی سێڵفی لەلایەن سەربازێکەوە لە سۆشیاڵ میدیا، یان درکاندنی زانیارییەک لە کاتی قسەکردن بۆ میدیا، دەکرێت شوێن و کاتی ئۆپەراسیۆنێک بۆ دوژمن ئاشکرا بکات. لێرەدا ڕاهێنانی سەرباز لەسەر پاراستنی نهێنی بەشێکە لە سەرکەوتنی جەنگ.

### دژە هەواڵگری

ئەمە قەڵغانی ناوخۆیی سوپایە. ئەرکی ئەم توخمە دۆزینەوە و پووچەڵکردنەوەی هەوڵە سیخوڕییەکانی دوژمن و تێکشکاندنی تابووری پێنجەم و شانە نوستووەکانە. دژە هەواڵگری کار لەسەر ئەوە دەکات کە ڕێگری بکات لەوەی هیچ سیخوڕێک بتوانێت دزە بکاتە ناو جومگە هەستیارەکانی لەشکر.

### ئاسایشی کەسی

ئەم بەشە جەخت لەسەر متمانەپێکراوی ئەو کەسانە دەکاتەوە کە دەستیان بە زانیارییە هەستیارەکان دەگات. پێویستە مێژوو و باکگراوندی ئەفسەر و کارمەندان بە وردی بپشکنرێت تا دڵنیایی بکرێتەوە لە دڵسۆزییان.

هەروەها پاراستنی فیزیکیی سەرکردە و فەرماندە باڵاکان لە تیرۆر و ڕفاندن، بەشێکی گرنگی ئاسایشی کەسییە.

### ئاسایشی پەیوەندییەکان

پاراستنی ئامێرە بێسیمەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی دەنگ و زانیاری لە گوێگرتن و دەستێوەردانی دوژمن. بەکارهێنانی شفرە و کۆدی پێشکەوتوو و بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیی پارێزراو، وادەکات کە فەرماندەکان بتوانن بە بێ ترس لە ئاشکرابوونی پلانەکانیان، فەرمانەکان ئاڕاستەی یەکەکان بکەن.

ئاسایشی سەربازی وەک زنجیرەیەک وایە، ئەگەر یەکێک لەم ئەڵقانە بپچڕێت، هەموو سیستەمەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. سوپایەکی مۆدێرن و سەرکەوتوو تەنها ئەو سوپایە نییە کە چەکی پێشکەوتووی هەیە، بەڵکو ئەو سوپایەیە کە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم توخمانەوە، دوژمن لە زانیاری و دەرفەت و ئامرازەکانی هێرشکردن بێبەش بکات. بنیاتنانی ئەم کولتووری ئاسایشە لە ناو دڵی هەر پێشمەرگەیەکدا، گەرەنتی پاراستنی نیشتمان و سەروەرییەکەیەتی.

> ”بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی سێڵفی لەلایەن سەربازێکەوە لە سۆشیال میدیا، یان درکاندنی زانیارییەك لە کاتی قسەکردن بۆ میدیا، دەکرێت شوێن و کاتی ئۆپەراسیۆنێك بۆ دوژمن ئاشکرا بکات“

# ئاسایشی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا

● ئامادەکردنی: رائید ئارام ناسیح



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاسایشی ئۆپەراسیۆن یەکێکە لە گرنگترین چەمکە سەربازییەکان، زۆرجار تەنیا لە ڕێگریکردن لە دزەکردنی زانیارییەکان یان پاراستنی نهێنی کورت دەکرێتەوە. لە ڕاستیدا، شێوازێکی گشتگیرە بۆ شیکاری ڕێگریکردن لە ئاشکراکردنی ئامانجەکان لەلایەن دوژمنەوە. بەپێی دۆکترینی سەربازیی ئەمریکی، ئاسایشی ئۆپەراسیۆن پرۆسەیەکی سیستماتیکە بۆ دەستنیشانکردنی زانیارییە گرنگەکان و ئاماژەکانی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، پاشان کەمکردنەوەی توانای دوژمن بۆبەکارهێنانیان لەڕووی هەواڵگرییەوە.

## نموونە بەرجەستەکان

لە میانی جەنگی ڤێتنامدا، سوپای ئەمریکا تێبینی کرد چەکدارە دژبەرەکان سەرکەوتوو بوون لە ئاشکراکردنی ئامانجە سەربازییەکان سەرەڕای ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی نهێنیان دەست نەکەوتبوو. ئەمەش بووە هۆی دەستپێکردنی پرۆژەی «Purple Dragon» (ئەژدیهای مۆر) کە سەلماندی ئەو زانیارییانەی نهێنی نین، کاتێک بە شێوەیەکی سیستماتیک کۆدەکرێنەوە و شیکارییان بۆ دەکرێت، دەتوانن پلانە سەربازییەکان ئاشکرا بکەن. دواتر دەرئەنجامەکانی ئەم پرۆژەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و جێگیرکردنی لە عەقیدەی سەربازیی ئەمریکیدا. بیرۆکە بنەڕەتییەکەی ئاسایشی ئۆپەراسیۆن جەخت دەکاتەوە: کێشەکە لەوەدا نییە تۆ چی دەزانیت، بەڵکو لەوەدایە دوژمن دەتوانێت چی لەو ئاماژانە دەربهێنێت کە تۆ بەجێیان دەهێڵیت. ئەم بیرۆکەیە گۆڕانکارییەکی قووڵی لە فکری سەربازیدا دروستکرد، لەجیاتی تەرکیزکردن لەسەر پاراستنی بەڵگەنامە نهێنییەکان، جەخت دەکرێتە سەر بەڕێوەبردنی «شوێنپێی ئۆپەراسیۆنی» هێزی سەربازی.

> کرۆکی چەمکی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی لە سەردەمی هاوچەرخدا دەکرێت لە یەك بیرۆکەدا کورت بکرێتەوە: هەر شوێنپێیەك هێزی سەربازی بەجێی بهێڵێت، لە خودی خۆیدا ئامانجێکە بۆ ئەوەی دوژمن لە داهاتوودا گورزی لێبدات

## ئاسایشی ئۆپەراسیۆن وەك پرۆسەیەکی شیکاری

قوتابخانە سەربازییە هاوچەرخەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئاسایشی ئۆپەراسیۆن بەرنامەیەکی ئەمنی یان کۆمەڵێک ڕێنمایی نەگۆڕ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی شیکاری بەردەوامە. ئەم پرۆسەیە بە دیاریکردنی ئەو زانیارییە گرنگانە دەستپێدەکات کە دوژمن هەوڵی زانینیان دەدات، پاشان دیاریکردنی ئەو ئاماژانەی لەوانەیە ئەم زانیارییانە ئاشکرا بکەن، هەروەها شیکردنەوەی ئەو ئامرازانەی دوژمن بەکاریان دەهێنێت، هەڵسەنگاندنی کەلێنەکان و لە کۆتاییدا جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان.

ئەم پرۆسەیە لەسەر دوو ئاستی جیاواز کاردەکات: ئاستی تاکتیکی کە پەیوەستە بە پاراستنی یەکە مەیدانییەکان و جووڵەی ڕۆژانەیان، ئاستی ستراتیژی کە شاردنەوەی نیازە گەورەکان و پلانی هەڵمەتە سەربازییەکان دەگرێتەوە. تێکەڵکردنی ئەم دوو ئاستە زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنێك کە دەستنیشانکردنیان قورسە.

گرنگی ئەم ڕێبازە لەوەدایە، بیرکردنەوە لە پرسیاری: دەمانەوێت چی شتێك بشارینەوە؟ دەگوازێتەوە بۆ پرسیارێکی ئاڵۆزتر: دوژمن چۆن دەتوانێت ئەوە بدۆزێتەوە کە دەمانەوێت بیشارینەوە؟ لێرەدا فەرماندەی سەربازی دەگۆڕێت بۆ شیکەرەوەیەکی هەواڵگری کە بە عەقڵی نەیارەکەی بیردەکاتەوە.

## پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و ئاسایشی ئۆپەراسیۆن

لە جەنگەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بە هەواڵگریی ئاسمانی، سیخوڕەکان و گوێگرتنی بێ تەل دەبەست، بەڵام ئەمڕۆ هەر سەربازێک ئامێرێکی هەستەوەری تەواو لە گیرفانیدایە کە مۆبایلە زیرەکەکەیەتی.

جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا نموونەیەکی ڕوونی ئەم گۆڕانکارییەیە. توێژینەوە نوێیەکان دەریانخستووە، مۆبایلە زیرەکەکان، ئەپەکانی سۆشیال میدیا، ئامێرەکانی GPS و درۆنە بازرگانییەکان، بوونەتە سەرچاوەیەکی هەواڵگریی یەکجار گەورە. وێنەیەکی سادە کە سەربازێک لەتۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوی دەکاتەوە لەوانەیە شوێنی یەکەیەکی تەواو ئاشکرا بکات، ڕێڕەوی ئەپێکی وەرزشی لەوانەیە بنکەیەکی سەربازی ئاشکرا بکات و پەیوەندییەکی بێ کۆد (شفرە نەکراو) ڕەنگە شوێنی ناوەندی فەرماندەیی دیاری بکات.

تەکنەلۆژیای هاوچەرخ چەمکی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی لە پاراستنی بەڵگەنامەکانەوە فراوانتر کردووە بۆ بەڕێوەبردنی داتا دیجیتاڵییەکان، ئاماژە ئەلیکترۆنییەکان، دەردانی کارۆموگناتیسی و شوێنپێی ئەلیکترۆنی تاکەکان و یەکەکان.

## جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا: تاقیگەی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی سەربازی

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا گەورەترین تاقیگەی پراکتیکییە بۆ ئاسایشی ئۆپەراسیۆن لە دوای جەنگی ساردەوە. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی جەنگەکەدا، هەڵەی گەورە لە پەیوەندییەکانی

ڕووسیادا دەرکەوتن، تێیدا بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیی نەپارێزراو بووە هۆی ئاشکرابوونی شوێنی یەکەکان و ناوەندەکانی فەرماندەیی. ئەپە بازرگانییەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بە شێوازێک بەکارهێنران کە ڕێگەی دەدا بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لەسەر هێزە جووڵاوەکان. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، پشت بەستن بە ئامرازە دیجیتاڵییەکان بە بێ کۆنترۆڵ کردن، کەلێنی ئاسایشی گەورە دروست دەکات کە لایەنی بەرانبەر بە ئاسانی سوودی لێوەردەگرێت.

لە لایەکی دیکەوە، ئۆکرانیا چەمکێکی نەرمتری بۆ ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی پەرەپێدا لەسەر بنەمای: نامەرکەزییەت، جووڵەی بەردەوام، شاردنەوەی ناوەندەکانی فەرماندەیی، کەمکردنەوەی شوێنپێی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی فێڵ و تەڵەکەی دیجیتاڵی. ئێستا ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی درۆنەکان بەردەوام دەجووڵێن و لە شوێنی شاراوە یان لە ژێر زەویدا دروست دەکرێن بۆ ئەوەی لە بەئامانجگرتن بەدوور بن.

## هەواڵگریی ئاسایشی ئۆپەراسیۆن

یەکێک لە ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان بڵاوبوونەوەی سەرچاوە کراوەکانی کاری هەواڵگرییە،

لە ڕابردوودا دەوڵەت قۆرخی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی ستراتیژی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی مانگە دەستکردە بازرگانییەکان، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، زانیارییە جوگرافییەکان و بنکە دیجیتاڵییەکان، دەرفەت دەدەن بە هەر لایەنێک بۆ ئەنجامدانی شیکارییەکی هەواڵگری پێشکەوتوو. ئەم واقیعە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاسایشی ئۆپەراسیۆندا هیناوەتە ئاراوە. کێشەکە چیتر دزەکردنی بەڵگەنامە نهێنییەکان نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی سەدان وردەکاریی بچووکە کە وەک شتی بێ بایەخ دەردەکەون، بەڵام کاتێک تێکەڵ دەکرێن و شیکارییان بۆ دەکرێت، دەبن بە زانیاریی مەترسیدار. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، بەڕێوەبردنی زانیارییە بەردەستەکان بووەتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەم سەردەمەدا.

## ئاسایشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و ئاڵنگاریی مانەوە لە ژیاندا

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان گۆڕانکارییەکی ڕیشەییان لە بابەتی خۆحەشاردان لەڕووی سەربازییەوە کردووە. لە سەردەمانی پێشووتردا، ئامانجی شاردنەوە تەنیا ڕێگریکردن بوو لە بینینی ڕاستەوخۆی دوژمن، بەڵام ئەمڕۆ درۆنەکان چاودێریی بەردەوام لەسەرجەم کاتەکانی شەو و ڕۆژ و بە تێچوویەکی کەم دابین دەکەن. لەبەرئەوە ئاسایشی ئۆپەراسیۆن پەیوەست بووە بە چەندان بنەمای نوێوە وەك: کەمکردنەوەی ماوەی مانەوە لە شوێنەکەدا، گۆڕینی بەردەوامی بارەگاکانی فەرماندەیی، کەمکردنەوەی دەردانی گەرمی و ئەلیکترۆنی، دروستکردنی ئامانجی وەهمی و بەکارهێنانی فێڵی ئەلیکترۆنی. جەنگی ئۆکرانیا ئەو وانەیەی بە هەمووان دا کە مانەوە لە شوێنێکی جێگیردا بۆ ماوەیەکی درێژ بەسە بۆ دیاریکردنی شوێنەکە و بەئامانجگرتنی بە وردی و سەرکەوتوویەکی زۆرەوە.

## ئاسایشی سایبەری وەك درێژکراوەیەکی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چیتر جیاکردنەوەی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی و ئاسایشی سایبەری مەحاڵە، چونکە هاککردنی ئەلیکترۆنی تەنها ئامانجی دزینی زانیاری نییە، بەڵکو هەوڵدەدات نەخشە کارپێکراوەکان، توانای سەربازی و ناوەندەکانی بڕیاردانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاشکرا بکات. هەر لەبەر ئەمەشە، هەواڵگریی سایبەری بووەتە کۆڵەکەیەکی پێویست لە تێگەیشتن لە نەیار و دیاریکردنی نیاز و تواناکانی و سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام کە لەسەر توانای پاراستنی تۆڕە سەربازییەکان و داتای کارپێکردنەکان بەندە.

## ڕەهەندە فکرییەکانی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی

دەکرێت ئاسایشی ئۆپەراسیۆن وەک پرۆسەیەکی فکری لەڕووی سەربازییەوە سەیر بکرێت، چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە: دوژمن پێویستی بەوە نییە هەموو شتێک بزانێت، بەڵکو تەنیا پێویستی بەوەیە بەشی پێویست بزانێت. لەبەرئەوە، ئاسایشی ئۆپەراسیۆن هەوڵ نادات هەموو زانیارییەکان بشارێتەوە، ئەمەش شتێکی مەحاڵە، بەڵکوو هەوڵدەدات ئەو وێنەیەی کە نەیار دەیبینێت ناتەواو بێت یان چەواشەکار یان لەڕووی کاتییەوە دواکەوتوو بێت بە جۆرێک کە نەتوانێت بڕیارێکی کارا و گونجاو بدات.

لەم ڕوانگەیەوە، ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی دەبێتە شێوازێک لە شێوازەکانی ململانێی مەعریفی، شەڕێک لە نێوان توانای فەرماندە بۆ شاردنەوەی نەخشەی پلانەکانی و توانای دوژمن بۆ ئاشکراکردنیان.

## کۆتایی

جەنگە هاوچەرخەکان سەلماندیان ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی چیتر چالاکییەکی لاوەکی نییە، بەڵکو بووەتە توخمێکی یەکلاکەرەوە لە مانەوەی هێزەکان و سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکاندا. گەشەسەندنی گەورەی هەستەوەری دیجیتاڵی، درۆنەکان، ژیریی دەستکرد و هەواڵگریی سەرچاوە کراوەکان، وایکردووە گۆڕەپانی جەنگ زیاتر لە هەر کاتێکی تر ڕوون و ئاشکرا بێت. ئاڵنگاریی ڕاستەقینە لەبەردەم سوپا هاوچەرخەکاندا تەنیا خاوەنداریتی هێزی تەقەکردن یان تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو نییە، بەڵکو توانای بەڕێوەبردنی شوێنپێی زانیاری، ئەلیکترۆنی و ئۆپەراسیۆنییە.

کرۆکی چەمکی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنی لە سەردەمی هاوچەرخدا دەکرێت لە یەک بیرۆکەدا کورت بکرێتەوە: هەر شوێنپێیەك هێزی سەربازی بەجێی بهێڵێت، لە خودی خۆیدا ئامانجێکە بۆ ئەوەی دوژمن لە داهاتوودا گورزی لێبدات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# ئاسایشی سەربازی

## نیگەرانیەکانی پەرەسەندن لە جەنگە کلاسیکیەکاندا

● عەمید/ محەممەد سدیق

ژینگەی ئاسایشی جیهانی لە ئێستادا بە قۆناغێکی هەستیاری وەرچەرخانی بنەڕەتی و خێرادا تێدەپەڕێت. چیتر چەمکی مەترسی تەنها لە جەنگی تەقلیدی و تیرۆردا کورت نابێتەوە، بەڵکو هۆکارە نوێیەکانی وەک جەنگی سایبەری، گۆڕانی کەشوهەوا، شەڕی دەروونی و میدیایی، لەگەڵ هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وزە، بوونەتە ئاڵنگارییەکی جدی لەبەردەم سەقامگیریی نێودەوڵەتیدا. لەم چوارچێوەیەدا، حکومەتەکان ، بە مەبەستی پاراستنی قەوارەی سیاسی و ژیانی هاوڵاتییانیان لە هەوڵێکی بێ وچاندان بۆ گونجاندنی ستراتیژییەکانیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا.

### هەڵکشانی خەرجییە سەربازییەکان

ئەم نیگەرانییە جیهانییانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر زیادبوونی بودجە سەربازییەکان هەبووە. بەپێی داتاکانی ناوەندی توێژینەوەی ئاشتیی جیهانی لە ستۆکۆڵم (SIPRI)، پێشبینی دەکرێت خەرجییە سەربازییەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥دا بگاتە ئاستێکی پێوانەیی کە نزیکەی (٢.٨٨ تریلیۆن دۆلار)ە. ئەم بڕە زەبەلاحە، کە بەرزترینە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان.

بۆ تێگەیشتن لە گەورەیی ئەم ژمارەیە، ئەگەر ئەو بودجەیە بەسەر دانیشتووانی زەویدا دابەش بکرێت، پشکی هەر تاکێک ٣٥٢ دۆلار دەبێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی خەمڵاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنها بە ٣٠٠ ملیار دۆلار (کە دەکاتە نزیکەی یەک لەسەر دەی ئەو بودجەیە) دەتوانرێت هەژاری لە سەرانسەری جیهاندا بنبڕ بکرێت. ئەم هاوکێشەیە دەری دەخات کە جیهان لە جیاتی وەبەرهێنان لە مرۆڤایەتیدا، ڕووی لە چەکدارکردن و سەنگەرگرتن کردووە.

### پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و نەخشەی هێز

لە ڕیزبەندی وڵاتانی خاوەن زۆرترین خەرجی سەربازیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ٩٥٤ ملیار دۆلار (نزیکەی یەک لەسەر سێی خەرجیی جیهان) لە پلەی یەکەمدایە. بەدوای ئەویشدا چین بە ٣٣٦ ملیار، ڕووسیا بە ١٩٠ ملیار و ئەڵمانیا بە ١١٤ ملیار دۆلار دێن.

ئەوەی جێی سەرنجە، وەرچەرخانی خێرای وڵاتانی ئەورووپایە. ئەم وڵاتانە کە دوای جەنگی سارد پێیان وابوو ئاشتییەکی هەمیشەیی باڵی بەسەر کیشوەرەکەدا کێشاوە، بەڵام جەنگی ئۆکرانیا ئەو خەیاڵەی ڕەواندنەوە. بودجەی سەربازیی ئەورووپا (بە بێ ڕووسیا) لە ٥٦٥ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠٢٣، بۆ زیاتر لە ٧٢٠ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٥ بەرز بووەتەوە. ئەمەش دەری دەخات کە ئەورووپا گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی «ئامادەباشی بۆ جەنگ» و تەیارکردنی سوپاکانیان بەرامبەر هەڕەشە چاوەڕواننەکراوەکان.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، تورکیا و وڵاتانی کەنداو بە هەمان شێوە هەنگاویان ناوە. تورکیا خەرجییەکانی لە ١٥ ملیارەوە بۆ ٣٠ ملیار دۆلار (دوو هێندە) زیاد کردووە. سعوودیەش وەک نموونەیەکی دیار، نەک تەنها لە کڕینی چەک، بەڵکو لە خۆماڵیکردنی پیشەسازیی سەربازیدا هەنگاوی گەورەی ناوە و ئێستا ٢٥٪ی پێداویستییەکانی لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنێت.

### ستراتیژیی هێزەکانی پێشمەرگە لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا

بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک پارێزەری سەرەکی قەوارەی هەرێم، پێویستە لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا پەرە بە توانا ستراتیژییەکانی بدات. لێرەدا چوار پێشنیازی بنەڕەتی دەخەینەڕوو:

١. بەرزکردنەوەی ئامادەی: پێویستە هێزەکان لەوپەڕی چالاکی و وزەدا بن و مەشقی سەربازی لەسەر شێوازە نوێیەکانی جەنگ ببێتە پرۆسەیەکی بەردەوام.

٢. پیشەییگەرایی و تەکنۆلۆژیا: وەبەرهێنان لە پەروەردەی سەربازیی مۆدێرن، پێگەیاندنی فەرماندەی لێهاتوو و ڕەخساندنی زەمینەی یاسایی بۆ کەرتی تایبەت تاوەکو لە بواری پیشەسازی و لۆجستی سەربازیدا هاوکار بن.

٣. دیپلۆماسیی سەربازی: بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان و پەرەپێدانی پرۆگرامی هاوبەشی سەربازی بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو.

٤. بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە نوێیەکان: دامەزراندنی بەش و بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە ئاسایشی سایبەری و درۆن و تەکنۆلۆژیای ژیریی دەستکرد لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، تاوەکو توانای بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە ناتەقلیدییەکانیان هەبێت.

دەرەنجام

هەرچەندە تەنها هێزی سەربازی ناتوانێت گەرەنتی تەواوی ئاسایشی نیشتمانی بکات، بەڵام بێگومان کۆڵەگەی سەرەکیی پاراستنی سەروەرییە. هیچ وڵات و قەوارەیەک ناتوانێت سەقامگیری و دەستکەوتەکانی بپارێزێت ئەگەر خاوەنی سوپایەکی بەتوانا و ئامادە و دامەزراوەیەکی ئەمنی پێشکەوتوو نەبێت. گرنگیدان بە هێزی پێشمەرگە تەنها بۆ پاراستنی هەرێم نییە، بەڵکو پێویستییەکی حەتمییە بۆ پاراستنی سەقامگیریی عێراق و هەموو ناوچەکە لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە جیهانی گرتووەتەوە.



# لە خەباتی شاخەوە

## بۆ دامەزراوەیی بوون

ئامادەکردنی: هۆشیار

ئاسایشی سەربازی کۆڵەکەی بنەڕەتی پاراستنی سەروەریی هەر وڵات و قەوارەیەک پێکدەهێنێت. بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازی و قوربانیدانن لە خەباتی چەکداریدا، ئێستا گواستنەوە لە قۆناغی خەباتی شاخ بۆ قۆناغی سوپایەکی ڕێکخراوی نیشتیمانی و خاوەن سیستەمێکی ئاسایشی تۆکمە، نەک تەنها پێویستییە، بەڵکو ئەرکێکی چارەنووسسازە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکان.

بۆ ئەوەی ئاستی دامەزراوەیی هێزی پێشمەرگە بەرزتر بێتەوە، پێویستە کار لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی بکرێت:

١. پێشمەرگە وەک پارێزەری شەرعیی هەرێمی کوردستان، دەبێت توانای بەرپەرچدانەوەی هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی دەرەکی هەبێت. ئاسایشی سەربازی لێرەدا بە مانای «ئامادەیی بەردەوام» و هەبوونی توانا و ئیرادەیەکی ڕوون و بەهێزی بەرگری دێت.

٢. لە جەنگەکانی سەردەمدا، زانیاری، کاریگەرییەکەی لە فیشەک زیاترە. پاراستنی پلانەکان، نەخشەی جووڵەی هێزەکان و داتاکانی پەیوەست بە پێشمەرگە لە چاوی سیخوڕی و هەواڵگریی نەیاران، پایەیەکی سەرەکیی ئاسایشە.

٣. بوونی دامەزراوەی وەک پۆلیسی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆی سوپا زامنی ئەوەیە کە هێزەکان لە لادان، گەندەڵی و کاریگەرییە حزبییەکان بپارێزرێن، ئەمەش متمانەی جەماوەر بە سوپا بەهێزتر دەکات.

لە پرۆسەی دامەزراوەیی بووندا، پێشمەرگە ڕووبەڕووی چەند ئاڵنگارییەکی جدی دەبێتەوە:

- تێکەڵبوونی ئەرکەکان: زۆرجار سنووری نێوان هەواڵگری و ئاسایشی سەربازی تێکەڵ دەبێت. پێویستە ئاسایشی پێشمەرگە جەخت بکاتەوە سەر پاراستنی ناوخۆیی و ڕێگری لە دزەکردن، نەک تەنها کۆکردنەوەی زانیاری دەرەکی.
- ئینتیما: گەورەترین هەنگاو، چەسپاندن و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانییە بۆ چوارچێوەیەکی یەکگرتوو. ئاسایشی سەربازیی ڕاستەقینە تەنها لەژێر سایەی نیشتماندا گەشە دەکات.
- بۆشایی تەکنەلۆژی: لە جیهانی ژیریی دەستکرد و جەنگی سایبەریدا، پێویستە پێشمەرگە سیستەمی پاراستنی پەیوەندییەکانی خۆی نوێ بکاتەوە تاوەکو لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان پارێزراو بێت.

بۆ بونیادنانی سوپایەکی سەردەمیانە، پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێن:

١. دامەزراندنی یەکەی ئاسایشی سەربازی، کە تەنها ئەرکی پاراستنی بنکەکان، دژە-سیخوڕی و چاودێریی دیسپلینی سەربازان بێت، بە جیا لە دەزگا هەواڵگرییەکان.

٢. کاراکردن و جێبەجێکردنی یاسایەکی توندی سزادانی سەربازی کە هەمووان لەبەردەمیدا یەکسان بن و دیسپلینی سوپا بپارێزێت.

٣. دروستکردنی یەکەی تایبەت بۆ پاراستنی داتاکان و سیستەمی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی.

٤. سوودوەرگرتن لە شارەزایی هاوپەیمانان بۆ فێربوونی شێوازە نوێیەکانی ئاسایشی زانیاری و بەڕێوەبردنی لۆجستیی مۆدێرن.

ئاسایشی سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە چیتر بژاردەیەک نییە، بەڵکو زامنی حەتمیی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە. وەرچەرخانی عەقڵیەتی سەربازی بەرەو ئاسایشی زیرەک و یەکخستنی یەکەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا، تاقە ڕێڕەوە بۆ مۆدێرنکردنی پێشمەرگە لە سەدەی بیست و یەکەمدا و تەنها لە سایەی دامەزراوەییبوونێکی ڕاستەقینەدایە کە دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان بۆ نەوەکانی ئایندە وەک میراتێکی پارێزراو دەمێننەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئاسایشا سەربازی

## فەلسەفەیا مانێ و پەرژانێ وەلاتی

ئامادەکرنی: شێرزاد نایف

سەن تزۆی بەریا ٢٥٠٠ سالان گۆتبوو: )ئەو کەسێ دوژمنی بناسیت و خۆ ژی بناسیت، د سەد شەران دا ناهێتە شکاندن(. ئەڤ حیکمەتە ناڤەرۆکا ) ئەولەهییا سەربازی( یە.

شەڕ بەری هاڤێتنا گوللەییان دەست پێ دکەت، چونکو شەرێ نوی نە بتنێ ب تفەنگێ دهێتەکرن، بەلکو ب زانیاریان دهێتە ڤەشارتن و ب وێ نیازا دهێتە ڤەشارتن و ب ئەوێ هوشیاریێ یاکو چ جاران نەنڤیت. هێزێن پێشمەرگەی ژی، یێن کو ناڤێ خۆ ل سەر چیایێن کوردستانێ ب خوینێ نەخشاندین، دزانن کو ئەو چەکێ بێ ئەولەهی وەکی وی شیری بێ دەستکە.

### د فەلسەفەیا ئەولەهیێ دا هەر ژ یۆنانییان هەتا چیایێن کوردستانێ

ئەولەهییا سەربازی نە رێکارەکە، بەلکو فەلسەفا هەبوونێ یە. ئەرستۆ چاوا هێزێ پێناسە دکەت؟: ـ ب ڤێ چەندێ «شیانا کریاری، و شیانا رێگرتنێ ل کریاری». ئەڤجا رێگرتن ل ڤێرە واتەیا وێ ناڤەرۆکا ئەولەهیێ یە: رێگرتن ل دوژمنی کو بزانیت و پێزانین هەبن، تەڤلی ئەردێ مە ببیت، کو فاکتەرێ (خاپاندنێ) بکاربینیت.

د هزرا کوردی دا، ئەڤ فەلسەفە د گۆتنا پێشمەرگەی یا خومالی دا دیاردبیت «کوردستان یان نەمان». ئەڤ درووشمە دبیت وەکو هەستەکا عاتفی دهێتەدیتن، لێ بەلکو بلندترین پلەیێن «ئەولەهییا ناسنامەیێ»یە.

ئەو شەرڤانێ باوەری ب وێ چەندێ هەی کو ئەرد ئەمانەتە، ئەو ب خۆ دبیتە وەکو بەلگەنامەکا نهێنی یا گەرۆك، نە ئاشکرا دکەت و نە ژی خیانەتێ دکەت. وەکی فەیلەسۆف کارل فۆن کلاوزڤیتز دبێژیت: «شەڕ بەردەواميا سیاسەتێ یە ب رێکێن دی»، ئەڤجا ئەولەهیا سەربازی بەردەواميا شەڕی یە ب رێکا بێدەنگیێ.

### پایەیێن ئەولەهییا سەربازی د ئەزموونا کوردی دا

ئەزموونا پێشمەرگەی ل دژی داعشێ ل سالا ٢٠١٤ نیشا مە دا کو ئەولەهیێ چار پایە هەنە:

١. ئەولەوهیا ئەقلی: پاراستنا شەرکەری یە ژ داگیرکرنا هزری. دوژمن ئەڤرۆ دەنگوباسان بەری مۆشەکان دهاڤێژیت. ل ڤێرێ ئەم دێ گۆتنا (نیتچێ) ئینینە زمان: (ئەوێ شەری ل گەل دەڕندەیان دکەت، بلا یێ هشیاری خۆ بیت کو ئەو ب خۆ نەبیتە دڕندە).

پێشمەرگەی مرۆڤاتیا خۆ د ناڤ دڕندەیێ دا پاراست، ئەڤە ژی لۆتکەیا ئەولەهییا ئەخلاقی یە.

ئەولەهییا زانیاریان: د شەرێن بەنداڤا مووسلێ و مەخمووری دا، داڵانا جفرە و کۆدان د ناڤ پەیوەندیێن خۆ دا؛ مانا مرنا سریەکەکا تەمام بوو یانژی مانا وێ بوو. ئەڤجا زانین هێزە لێ ڤەشارتنا وێ هێزێ ژ دوژمنی هێزەکا مەزنترە. زانایێ کورد ئەحمەدێ خانی دەربارەی «مەم و زین» گۆتیە:

(ئەگەر نهێنی بەلاڤ بوو، ئەو هندا بوو»، ئەڤە رێسایەکا پراکتیکی یە بەری کو ببیتە رێزکەکا هەلبەستێ).

٣. ئەولەهییا ئەردی: چیایێن کوردستانێ قەلایا دیرۆکی بوو. ئەڤرۆ، ئەولەهییا سەربازی مانا وێ ئەوە جوگرافیایێ بکەیە چەك. هەر شکەفتەك، هەر دەربەندەك، هەر گوندەکێ سنووری خالەکا سیخوڕیێ یە. پێشمەرگە بەرگریێ ژ ئاخێ ناکەت، بەلکو ئاخێ دکەتە بەرگریکار ژ خۆ.

٤ـ ئەولەهییا ڤەگێراندنا چیرۆکێ: دوژمن دخوازیت ئیرادەیا تە بشکێنیت بەری تفەنگا تە. ژ بەر هندێ فەیلەسۆف میشێل فوکۆ گۆتیە: «زانین دەستهەلاتە».

هەر کەسێ کۆنترۆلا چیرۆکێ بکەت، دێ کۆنترۆلا شەری کەت. راگەهاندنا پێشمەرگەی دەمێ راستیێ ژ سەنگەرێ ڤەدگوهێزیت، ئەو بلندترین جۆرێ ئەولەهییا خۆپاریزیێ پراکتیزە دکەت.

### ئاستەنگێن سەردەمی ـ ئەو شەڕێ کو نەهێتە دیتن

دوژمن ئێدی بتنێ ب لەشکەرەکێ مەزن ناهێت. ئەڤرۆ ئەم شەرێ ل گەل ڤان دکەین:

شەرێ ئەلیکترۆنی: هاککرنا مۆبایلان و ئەندازیاریا هزرێن خەلکی ب رێکا تیکتۆك و فەیسبۆکێ و ..هتد.

درۆنێن خۆکوژ: گوللە ئێدی دفڕیت و کامیرە پێڤەیە.

تێهەلچوونا ژ ناڤدا: ئەو کو ب عەرەبی دبێژنی (اختراق) ب رێکا بکارئینانا ناکۆکیێن سیاسی بۆ لاوازکرنا ئێکریزیا سەربازی.

ل ڤێرێ پێدڤییە ئەم گۆتنا فەیلەسۆفەکی بینینە زمان (جۆن لۆك):

> ئەو شەرڤانێ باوەری ب وێ چەندێ هەی کو ئەرد ئەمانەتە، ئەو ب خۆ دبیتە وەکو بەلگەنامەکا نهێنی یا گەرۆك، نە ئاشکرا دکەت و نە ژی خیانەتێ دکەت




(ل جهێ قانوون نەبیت، ئازادی نابیت). و ل جهێ پێگیریا ئاسایشێ نەبیت، سەرکەفتن نینە. وێنەیەکێ شەڕکەر ب نیازپاکی بەلاڤدکەت، دشێت جە و ئەحداسیاتێن فەوجەکەکا تەمام دیار بکەت.

## بەر ب بیروباوەرەکا ئەولەهی یا کوردستانی

١. خۆپاراستن ژ تاکی دەست پێ دکەت: هەر پێشمەرگەیەك ڕێڤەبەرێ ئەولەهیێ یە ل سەرخۆ. پێدڤییە کولتووری «گومانا پیرۆز» یاکو دیکارتی د ناڤ دا بهێتە چاندن: باوەرنەکە، بەلاڤنەکە، باوەر نەکە هەکە ژێدەرەکێ فەرمی نەبیت.

٢. تەکنەلۆژیا ب گیانەکێ کوردی: ئەم پێدڤی ب یەکەیەکا شەڕێ ئەلیکترۆنینە؛ ب زمانێ چیایێن مە باخڤیت، د زمانێ جفرەیا دوژمنێ مە بگەهیت و بەرسڤێ ب دو جارکە بدەت.

٣. بیردانك پەرژانە و مەتالە: دێکیۆمێنتکرنا خیانەتێن بەریا دەمی، پارچەیەکە ژ ئەولەهیا داهاتی. ئەو خیانەتا نەهێتە خواندن و لێکۆلین، دوبارە دبیت.

ئەولەهییا سەربازی د بیروباوەرا پێشمەرگەی دا سویندەکا نەنڤیسی یە: «بلا ئەز بمرم و نهێنیا من ل گەل من بمینیت، نەکو کوردستان بژیت و نهێنیا من ل گەل دوژمنی بیت».

ئەم مللەتەکین کو جوگرافیایێ و دیرۆکێ گۆتییە مە: مانا د ژیانێ دا بۆ وان کەسانە یێن د هشیار، نە بتنێ بۆ کەسێن ب هێز و وەکی بارزانیێ نەمر مستەفا؛ گۆتی:» گۆڕا پێشمەرگە ل وی جهێ یە یێ کو لێ دمریت». ئەولەهییا سەربازی ئەوە یا وێ گەرەنتیێ دکەت کو ئەڤ گۆڕە ل سەر ئینتەرنێتێ ب پۆستەکێ نەهێتە فرۆتن.

> ”پێشمەرگەی مرۆڤاتیا خۆ د ناڤ درندەیێ دا پاراست، ئەڤە ژی لۆتکەیا ئەولەهییا ئەخلاقی یە.“

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئاسایشی سەربازی

## ئەرک و ڕێنماییە سەرەکیەکان بۆ پێشمەرگە

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری میدیایی و پاراستنی دامەزراوە سەربازییەکان لە هەر دزەکردن و جەنگێکی دەروونی و لەپێناو پاراستنی شکۆی هێزی پێشمەرگە و دوورخستنەوەی هەر مەترسییەک لەسەر سەنگەرەکان، پێویستە هەموو ئەفسەر و پێشمەرگەیەک بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە پابەندی ئەم ڕێنمایی و ئەرکانەی خوارەوە بن، کە کرۆکی ئاسایشی سەربازی و بنەمایەکی پیشەیی گرنگن:

### ڕێنمایی

١. جەخت دەکەینەوە، کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە ڕاگەیاندنەکان بێنە ناو بارەگا و شوێنە سەربازییەکانتان. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە کەناڵ و میدیاکانیش دەکەین خۆیان لە گرتنی وێنە و ڤیدیۆی سەنگەر و بارەگا سەربازییەکان بە دوور بگرن.

٢. لێدوان و پێدانی زانیاری بە ڕاگەیاندنەکان لەلایەن فەرماندە و ئەفسەران و پێشمەرگەوە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

٣. بە هەموو شێوەیەک بڵاوکردنەوەی وێنە، ڤیدیۆ و زانیاریی تایبەت بە سەنگەر و بارەگاکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پۆستکردنیان قەدەغەیە.

٤. بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی زانیاری، تکایە هەر پەیج و ئەکاونتێک دەبینن کە بە ناوی پێشمەرگەوە زانیاریی سەربازی بڵاودەکاتەوە، لینکی پەیجەکەمان بۆ بنێرن تاوەکو لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر.

٥. هەر ئەفسەر و پێشمەرگەیەک پێشێلی ڕێنماییەکان بکات، ڕووبەڕووی توندترین سزای سەربازی و کارگێڕی دەبێتەوە و لەمبارەیەوە چاودێریی وردی ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیا دەکرێت.

٦. پێویستە ئەفسەرانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری لە یەکە سەربازییەکان، ئۆپەراسیۆنەکان، هەواڵگری، چاودێریی وردی یەکەکان و ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا بکەن و هەروەها ئەو ڕێنماییانە لەناو یەکەکان پەخش بکەن.

٧. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، چاودێریی وردی سۆشیال میدیا دەکەین بۆ تۆمارکردنی هەر سەرپێچییەک لەم خاڵانە و وەرگرتنی ڕێکاری سەربازی و یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرووی خۆمان.

### ئەرکە ناوخۆییەکان

دژەسیخوڕی: دۆزینەوە و پووچەڵکردنەوەی هەر هەوڵێکی دوژمن بۆ چاندنی سیخوڕ یان دزەکردنە ناو یەکەکان و بارەگاکانی پێشمەرگە.

پاراستنی نهێنییەکان: پاراستنی نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکان، شوێنی جێگیربوونی هێزەکان و کۆدەکانی پەیوەندی بێ تەل بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی نەیاران.

پاراستنی فیزیکی دامەزراوەکان: چاودێریکردنی وردی جبەخانەکان، کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی و بارەگا ستراتیژییەکان لە هەر کردەوەیەکی تێکدەرانە.

پشکنینی ئەمنی و دڵسۆزی: لێکۆڵینەوە و پشکنینی وردی پێشینەی ئەو کەسانەی دەبنە پێشمەرگە یان لە پۆستە هەستیارەکاندا دادەمەزرێن، بۆ دڵنیابوونەوە لە دڵسۆزییان بۆ نیشتمان.

بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی: ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندە و هەواڵی چەواشە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کە ئامانجیان تێکدانی ورەیە.

ئاسایشی دیجیتاڵی و تەکنیکی: پاراستنی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و سیستمەکانی چاودێریی پێشمەرگە لە هاککردن یان تێکدان لەلایەن لایەنە نەیارەکانەوە.



# هاوکێشەی وەرچەرخانەکان

# گۆڕانکاریە ئەندازیارییەکانی جەنگە نوێیەکان

● موقەدەم/ عومەر ئەحمەد مەرگەیی

مێژوو دەسەلمێنێت کە سوپای سەرکەوتوو جەنگی لە ژووری پلانداناندەباتەوە نەک مەیدان، ئەمڕۆش چەمکی (ئازایەتیی ڕووت) گۆڕاوە بۆ (ئازایەتیی ڕێکخراو) کە تێیدا ژیریی ئەفسەر و زانست، سەربازەکان دەپارێزێت. لەم سەردەمە نوێیەدا هێزی پێشمەرگە لەبەردەم وەرچەرخانێکی فیکری و جەوهەریدایە بۆ بوون بە سوپایەکی دامەزراوەیی. بۆ ئەمەش پێویستە سوود لە ئەزموونی سوپای ئەمریکا (چەمکی T2COM) وەربگرێت و بیروباوەڕی خۆی لەسەر بنەمای میتۆدەکانی ADM و MDMP دابڕێژێتەوە.

## وەرچەرخانی ستراتیژی

شکست دەبێتە هەوێنی گۆڕانی گەورە، وەک دامەزراوەی «ترادۆک» دوای جەنگی ڤێتنام، و دواتر یەکخستنی لەگەڵ AFC لەژێر چەتری T2COM لە ٢٠٢٥ بۆ یەکخستنی مەشق و تەکنەلۆژیا. پێویستە پێشمەرگەش لە ڕێگەی ناوەندێکی نیشتمانییەوە ئەم ئەزموونە پەیڕەو بکات:

1. پەیڕەوکردنی ADM بۆ شیکردنەوەی ژینگەی ئۆپەراسیۆن.
2. یەکخستنی زمان و مەنتیقی سەربازی لە ڕێگەی MDMP.
3. نوێکردنەوەی ڕاهێنانی جەنگ بەپێی تۆپۆگرافیا و هەڕەشە نوێیەکان.

## پرۆسەی بڕیاردانی سەربازی (MDMP)؛ لە تیۆرەوە بۆ کردار

MDMP دڵ و مێشکی دامەزراوەیەکی سەرکەوتووە و ڕێگرە لە بڕیاردانی سۆزداری. ئەمە پرۆسەیەکی حەوت هەنگاوییە: وەرگرتنی ئەرک (و دەرکردنی ڕێنمایی کاتی)، شیکردنەوەی ئەرک (و داڕشتنی نەخشەی دوژمن)، پەرەپێدانی ڕێڕەوی کار (COA) بە مەرجی گونجاوی و شیاوی، شیکردنەوەی ڕێڕەوی کار (War Gam-ing) لەسەر نەخشە بۆ دۆزینەی خاڵی شکست، بەراوردکردنی ڕێڕەوەکان بە پێوەری زانستی، پەسەندکردنی ڕێڕەو لەلایەن فەرماندەوە، و دەرکردنی فەرمانی ئۆپەراسیۆنی کۆتایی.

## فەلسەفەی فەرماندەیی باڵا

باشترین پلان بە بێ فەلسەفەی فەرماندەیی دروست بێسوودە. فەرماندەیی دروستکردنی کەشێکی متمانەیە، نەک تەنها بەکارهێنانی دەسەڵات. فەرماندەی باڵا وەک سوارچاکێکە؛ توندکردنی لغاو نیشانەی بێ متمانەییە و ڕێگرە لەبەردەم دەسپێشخەریی ئەفسەرەکان لە مەیدانی جەنگدا.

## دەروونناسیی دامەزراوە و مەترسییەکان

بەڕێوەبردنی وردەکارییە بچووکەکان (Micromanagement) لەلایەن فەرماندەی باڵاوە دەبێتە کوشتنی دەروونی هەیئەتەکان، ئیفلیجیی بڕیار و لەدەستدانی وێنە گەورەکە. ئەرکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




فەرماندە دروستکردنی ژینگەی دروستە بۆ بڕیاردان، نەک بڕیاردان لە جیاتی هەمووان.

## نیازی فەرماندەی باڵا؛ کلیلی سەرکەوتنە

لە کاتی پچڕانی پەیوەندییەکان لە جەنگدا، تەنها «نیازی فەرماندەی باڵا» سوپا لە تێکشکان دەپارێزێت. ئەم نیازە ڕوونکردنەوەی «بۆچی» شەڕەکە دەکەین، ئەرکە سەرەکییەکان و دۆخی کۆتاییە. زانینی ئەم سێ ڕەهەندە ڕێگە بە پێشمەرگە دەدات بڕیاری سەربەخۆی دروست بدات.

## پلاندانانی خێرا و ئەزموونی مەیدانی

لە جەنگدا کات گرنگە، بۆیە پلاندانانی ورد دەبێت بگۆڕدرێت بۆ پلاندانانی خێرا لە مەیدان. ئەمەش پێویستی بە پلاندانانی هاوتەریب، پەیڕەوی یاسای زێڕینی کات (٣/١ بۆ پلاندانان، ٣/٢ بۆ جێبەجێکردن)، وەرچەرخان لە کاتی پەیوەندیدا (T2COM) و دەستکراوەیی بەخشین بە فەرماندە مەیدانییەکان لە چوارچێوەی نیازەکەدا هەیە.

## بەرەو سوپایەکی نیشتمانی و زانستخواز

وەرچەرخان بۆ سوپایەکی مۆدێرن پەیڕەوکردنی ADM و گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیە بۆ ئەوەی MDMP ببێتە زمانی ڕۆژانەی ئەفسەران. سەرکەوتن بەستراوەتەوە بە دامەزراوەی زانستخواز کە بڕیارەکانی لەسەر داتا و میتۆدی زانستی بن، نەک تەنها ئازایەتیی تاکەکەسی.

## پەراوێزەکان:

١. T2COM فەرماندەیی وەرچەرخان و مەشقی سوپا؛ سیستمێکی نوێیە (٢٠٢٥) بۆ یەکخستنی تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی سوپای ئەمریکا.

٢. TRADOC فەرماندەیی مەشق و بیروباوەڕی سوپای ئەمریکا؛ بەرپرسە لە داڕشتنی سیستەمی شەڕکردن و مەشق.

٣. AFC فەرماندەیی ئاییندەی سوپا؛ ئەرکی مۆدێرنکردن و پەرەپێدانی چەکی نوێی لە ئەستۆیە.

## سەرچاوەکان:

U.S. Army TRADOC (2025). Victory Starts Here: A 52-Year History of TRADOC (1973-2025).

U.S. Army (2022). ADP 6-0: Mission Command & FM 6-0: Planning and Orders Production.

Lt. Col. Lee Robinson (2022). Understanding Mission Command.

Jade Garratt (2025). Psychological Safety and Micromanagement.

موقەدەم عومەر ئەحمەد مەرگەیی. جەنگی دژی داعش: لە گۆڕەپانی جەنگدا دیوێکی تر هەیە.

# ڕۆبـــۆتــــەکـــان

## قەڵغانی نوێی بەرگری بژاردەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی دەوڵەت

● ئامادەکردنی: هاوڕێ شەریف ڕەشید

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەم و تەقینەوەی شۆڕشی ژیریی دەستکرد (AI)، چەمکی ئاسایشی نیشتمانی و پاراستنی سنوورەکان تووشی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بووە. چیتر ڕۆبۆتەکان تەنها ئامێری بێ گیانی ناو کارگە پیشەسازییەکان نین، بەڵکو بوونەتە کارەکتەری سەرەکی لە ناو جەرگەی ستراتیژییە ئەمنی و سەربازییەکانی جیهاندا. ئەمڕۆ، وڵاتان لەبەردەم پێناسەیەکی نوێی "سەروەری"دان، کە تێیدا تەکنەلۆژیا و ئامێرە خۆکارەکان دیاریکاری سەرەکین بۆ ئەوەی ئایا دەوڵەتێک دەتوانێت قەوارەی خۆی بپارێزێت یان نا. ئەم ململانێیە کایەیەکی نوێی لە جەنگی سارد و گەرم هێناوەتە ئاراوە کە مێژووی مرۆڤایەتی هاوشێوەی نەدیوە.

### ڕۆبۆت وەك قەڵغانێکی پۆڵایین و پارێزەری گیانی مرۆڤ

لەلایەنی گەشاوەی ئەم تەکنەلۆژیایەوە، ڕۆبۆتەکان و سیستەمە زیرەکەکان وەک قەڵغانێکی بەرگریی مۆدێرن دەردەکەون کە دەتوانن توانای وڵاتان بۆ بەرپەرچدانەوە چەند بەرانبەر بکەن. گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم بوارە بریتین لە:

١. پاراستنی سامانی مرۆیی: ڕۆبۆتەکان ئەرکە هەرە مەترسیدارەکان دەگرنە ئەستۆ، وەک پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین، پووچەڵکردنەوەی بۆمبە چێنراوەکان، و چاودێریکردنی ٢٤ کاتژمێریی سنوورە سەخت و شاخاوییەکان. ئەمە وادەکات ڕێژەی قوربانیانی سوپا و هێزە ئەمنییەکان بۆ ئاستی سفر دابەزێت.

٢. کۆنترۆڵکردنی زانیاری و داتا: لە ڕێگەی کامێرا گەرمییەکان و هەستەوەرە وردەکانەوە (Sensors)، دەتوانرێت بڕێکی زەبەلاح لە زانیاری کۆبکرێتەوە و لە ڕێگەی ژیریی دەستکردەوە شیکارییان بۆ بکرێت. ئەمەش ڕێگری دەکات لە هەر هێرشێکی تیرۆریستی یان دزەکردنێکی نایاسایی پێش ئەوەی ڕووبدات.

٣. خێرایی لە بڕیاردان: لە جەنگە مۆدێرنەکاندا چرکەکان بڕیاردەرن. سیستەمە ڕۆبۆتییەکان دەتوانن کاتی بڕیاردانی سەربازی لە کاتژمێرەوە بۆ چەند چرکەیەک کورت بکەنەوە، ئەمەش دەرفەتی کاردانەوەی خێرا دەڕەخسێنێت و پیلانی لەناکاوی نەیاران پووچەڵ دەکاتەوە.

### مەترسییەکانی هاککردن و نەمانی ویژدانی مرۆیی

سەرەڕای سوودەکانی، پشت بەستنی ڕەها بە ڕۆبۆتەکان وەک (چەقۆیەکی دووسەر) وایە. مەترسییەکان لێرەدا قووڵ و توندن:

جەنگی سایبەریی گشتگیر: لە دنیای دیجیتاڵیدا، هیچ قەڵایەک ١٠٠٪ پارێزراو نییە. ئەگەری هاککردنی ئەم ڕۆبۆت و چەکە زیرەکانە لەلایەن گروپە توندڕەوەکان یان دەوڵەتە دوژمنەکانەوە، کارەساتێکی گەورە دەخولقێنێت. مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەم چەکانە دژی خودی نیشتمان و ژێرخانە هەستیارەکانی وەک کارەبا و نەوت بەکاربهێنرێنەوە.

بێ بەهاکردنی ئەخلاق و ویژدان: سپاردنی بڕیاری ژیان و مردنی مرۆڤەکان بە کۆمەڵێک ئەلگۆریتمی سارد و هاوکێشەی ماتماتیکی، مەترسییەکی جددییە. ڕۆبۆتەکان بەزەیی و ویژدانیان نییە و لە کاتی شەڕە ئاڵۆزەکاندا ناتوانن بە وردی جیاکاری لە نێوان چەکدارێک و منداڵێک یان هاووڵاتییەکی بێ دیفاعدا بکەن، ئەمەش ڕێژەی کوشتنی بەهەڵە و زیان بە مەدەنییەکان بەرزدەکاتەوە.

### تەحەددییە یاساییەکان و بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی

سەرهەڵدانی چەکە خۆکارە بکوژەکان (LAWS) بۆشاییەکی گەورەی یاساییان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دروست کردووە. بەپێی پەیماننامەکانی جنێف، دەبێت لایەنی تاوانبار لە تاوانەکانی جەنگدا دیاری بکرێت، بەڵام کاتێک ڕۆبۆتێک بە بێ ویستی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بڕیاری کوشتن دەدات، کێ بەرپرسیارە؟ ئایا پرۆگرامسازەکە؟ کۆمپانیاکە؟ یان فەرماندە سەربازییەکە؟ ئەم نادیارییە وادەکات دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ خۆدزینەوە لە لێپرسینەوە، زیاتر پەنا بۆ ئامێرە بێ گیانەکان ببەن، کە ئەمەش ڕەوشتی شەڕ بەرەو دڕندەییەکی بێسنوور دەبات.

> ”ڕۆبۆتەکان هەرچەندە زیرەك و خێرا بن، هەرگیز ناتوانن جێگەی ئینتیمای نیشتمانی و ویژدانی مرۆیی بگرنەوە. ئەوان تەنها ئامرازن لە دەستی مرۆڤدا. قەڵغانی ڕاستەقینەی هەر نیشتمانێك، تێکەڵکردنی هۆشیاری و زانستە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەخلاقییانەی تەکنەلۆژیا“

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



### ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی: جەنگێك لە ناوەوە

ئاسایشی نیشتمانی تەنها پەیوەست نییە بە سنوورەکانەوە، بەڵکو پایە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە. ڕۆبۆتەکان مەترسییەکی ڕاستەوخۆن بۆ سەر ئاسایشی بژێویی هاووڵاتیان وەک:

بێکاریی تەکنەلۆژی: جێگرتنەوەی هێزی کاری مرۆیی بە ڕۆبۆت لە کارگەکان، بەندەرەکان و دامەزراوەکاندا، دەبێتە هۆی دەرکردنی هەزاران کرێکار. ئەمەش کەلێنی چینایەتی گەورەتر دەکات و دەبێتە هۆی نارەزایەتیی جڤاکی و ئاژاوەی ناوخۆیی. دەوڵەتێک کە لە ناوەوە تووشی لێکترازان بێت، لەبەردەم هێرشی دەرەکیدا زۆر لاوازتر دەبێت.

### ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوە و دروستکردنی هاوسەنگییەکی ژیرانە

بۆ ئەوەی وڵاتان لەم گەردەلوولە تەکنەلۆژییەدا پارێزراو بن، پێویستیان بە ستراتیژییەکی نیشتمانیی گشتگیر هەیە کە ئەم خاڵانە لەخۆبگرێت:

١. بنیاتنانی هێڵی بەرگریی ئەلیکترۆنی: دروستکردنی دیوارێکی پاراستنی پۆڵایین بۆ ڕێگری لە هاککردنی سیستەمە سەربازی و مەدەنییەکان.

٢. یاسادانانی توند: پەرلەمانەکان دەبێت سنووری بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد دیاری بکەن تا زیان بە ماف و بژێویی هاووڵاتیان نەگات.

٣. گۆڕینی ڕۆڵی مرۆڤ: مرۆڤ نابێت لە پرۆسەکە دوور بخرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوامەوە، ڕۆڵی لە "جێبەجێکار"ەوە بگۆڕێت بۆ "چاودێر و پلاندارێژەر"، تا هەمیشە بڕیاری کۆتایی لە دەستی مرۆڤدا بمێنێت.

### هۆشیاریی مرۆیی

ڕۆبۆتەکان هەرچەندە زیرەک و خێرا بن، هەرگیز ناتوانن جێگەی ئینتیمای نیشتمانی و ویژدانی مرۆیی بگرنەوە. ئەوان تەنها ئامرازن لە دەستی مرۆڤدا. قەڵغانی ڕاستەقینەی هەر نیشتمانێک، تێکەڵکردنی هۆشیاری و زانستە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەخلاقییانەی تەکنەلۆژیا. تەنها بەم هاوکێشە هاوسەنگە، وڵات دەتوانێت سەروەریی خۆی بپارێزێت و پاشەڕۆژێکی ئارام و سەقامگیر بۆ هاونیشتمانیان دابین بکات، بە بێ ئەوەی ناسنامە و بەها مرۆییەکانی لە دەست بدات.

### سەرچاوەکان:

١. ڕاپۆرتەکانی پەیمانگەی ستۆکهۆڵم بۆ توێژینەوەی ئاشتی (SIPRI): ئەم پەیمانگەیە ساڵانە توێژینەوەی قووڵ لەسەر چەکدارکردنی ژیریی دەستکرد و سیستەمە سەربازییە خۆکارەکان (Autonomous Weapons Systems) بڵاودەکاتەوە.
٢. ڕاپۆرتەکانی Human Rights Watch (کەمپەینی وەستاندنی ڕۆبۆتە بکوژەکان): ئەم سەرچاوەیە تیشک دەخاتە سەر نەمانی لایەنی مرۆیی و ئەخلاقی لە بڕیاردانی سەربازیدا.
٣. کتێبی / Army of None: Autonomous Weapons and the Future of Wa

# شەڕێ درۆنان د ناڤبەرا رووسیا و ئۆکرانیایێ دا

## مەترسیەك ل سەر ئاسایشا ئەورووپایێ

ئامادەکردنی: عومران میکائیل

د سالێن بۆری دا، جیهانێ بەرێ خۆ دا جۆرەکێ نوی یێ شەرکاریێ، کو تێدا تەکنۆلۆژیا ب ڕوونی ڕۆلێ ئێکلاکەر ل سەر مەیدانێ دبینیت. شەڕێ د ناڤبەرا ڕۆسیا و ئۆکرانیایێ دا بتنێ ب چەکێن سڤک و تانك و تۆپان ناهێتە کرن، بەلکو درۆن یان فڕۆکەیێن بێ فڕۆکەڤان بووینە ئەکتەرێن سەرەکی یێن ڤی شەڕی. جهێ دلگرانیێ یە کو ئەڤ شەڕێ درۆنان ئێدی د ناڤ سنوورێن ڤان هەردو وەلاتان دا نەمایە، بەلکو مەترسییێن وێ ل ئاسمانێ وەلاتێن ئەورووپایێ بەلاڤ بووینە و ئەنجامێن مەترسیدار ل سەر ئاسایشا نیڤدەولەتی هەنە.

درۆن بووینە چەکەکێ ستراتیژی، ژ بەر کو تێچوویا وان یا کێمە ل بەرامبەر وێ وێرانکارییا ژێ پەیدا دبیت. ئۆکرانیا و رووسیا هەردو لایەن ب هزاران درۆنان بۆ سیخوڕییێ، دەستنیشانکرنا ئارمانجان و بۆردومانکرنا کەمپێن سەربازی بکاردئینن. لێ ئەڤ چەکە گەلەک جاران ژ کۆنترۆلێ دەر دکەڤیت، ژ بەر کو مەودایێ فڕینا وان یێ درێژە و گەلەک ژ وان ب شاشی یان ژ بەر تێکچوونا سیستەمی، بەر ب سنوورێن وەلاتێن جیران دچن، ب تایبەتی ئەو وەلاتێن ئەندام د پەیمانا ناتۆ (NATO) دا وەکو پۆلەندا، ڕۆمانیا و لاتیڤیا.

ئێك ژ مەترسیدارترین پێشهاتان د ڤی شەڕی دا، بکارئینانا تەکنۆلۆژیایەکا پێشکەفتی یا "شەڕێ ئەلیکترۆنی" یە. هێزێن ڕۆسی ب توندی کار ل سەر تێکدانا سیگنالێن GPS دکەن. ئەڤ تەکنیکە نە بتنێ درۆنان ژ ناڤ دبەت، بەلکو دشێت سیستەمێ ئاڕاستەکرنا درۆنێن ئۆکرانی بگوهۆڕیت و کۆنترۆلا وان بکەت. دەمێ ڕۆسیا سیگنالێن درۆنەکێ تێك ددەت، ئەو درۆن ئاڕاستەیێ خۆ ژ دەست ددە و بەر ب جهەکێ نەدیار دچیت. ئەڤە دبیتە ئەگەر کو درۆن، ب بێی ئیرادا لایەنێ هێرشبەر، بەر ب ئاسمانێ وەلاتێن ئەورووپی بفڕن و مەترسیا پێکدادانێن مەزنتر ل سەر ئاسمانێ ئەورووپایێ درۆست بکەن.

بەلاڤبوونا شەڕێ درۆنان بۆ ناڤ ئەورووپایێ، چەندین گەفێن جددی پێشچاڤ دکەت:

ئێک، پێلێدانا سەروەریا ئاسمانی و کەفتنا پارچەیێن درۆنان، یان خودی درۆنان ب ساغی، ل وەلاتێن وەکو ڕۆمانیا و پۆلەندا، دەرگەهێ ڤەکۆلین و شیکارییێن سەربازی یێن مەترسیدار ڤەدەکەت.

دو، تێکدانا سیگنالێن GPS ژ لایێ ڕۆسیا ڤە ل دەڤەرێن دەریایا بەلتیق و نێزیك سنوورێن ناتۆ، کاریگەرییێ ل سەر فڕۆکەیێن سڤیل یێن نەفەرهەلگر ژی دکەت، کو ئەڤە گەفەکا ڕاستەوخۆیە ل سەر ژیانا وەلاتیێن سڤیل.

سێ، ئەگەر درۆنەکا چەکدار ل سەر ئاخا وەلاتەکێ ناتۆ ب تەقیت و ببیتە ئەگەرێ زیانێن گیانی، ئەڤە دشێت بڕگەیا (٥) یا پەیمانا ناتۆیێ چالاک بکەت، کو دبێژیت: (هەر هێرشەک ل سەر وەلاتەکێ ئەندام، هێرشە ل سەر هەمی وەلاتێن ئەندام). ئەڤە ژی دێ جیهانێ بەر ب شەڕەکێ مەزنتر ڤە بەت ژ شەڕێ د ناڤبەرا ڕۆسیا و ئۆکرانیایێ دا.

شەڕێ درۆنان د ناڤبەرا رووسیا و ئۆکرانیایێ دا نیشان ددە کو تەکنۆلۆژیایا نوو چەند یا بێبەزەیی یە و سنووران نانیاسیت. ڕەڤاندنا درۆنان و تێکدانا ئاسمانی ژ لایێ مۆسکۆیێ ڤە، ئێدی بتنێ کێشەکا هەرێمی نینە، بەلکو ئەورووپا هەمی ئێخستییە د حالەتێ ئامادەباشییێ دا. بۆ ڕووبەڕووبوونا ڤێ گەفێ، وەلاتێن ئەورووپی پێدڤی ب سیستەمێن بەرگریێ یێن پێشکەفتیتر و چاودێرییەکا بهێزترن دا کو بشێن ئاسمانێ خۆ ژ سیبەرێن ڤی شەڕی بپارێزن.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# مەترسیی وێنە بازرگانییەکان لە کاتی جەنگدا

وێنەی مانگە دەستکردەکان چیتر تەنها وێنەیەکی بێلایەن نین، بەڵکو بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی لە جەنگی هاوچەرخ. ئەم وێنانە بۆ چەندین مەبەست بەکاردێن:

- کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و هەڵسەنگاندنی زیانی هێرشەکان.
- پاڵپشتی پلاندانانی سەربازی و ئاراستەکردنی هێرشەکان.
- دروستکردنی گێڕانەوەی میدیایی و لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکان.

**١. شکانی قۆرغکاریی دەوڵەت و سەرهەڵدانی کەرتی تایبەت:**

لە رابردوودا تەنها دەوڵەتە زلهێزەکان خاوەنی ئەم تەکنەلۆژیایە بوون، بەڵام ئێستا کۆمپانیا بازرگانییەکانی وەک (Maxar, Planet Labs, ICEYE ) وێنەی زۆر ورد و خێرا دەخەنە بازاڕەوە.

- سیستمی تەواو: کێشەکە تەنها وێنەکە نییە، بەڵکو ئەو زنجیرە زانیارییەیە کە لە مانگە دەستکردەکەوە دەستپێدەکات و بە خوارزمەکانی ژیریی دەستکرد AI شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و دەگۆڕێت بۆ بڕیاری سەربازی.

**٢. چەمکی جەنگی جوگرافی:**

جەنگی نوێ تەنها لەسەر زەوی نییە، بەڵکو لەسەر زانیارییەکانی زەوییە. توانای دەستڕاگەیشتن بە وێنەکان، شیکردنەوەیان، و کۆنترۆڵکردنی کاتی بڵاوکردنەوەیان، هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت.

- ئەم وێنانە کەلێنی هەواڵگری بۆ هێزە لاوازەکان پڕ دەکەنەوە.
- پشتبەستنی دەوڵەتان بە کۆمپانیا تایبەتەکان، فشۆڵیی ستراتیژی دروست دەکات؛ چونکە دەوڵەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بڕیار و مەرجەکانی کۆمپانیاکە.

**٣. کۆمپانیا تایبەتەکان وەک ژێرخانی هەستیاری جەنگ:**

- کۆمپانیاکان چیتر تەنها خزمەتگوزار نین، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر رەوتی جەنگ هەیە.
- بڕیاری کۆمپانیایەک بۆ بەردەستکردن یان پەکخستنی وێنە و پەیوەندییەکان، راستەوخۆ کار دەکاتە سەر سوپاکان.
- ئەمەش کێشەی بێلایەنی دروست دەکات، بەتایبەت کاتێک کۆمپانیایەک لە هەمان کاتدا گرێبەستی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری و دەزگای میدیاییشدا هەبێت.

**٤. شەڕی راستی و مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد:**

وێنەی مانگە دەستکردەکان بەهۆی ئەوەی لە بۆشایی ئاسمانەوە دێن، وەک راستی رەها دەبینرێن، بەڵام ئەمە هەمیشە وا نییە:

- چەواشەکاری: وێنەکان دەکرێت لە چوارچێوەی خۆیان دەربهێنرێن بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە.
- ساختەکاری Deepfakes: ژیریی دەستکرد دەتوانێت وێنەی ساختە دروست بکات یان متمانە بە وێنە راستەقینەکان لاواز بکات، بە جۆرێک کە تاوانباران بتوانن بڵێن ئەم وێنانە ساختەن.

**٥. ئاستەنگە یاسایی و ئەخلاقییەکان**

یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی روبەڕووی تەحەددییەکی نوێ بووەتەوە:

- بەشداریکردن لە جەنگ: کەی وێنەگرتن دەبێتە کردەوەی سەربازی؟ وێنەیەک بۆ میدیا بڵاو دەکرێتەوە مەدەنییە، بەڵام وێنەیەک کە بە پەلە و تایبەت بۆ لایەنێکی شەڕکەر بنێردرێت بۆ پێکانی ئامانج، دەچێتە خانەی بەشداریکردنی راستەوخۆ لە جەنگ.
- ئامانجە بازرگانییەکان: ئایا رەوایە مانگێکی دەستکرد یان وێستگەیەکی زەوی پەکبخرێت ئەگەر خزمەت بە سوپایەک بکات؟ ئەمە مەترسی بۆ سەر خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان دروست دەکات.

**دەرەنجام:**

داهاتووی جەنگەکان لە دەستی ئەو لایەنەدایە کە کۆنترۆڵی بینین دەکات. بۆیە پێویستە جیهان بەرەو حوکمڕانییەکی بەرپرسانە هەنگاو بنێت کە تێیدا:

١. کۆمپانیاکان پابەندی ئەخلاقییان هەبێت لە دابەشکردنی داتاکاندا.

٢. دەوڵەتان چاودێرییەکی وردتر بخەنە سەر کەرتی تایبەتی بۆشایی ئاسمان.

٣. یاسای نێودەوڵەتی نوێ بکرێتەوە بۆ جیاکردنەوەی شەفافیەتی پێویست لە مەترسیە ئەمنییەکان.



# سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی

## چۆن ڕووبەڕووی درۆنەکان دەبنەوە

● ئامادەکردنی: سۆران عەلی

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سەربازی، درۆنەکان بوونەتە یەکێک لە مەترسیدارترین چەکەکانی جەنگی مۆدێرن. سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی چیتر تەنیا پشت بە مووشەک نابەستن، بەڵکو پرۆسەیەکی چوار قۆناغی پەیڕەو دەکەن:

١. دۆزینەوە و ناسینەوە

بەهۆی بچووکیی قەبارەیان و دروستکردنیان لەو ماددانەی کە شەپۆلی ڕادار دەشارنەوە، دۆزینەوەیان کارێکی ئاسان نییە، بۆیە بەرگریی ئاسمانی سوود لەم ئامرازانە وەردەگرێت:

ڕاداری تایبەت: بۆ دۆزینەوەی تەنە زۆر بچووکەکان.

ئامێری گرتنی شەپۆلی لاسلکی: بۆ دۆزینەوەی ئەو ئاماژانەی لە نێوان درۆنەکە و بەڕێوەبەرەکەیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

کامێرای گەرمی: بۆ هەستکردن بە گەرمیی بزوێنەر و پاترییەکەی.

هەستەوەری دەنگی: بۆ ناسینەوەی دەنگی بزوێنەری درۆنەکە.

نموونە: سیستەمی (Merops)ی ئەمریکی، ژیری دەستکرد بۆ دۆزینەوەی درۆنەکان بەکاردێنێت، تەنانەت ئەگەر سیستەمی پەیوەندییەکانیشیان پچرابێت.

٢. شوێنکەوتن و هەڵسەنگاندنی مەترسی

دوای دۆزینەوەی، سیستەمەکە چاودێریی خێرایی، بەرزی و ئاراستەکەی دەکات. لەم قۆناغەدا ژیری دەستکرد بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی درۆن لە "باڵندە" یان هەر تەنێکی تری ئاسمانی کە مەترسی نییە.

٣. شێواندنی ئەلیکترۆنی

ئەمە باوترین ڕێگەیە بۆ لەکارخستنی درۆنەکان. ئامێرەکان شەپۆلێکی بەهێز دەنێرن کە پەیوەندیی نێوان درۆنەکە و بەکارهێنەرەکەی دەپچڕێنێت.

* ئەم تەکنیکە ٨٠٪ بۆ ٩٠٪ی درۆنەکان پەکدەخات.
* لە ئەنجامدا درۆنەکە یان تێکدەچێت و دەکەوێت، یان ناچار دەبێت بنیشێتەوە.

تێبینی: ئەم ڕێگەیە لە نێوان شارەکان و نزیک فڕۆکەخانە مەدەنییەکان سنووردارە، چونکە کار دەکاتە سەر سیستەمی پەیوەندییەکانی تریش.

٤. پێکانی ڕاستەوخۆ

ئەگەر درۆنەکە بە شێوازی فرینی خۆکار کار بکات و پێویستی بە شەپۆلی ڕادیۆیی نەبێت، شێواندنی ئەلیکترۆنی کاری تێ ناکات. لێرەدا بەرگریی ئاسمانی پەنا دەباتە بەر:

مووشەکی کورت مەودا.

تۆپی خێرا و ئۆتۆماتیکی.

درۆنی ڕاوکەر: درۆنێکی تر کە خۆی بە ئامانجەکەدا دەتەقێنێتەوە.

تیشکی لەیزەر: لە سیستەمە زۆر پێشکەوتووەکاندا بۆ سووتاندنی درۆنەکە لە دوورەوە بەکاردێت.

### بۆچی ڕووبەڕووبوونەوەیان قورسە؟

پسپۆڕان دەڵێن بچووکیی قەبارە، نزمیی ئاستی فڕین و هەرزانیی تێچووی درۆنەکان وای کردووە کە بەرپەرچدانەوەیان زۆر ئاڵۆزتر بێت لە فڕۆکە جەنگییە گەورەکان.

سەرچاوە: www.aawsat.com



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# فێربوونی ئەلیکترۆنی

## پەرەپێدانی کارامەییە سەربازییەکان لە دمەزراوەی سەربازییدا

● ئامادەکردنی: ڕێبوار

ئەمڕۆ جیهان بە زمانێکی یەکگرتوو دەدوێت کە پێکهاتوە لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. لە سایەی گۆڕانکارییەکانی وەک جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری، ئاستەنگی نوێ هاتونەتە پێش کە ناچارمان دەکەن ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن بەکاربهێنین. بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتن و دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی بەهێز.

پێویستە دامەزراوە سەربازییەکانمان بەرەو جیهانی تەکنەلۆژیا بەرین و شێوازە مۆدێرنەکانی ڕاهێنان بەکاربهێنین، چونکە هێزی سوپا تەنها لە چەکدا نیە، بەڵکو لەو زانیاری و کارامەییە تەکنەلۆژی و دیجایتاڵیانەدایە کە سەرباز پێویستە بیزانێت و شارەزایان بێت.

### فێربوونی ئەلیکترۆنی لە سوپادا

ڕاهێنان هەوڵێکی پلان بۆدارێژراوە بۆ ئەوەی ئەفسەران و سەربازەکان شارەزایی و کارامەیی پیشەیی پەیدا بکەن. جاران ڕاهێنان تەنها بە شێوەی کلاسیکی، مەیدانی و شیوازی وشک بوو، بەڵام ئەمڕۆ سوپای وڵاتانی پێشکەوتوو پشت بە ڕاهێنانی پەرەپێدراوو دیجیتاڵیانە دەبەستن.

تەکنەلۆژیای زانیاری: بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان بۆ کۆکردنەوە، کۆگاکردن و دابەشکردنی زانیارییە سەربازییەکان.

فێربوونی ئەلیکترۆنی : سیستەمێکی کارلێکەرە کە ڕێگە دەدات بابەتە زانستی و سەربازییەکان بە دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ و نەخشە بگەنە دەستی فێرخواز لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، بەبێ گوێدانە مەودا جوگرافییەکان.

### گرنگی و سوودەکانی تەکنەلۆژیا بۆ هێزە چەکدارەکان

١. تێپەڕاندنی کات و شوێن: کێشەی دوریی مەوداکان چارەسەر دەکات، سەربازێک لە سەنگەر بێت یان لە بنکەیەکی دوورەدەست، دەتوانێت بەشداری خولی مەشق بکات.

٢. فرەچەشنی و بەرجەستەکردن: بەکارهێنانی وێنەی سێ ڕەهەندی (3D) بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی بزوێنەری تانک یان چەکە قورسەکان، وای کردوە فێرخواز بە قوڵی لە بابەتەکان تێبگات.

٣. کەمکردنەوەی تێچوو و مەترسی: پرۆسەی ڕاهێنان بە پارەیەکی کەمتر و ماندووبونێکی کەمتر دەبێت. هەروەها مەترسی گیانی لە کاتی مەشقە مەترسیدارەکاندا ناهێڵێت.

٤. سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن: لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانەوە ئاسانتر دەتوانرێت ئاستی زانستی سەربازەکان تاقی بکرێتەوە و خاڵە لاوازەکانیان دیاری بکرێت.

### ئامرازە پێشکەوتووەکانی فێربوون (داهاتووی مەشق)

بۆ ئەوەی سوپا لە ئاستێکی جیهانیدا بێت، پێویستە ئەم تەکنەلۆژیایانەی بۆ بخرێنە گەڕ:

هاوشێوەسازان و واقیعی خەیاڵی: ڕێگە بە سەرباز دەدات مەشقی فڕین، نیشانەشکێنی، یان لێخوڕینی تانک بکات لە ناو ژینگەیەکی خەیاڵیدا کە



فێربوونی ئەلیکترۆنی و ڕۆڵی لە نوێکردنەوەی سیستەمی مەشق و شارەزاییە پیشەییەکاندا ئەرکێکی مۆدێرنەو داهاتووی هێز و ئاسایشی نیشتمانی دەنەخشێنێت

تەواو لە واقیع دەچێت.

زیرەکی دەستکرد (AI): بۆ دروستکردنی سیستەمێکی فێربوون کە توانای هەر سەربازێک دەپێوێت و وانەکان بەپێی ئاستی تێگەیشتنی ئەو ڕێکدەخاتەوە.

پێشبرکێی فێربوون : گۆڕینی وانە سەربازییەکان بۆ شێوازی کێبرکێ و یاری، کە ئەمە هانی سەربازان دەدات بە پەرۆشییەوە فێر ببن.

## ئاسایشی زانیاری و سایبەر

لە دامەزراوەیەکی وەک سوپادا، فێربوونی ئەلیکترۆنی دەبێت لە ژینگەیەکی پارێزراودا بێت. پێویستە سوپا سوود لە ئینترانێت (تۆڕی ناوخۆیی داخراو) وەربگرێت بۆ ئەوەی داتاکان و نەخشە سەربازییەکان پارێزراو بن لە هەر دزەکردنێکی دەرەکی یان هێرشی سایبەری.

## ئاستەنگەکان و ڕێگای چارەسەر

سەرەڕای پێشکەوتنەکان، هێشتا لە زۆرێک لە یەکە سەربازییەکاندا شێوازو ڕاییکردنە کۆنەکان و نوسراوی کاغەزی زاڵن. کێشەکە لەوەدایە کە هەندێک جار سستی و ترس لە گۆڕانکاری دەبینرێت. بۆ چارەسەری ئەمە:

١. پێویستە گۆڕانکارییەکان هەنگاو بە هەنگاو بن (فێربوونی تێکەڵاو: مەیدانی + ئەلیکترۆنی).

٢. هۆشیاری و هاندانی بەکارهێنانی تەکنلۆژیا لە ناو هەموو پلەدار و سەربازەکاندا بڵاو بکرێتەوە.

## پێشنیازەکان بۆ پەرەپێدانی سیستەمی ڕاهێنان

١. خولی بەردەوام: پەرەپێدانی کارامەییەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ هەموو ئاستەکان.

٢. ژێرخانی تەکنەلۆژی: دابینکردنی تاقیگەی پێشکەوتووی کۆمپیوتەر و ئامێری VR لە خولەکانی هۆشیاری و فێرکردن و لە ناوەندەکانی خوێندنی سەربازی.

٣. دروستکردنی ناوەندی ناوخۆیی: دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی تایبەت بە سوپا کە هەموو وانە و کتێبەکان بە شێوەی ڤیدیۆ و دەق تێدا بێت.

٤. هاندانی داهێنان: هاندانی ئەفسەران بۆ نووسین و ئامادەکردنی بابەتی زانستی لە فەزای دیجیتاڵیدا.

٥. ژینگەی فێربوونی دینامیکی: گۆڕینی شێوازی فێربوون لە مامۆستایەک کە تەنها قسە دەکات، بۆ ژینگەیەک کە سەرباز تێیدا کارلێک دەکات و پرسیار دەکات.

## کەواتە

پرۆسەی گواستنەوە بۆ فێربوونی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوە سەربازییەکاندا چیتر بژاردە نیە، بەڵکو پێویستییەکی حەتمیە. هەر سوپایەک بیەوێت لە ئاستی ئالەنگارییەکانی سەردەمدا بێت و پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانی بکات و ئاستی توانا سەردەمیەکانی بەرز بێت، دەبێت چەک و تەکنلۆژیا و زانست لە یەک چوارچێوەدا کۆبکاتەوە.

**سەرچاوە:**

- مجله المسلح / التعليم الإلكتروني وتطوير المهارات الأساسية لدى العسكريين.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# جەنگی ئەلیکترۆنی

## سێبەرە ترسناکەکە لە گۆڕەپانی سەربازی

● ئامادەکردنی: هێژا

لە جیهانی هاوچەرخدا، چەمکی هێز و ململانێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و بەدیجیتاڵبوونی ژێرخانە هەستیارەکان، وایکردووە کە جەنگی ئەلیکترۆنی ببێتە یەکێک لە مەترسیدارترین و کاریگەرترین ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. چیتر سنووری وڵاتان تەنها بە سەنگەر و تانک ناپارێزرێت، بەڵکو فەزای دیجیتاڵی بووەتە گۆڕەپانێکی بێدەنگ کە چارەنووسی گەلان و هاوسەنگیی هێزی جیهانی دیاری دەکات.

پەرەسەندنی مێژووییەکان،لە هێزی بازووەوە بۆ هێزی زیرەک

1. نەوەی یەکەم: پشتی بە چڕی ژمارەیی و ڕیزکردنی سەربازان دەبەست.
2. نەوەی دووەم: تەکنیکەکانی ئاگر و جووڵەی هێنایە کایەوە و هێزی ئاگرین جێگەی ژمارەی سەربازی گرتەوە.
3. نەوەی سێیەم: جەنگی مانۆڕ و خێرایی بوو بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان.
4. نەوەی چوارەم (جەنگی زیرەک): لێرەدا هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان جەنگ و سیاسەت، و مەدەنی و سەربازی کاڵ دەبنەوە. جەنگی ئەلیکترۆنی لوتکەی ئەم نەوەیەیە کە تێیدا بەبێ جووڵەی فیزیکی، دەکرێت دەوڵەتێک لە ناوەوە داڕوخێنرێت.

### بنەماکان و تایبەتمەندییەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی

جەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ دزەکردن، تێکدان، یان لەکارخستنی سیستەمە زانیارییەکانی نەیار بە مەبەستی سیاسی یان سەربازی. ئەوەی ئەم جۆرە جەنگە لە جەنگی کلاسیک جیا دەکاتەوە بریتین لە:

١. پێویستی بە بودجەی زەبەلاحی کڕینی فڕۆکە و تانک نییە.

٢. دیاریکردنی سەرچاوەی هێرشەکە کارێکی ئاڵۆزە، کە ئەمەش لێپرسینەوە و وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی قورس دەکات.

٣. لە جیهانی دیجیتاڵیدا، هەمیشە هێرشبەر هەنگاوێک لە پێش بەرگریکارەوەیە.

٤. تەنها سوپا ناگرێتەوە، بەڵکو تۆڕی کارەبا، ئاو، بانکەکان و تەنانەت ڕای گشتیش دەکاتە ئامانج.

### ڕەهەندی سەربازی و گۆڕینی هاوسەنگییەکانی گۆڕەپان

لە بواری سەربازیدا، جەنگی ئەلیکترۆنی بە واتای کۆنترۆڵکردنی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان و فەزای سایبەری دێت. کاریگەرییە هەرە دیارەکانی بریتین لە:

١. بڕینی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و یەکە مەیدانییەکان، کە وادەکات سوپا وەک جەستەیەکی بێ مێشک مامەڵە بکات.

٢. ناردنی شەپۆلی ساختە بۆ تێکدانی سیستەمی بەرگری ئاسمانی و ڕێخۆشکردن بۆ دزەکردنی فڕۆکەکان.

٣. تێکدانی سیستەمی GPS و گۆڕینی ئاڕاستەی مووشەکەکان و درۆنەکان.

### سوپا ئەلیکترۆنییەکان و ململانێ جیهانییەکان

وڵاتە زلهێزەکان یەکەی تایبەتییان بۆ جەنگی سایبەری دامەزراندووە، وەک:

ئەمریکا: فەرماندەیی سایبەری (US-CYBERCOM).

ئیسرائیل: یەکەی ٨٢٠٠ کە یەکێکە لە پێشکەوتووترین یەکە هەواڵگرییەکان.

چین و ڕووسیا: خاوەنی یەکەی تایبەتن بۆ سیخوڕی پیشەسازی و تێکدانی ژێرخانی نەیارەکانیان.

### نموونە زیندووەکان

* جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا: سەلماندی کە خێرایی گۆڕینی کۆد لە خێرایی مووشەک گرنگترە؛ کاتێک ئۆکرانیا توانی لەڕێگەی ئینتەرنێتی (ستارلینک) و گۆڕینی بەردەوامی فریکانسەکان، پارازیتە چڕەکانی ڕووسیا پووچەڵ بکاتەوە.

* ململانێی ئێران و ئیسرائیل: جەنگی سێبەرەکان، کە تێیدا لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی فیزیکی، هێرش دەکرێتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان (وەک ڤایرۆسی ستەکسنێت) یان ژێرخانی مەدەنی وەک وێستگەکانی سووتەمەنی و سیستەمی ئاوی شارەکان.

### پێگەی هەرێمی کوردستان و ئەرکی هێزی پێشمەرگە

هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جیۆپۆلیتیکییەکەی و هەڕەشە بەردەوامەکانی درۆن و مووشەکی زیرەک، پێویستی بە وەرچەرخانێکی ستراتیژی هەیە لە بواری بەرگریدا:

بنیاتنانی قەڵای سایبەری: پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان یەکەی پسپۆڕی جەنگی ئەلیکترۆنی پەرەپێبدەن.

پاراستنی پەیوەندییەکان: قایمکردنی تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕدا لەکار نەخرێن.

تەکنەلۆژیای دژە درۆن: بەدەستهێنانی سیستەمی پارازیت و تێکدانی شەپۆلەکانی دوژمن بۆ پاراستنی ئاسمانی هەرێم.

هۆشیاری نەتەوەیی: پاراستنی داتا و زانیارییە هەستیارەکان وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی.

جەنگی ئەلیکترۆنی چیتر ئەگەرێکی دوور نییە، بەڵکو واقیعێکی سەختە. لە جەنگەکانی داهاتوودا، ئەو لایەنە سەرکەوتوو نابێت کە زۆرترین فیشەک دەتەقێنێت، بەڵکو ئەو لایەنە براوەیە کە دەتوانێت فەزای زانیاری و شەپۆلەکان کۆنترۆڵ بکات. بۆ هەرێمی کوردستان، وەبەرهێنان لە عەقڵی دیجیتاڵی و ژێرخانی سایبەری، هێندەی کڕینی چەکی قورس بۆ مانەوە و پاراستنی قەوارەکەمان گرنگ و چارەنووسسازە.

**سەرچاوە:**

1.مجلە الجندی    2. Bbc news

# ڕێڕەو و گەرووە دەریاییەکان

## چەقی ململانێ و بارمتەی هاوسەنگیە سەربازییەکان

ڕێڕەو و گەرووە دەریاییەکان خاڵی یەکلاکەرەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری جیهانین. کۆنترۆڵکردنی ئەم شوێنانە هەیمەنەیەکی ستراتیژیی گەورە بە دەوڵەتان دەبەخشێت، بەتایبەت کە بازرگانی دەریایی ئامرازی سەرەکی گواستنەوەی کاڵا و وزەیە. بەپێی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٨٢)، مافی تێپەڕین بۆ هەمووان چەسپاوە، بەڵام پاراستنی ئەم ئاسایشە بووەتە یەکێک لە دیاریکەرە سەرەکییەکانی جەنگە نوێیەکان.

١. گەرووی هورمز: گرنگترین ڕێڕەوی وزەیە لە جیهاندا، ٢٠٪ی نەوتی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت. ململانێکانی ئێران و ئەمریکا لەم ناوچەیەدا مەترسی گەورەیان لەسەر بازاڕی جیهانی دروست کردووە.

٢. گەرووی بابولمەندەب: دەروازەی دەریای سوورە و ئاسیا بە ئەوروپا دەبەستێتەوە. چالاکییە سەربازییەکانی حوسییەکان لەم ڕێڕەوەدا وای کردووە دەوڵەتانی ئەوروپا هێزی (ئەسپیدیس) بۆ پاراستنی کەشتییەکان پێکبهێنن.

٣. گەرووی جەبەل تاریق: کلیلی دەریای ناوەڕاستە و مێژوویەکی درێژی لە ململانێی نێوان بەریتانیا و ئیسپانیا هەیە، ئێستاش بنکەیەکی گرنگی ناتۆ و ئەمریکایە.

٤. گەرووی مەلاکا: قەرەباڵغترین ڕێڕەوی بازرگانییە کە ئابوورییەکانی ئاسیا (چین و ژاپۆن) بە جیهان دەبەستێتەوە و ٣٠٪ی کاڵاکانی پێدا دەگوازرێتەوە.

٥. گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیل: ڕێڕەوی تورکیان بۆ بەستنەوەی دەریای ڕەش بە جیهان، لە جەنگی ڕووسیا-ئۆکرایینادا ڕۆڵێکی سیاسی و سەربازیی یەکلاکەرەوەیان گێڕا.

٦. کەناڵی سوێس: کورتترین ڕێڕەوی نێوان ئەوروپا و ئاسیایە، ١٠٪ی بازرگانی جیهانی بەم کەناڵەدا تێدەپەڕێت و ناسیۆنالیزەکردنی لە ١٩٥٦دا بووە هۆی هێرشی سێقۆڵی بۆ سەر میسر.

٧. کەناڵی پەنەما: ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و هێمن دەبەستێتەوە. کێبڕکێی ئەمریکا و چین لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەم کەناڵە وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی بەردەوامە.

مێژوو دەیسەلمێنێت کە ڕێڕەوەکان هەمیشە کارتی گوشار بوون. لە جەنگی تانکەرەکان (عێراق و ئێران) و جەنگی غەززەدا، بینیمان چۆن داخستن یان هێرشکردنە سەر کەشتییەکان هاوسەنگییەکان دەگۆڕێت. ئێستا ڕێڕەوەکان تەنها ڕێگەی بازرگانی نین، بەڵکو مەیدانی جەنگی سایبەری، مینڕێژکردن و بەکارهێنانی درۆنەکانن.

جەنگە نوێیەکان (وەک جەنگی ڕووسیا و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) نیشانیان دا کە "بە سەربازیکردنی ڕێڕەوەکان" مەترسییەکی گەورەیە. داواکارییەکانی ئەمریکا بۆ تێپەڕبوونی بێبەرامبەر و کێبڕکێی چین لە مەلاکا، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سیستەمی نێودەوڵەتی یاسایی بەرەو لاوازی دەچێت.

لە داهاتوودا، ڕێڕەوە دەریاییەکان دەبنە چەقی ململانێی هێزە گەورەکان. ئازادی گەشتکردن چیتر مافێکی یاسایی ڕەها نییە، بەڵکو بووەتە بارمتەی هاوسەنگییە سەربازییەکان. هەر هێزێک کۆنترۆڵی ئەم خاڵە خنکێنەرانە بکات، دەتوانێت ئاراستەی جەنگ و ئابووری جیهانی دیاری بکات.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی/ مجلة الجندي – دور الممرات البحرية في الحروب.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# لێکەوتەکانی دوای جەنگ



عەقید میرزا داود ڕەسول/
ئەفسەری هۆشیاری و ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئەرکان

ئاشکرایە کە جەنگی سەربازی یان ململانێی چەکداری، دوا قۆناغی گرژی و ئاڵۆزی و ململانێ نێودەوڵەتییەکانە. ئەم جەنگانە یان درێژخایەنن و چەند ساڵێک دەخایەنن، یان کورتخایەنن و لە ماوەیەکی کەمدا کۆتاییان دێت. لەڕووی بەشداربووانەوە، هەندێک جار لەنێوان دوو دەوڵەت ڕوودەدات، یان دەوڵەتێک لە بەرامبەر چەند دەوڵەتێکدا دەجەنگێت، یان لە نێوان دوو هاوپەیمانێتیی دژ بە یەکدا دەبێت. بێگومان جەنگیش، هەر وەک چۆن سەرەتا و دەستپێکی هەیە، دواجار کۆتایی دێت؛ جا ئەم کۆتاییە بە سەرکەوتنی لایەک و دۆڕاندنی لایەکەی تر بێت، یان هەندێک جار لایەنی سێیەم دەکەوێتە نێوانیان و بە گفتوگۆ و دانوستاندن دەگەنە ڕێککەوتن و کۆتایی بە جەنگەکە دەهێنن.

کاتێک ئاگری شەڕ دادەمرکێتەوە، دەنگی تۆپ و فڕۆکەکان کپ دەبێت و کوشتار و خوێنڕشتن و کاولکارییەکان دەوەستن، هەر لایەنێک، جا دۆڕاو بێت یان سەرکەوتوو، خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک کێشە و ئاڵنگاریی نوێدا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە جەنگێکی ترە، بەڵام بە کەرەستە و چەکی جیاوازتر. لێرەوە قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات کە بریتییە لە کاردانەوە و لێکەوتە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان، کە لە خوارەوە بە وردی باسیان دەکەین:

## لێکەوتە سیاسییەکان

هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، جا سیستمی دیکتاتۆر بێت یان دیموکرات، کەسانێک لەناوخۆی وڵاتدا هەن کە دژبەر، نەیار، یان ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتەکەن و هەمیشە لە بۆسەدان و بە دوای خاڵی لاواز و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتدا دەگەڕێن، بۆیە یەکەمین کاردانەوە و دەرەنجامی جەنگ، سەرهەڵدان و زیندووبوونەوەی لایەنی ئۆپۆزسیۆنە. ئەمە بەتایبەتی مەترسیدارە ئەگەر دەوڵەتەکە بە دۆڕاوی یان بە زیانێکی گەورەی ماددی، مرۆیی و مەعنەوییەوە لە جەنگەکە هاتبێتە دەرەوە.

هەرزوو گروپ و لایەنە پۆپۆلیستەکان نارەزایی و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک دەقۆزنەوە، ئیتر خۆپیشاندانی جەماوەریی فراوان سەرهەڵدەدات، هەندێک جار ئاژاوە دروست دەبێت و تەنانەت ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییش دێتە ئاراوە، بەتایبەت لەو وڵات و سیستەمانەی کە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە کارێکی ئەستەمە. بەو شێوەیە، ئاسایش و سەقامگیریی وڵات دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی.

لەڕووی نێودەوڵەتییشەوە، زۆرجار دەوڵەت تووشی (قەتیسبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) دەبێت، واتە گۆشەگیر دەبێت و هەندێک جار زۆر لە دۆست و هاوپەیمانەکانی لە دەست دەدات، یان ڕووبەڕووی سزای نێودەوڵەتی دەبێتەوە.

## لێکەوتە ئابوورییەکان

جەنگ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بارودۆخی ئابووریی وڵاتدا هەیە، چونکە تێچووی جەنگ بەگوێرەی ماوە و جۆر و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی جەنگەکان دەگۆڕێت. دەرەنجامە ئابوورییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

یەکەم، دابینکردنی چەک، تەقەمەنی، کەرەستە و کەلوپەلی سەربازی، پێویستی بە بودجە و پاڵپشتیی بەهێزی دارایی هەیە. دەوڵەت ناچارە لە کاتی جەنگدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان،

دەست بۆ یەدەکی نەختینەیی وڵات، یان پەنا بۆ قەرزی ناوخۆیی یان دەرەکی ببات. هەروەها ئەگەر دراوی دەوڵەتەکە لە بارێکی لاوازدا بێت، تووشی دابەزینی زیاتری بەهاکەی و دارِمان دەبێت.

دووەم، لە ئەنجامی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، کۆمپانیا بیانییەکان وڵاتەکە جێدەهێڵن، ئاستی وەبەرهێنان دادەبەزێت و رێژەی بێکاری بەرزدەبێتەوە.

سێیەم، لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری، کە پێویستی بە چاککردنەوەی خێرای دامەزراوە زیانلێکەوتووەکان هەیە، وەک دامەزراوەکانی ئاو، کارەبا، و ناوەندە تەندروستییەکان کە خزمەتگوزاریی پێویستی رۆژانەی خەڵکن، بارگرانییەکی گەورەتره بۆسەر باری دارایی وڵات.

چوارەم، ئاوارەبوون و گواستنەوەی ناچاری لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ئارامتری وڵات، دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەلی کاری ژمارەیەک زۆر لە کرێکار و پیشەوەران، دابەزینی ئاستی بژێویی و زۆربوونی رێژەی هەژاری.

پێنجەم، کەمبوونی رێژەی گەشتیاریی بیانی، بەتایبەت ئەگەر کەرتی گەشتیاری یەکێک بێت لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئابووریی وڵاتەکە.

شەشەم، کەمبوونەوەی بەرهەمی ناوخۆیی، وەک لەکارکەوتنی هەندێک لە کارگەکان و لەدەستدانی بەروبوومی کشتوکاڵی، بەتایبەت لەو ناوچانەدا کە راستەوخۆ دەکەونە بەر هێرشە سەربازییەکان.

## لێکەوتە سەربازییەکان

جەنگ و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زیانێکی گەورە بە دامەزراوە سەربازییەکان دەگەیەنن. ئەم زیانانە یان لەرووی مرۆییەوەن، وەک لەدەستدانی کۆمەڵێک سەرکردە و فەرماندەی بەئەزموون و خاوەن توانا و لێهاتوویی بەرز، کە پێگەیاندنیان پێویستی بە کاتێکی زۆرە. هەروەها بریندارببوون و پەککەوتنی کۆمەڵێک سەرکردە و سەرباز، کە سەرەڕای ئەوەی خەرجی و بارگرانییەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا کەلێنێکی گەورە دروست دەکات کە بریتییە لە لەدەستدانی کەسانی شارەزا و مەشقپێکراو. ئەمە جگە لە کاریگەرییە دەروونییەکانی جەنگ لەسەر کۆی سەرباز و فەرماندەکان.

هەرچی لایەنی دارایی و لۆجستیشە، بریتییە لە لەناوچوونی توانا لۆجستییەکان و لەدەستدانی برێکی زۆر لە کەلوپەل، کەرەستە، چەک و تەقەمەنی، بەتایبەت کەرەستە و چەکە قورسەکان وەک تانک، فرۆکە، مووشەک، کەشتییە جەنگییەکان، سیستەمە بەرگرییەکان و راداەکان.

## لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان

توندوتیژی و پێکدادانە چەکدارییەکان کۆمەڵێک کاریگەریی قووڵ لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکان دادەنێن کە دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

یەکەم، بریندارببوون، پێکان، لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە، یان گیانلەدەستدانی ئەندامێک یان چەند ئەندامێکی خێزان، یان هەندێک جار لەناوچوونی خێزانێک بەتەواوی بەهۆی بۆردوومانەکانەوە.

دووەم، کۆچکردن و ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی خەڵک لە شوێن و زێدی خۆیان، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی موڵک و ماڵیان و بەمەش بێکاری و هەژاری و برسێتی سەرهەڵدەدات.

سێیەم، وەستان و پەکخستنی پرۆسەی خوێندن بەهۆی وێرانبوونی قوتابخانەکان، کەمیی مامۆستایان و نەبوونی کەرەستەی پەروەردەیی پێویست. لە ئەنجامدا، ئەمە دەبێتە هۆی وازهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە مندالان و مێردمنداڵان لە خوێندن. هەروەها بەهۆی لەدەستدانی کاری بەخێوکەرانیان، ناتوانرێت پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، بەمەش دەخرێنە بەرکار و لە کۆچە و کۆڵانەکاندا بڵاودەبنەوە و تووشی لادان، رەفتاری نەشیاو، توندوتیژی، تاوان و دەستدرێژی دەبن.

چوارەم، زۆرێک لەو کەسانەی لە ناوچەکانی شەڕدا دەژین، تووشی زەبری دەروونی (Trauma)، ترس و دڵەراوکێ دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی خەمۆکی و فشاری دەروونی، بەتایبەت لەناو ئافرەتان و مندالاندا.

پێنجەم، زیادبوونی رێژەی توندوتیژیی خێزانی و بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران، کە دەبێتە هۆی لاوازکردن یان هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

> کاتێك ئاگری شەڕ دادەمرکێتەوە، دەنگی تۆپ و فڕۆکەکان کپ دەبێت و کوشتار و خوێنڕشتن و کاولکارییەکان دەوەستن، هەر لایەنێك، جا دۆڕاو بێت یان سەرکەوتوو، خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك کێشە و ئاڵنگاریی نوێدا دەبینێتەوە

## لێکەوتە ژینگەییەکان

شەڕ و جەنگەکان، سەرباری زیانە مرۆیی و ئابوورییەکان، کۆمەڵێک دەرئەنجام و کاریگەریی ژینگەییش بەدوای خۆیاندا دەهێنن:

یەکەم، پیسبوونی خاک و ئاو، کە زۆرجار لە ئەنجامی دزەکردنی نەوت، سووتەمەنی و ماددە کیمیاییەکانەوە خاک و ئاوی ژێر زەوی پیس دەکات.

دووەم، پیسبوونی هەوا؛ تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوەکان برێکی زۆر گازی ژەهراوی و دووکەڵ دەردەکەن، ئەمەش بەشدارە لە زیادبوونی گەرمبوونی زەوی و تێکچوونی کوالێتیی هەوا.

سێیەم، بڕینی دارستانەکان بۆ بەکارهێنان وەک شوێنی سەربازی یان مەیدانی شەڕ، شوێنی نیشتەجێبوونی سرووشتیی ئاژەڵان لەناو دەبات و دەبێتە هۆی لەناوچوونی چەندین جۆری رووەک و ئاژەڵ و تێکدانی هاوسەنگیی سرووشت.

چوارەم، کاریگەرییە درێژخایەنەکان، وەک پیسبوونی ناوچەیەک بە گازی کیمیایی یان تیشکدانەوەی ئەتۆمی، کە کاریگەرییەکەی بۆ دەیان ساڵ بەردەوام دەبێت و دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو ناوچەیە بۆ مەبەستی ژیان یان کشتوکاڵ.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# نەواریتوم

## یەکەمین خانمە ژەنەڕاڵی کوردی زاگرۆس لە مێژووی سەربازیدا

● ئامادەکردنی: هاوکار محەممەد

مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی (٣٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر، شایەدی دەرکەوتنی یەکەمین ژنە فەرماندەی سەربازی و شەڕکەر بووە لە چیاکانی زاگرۆس بە ناوی (نەواریتوم). وەک شاژن و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی گۆتییەکان، سەرکردایەتی سوپایەکی زەبەلاحی دە هەزار کەسی کردووە. ئەم ڕاستیە مێژووییە کە لە تابلۆ بزمارییەکانی ئەرشیفی شاری (ماری) یەوە پێمان گەیشتووە، تێڕوانینە باوەکانی مێژووی سەربازی پێچەوانە دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت، کە پێشینانی کورد، بە پێچەوانەی کۆمەڵگە پیاوسالارەکانی مێزۆپۆتامیا، خاوەنی پێکهاتەیەکی بێوێنەی فەرماندەیی بوون، کە پێگەی ئافرەتیان لە لووتکەی بڕیارداندا بەرز ڕاگرتووە.

### شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان و ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان:

لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمی پێش زاییندا، ناوچەکە دابەش ببوو بەسەر چەندین جەمسەری هێزدا. بابل بە سەرکردایەتی حەمورابی هەوڵی فراوانخوازی دەدا، ماری بە سەرکردایەتی زیمری-لیم پشتی بە تۆڕێکی هەواڵگری پێشکەوتوو دەبەست بۆ دروستکردنی هاوسەنگی، لارسا بە سەرکردایەتیی ڕیم-سین لە بەرگریدا بوو، ئیلامییەکانیش بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ کونام شەڕی وەکالەتیان دەکرد. لەم نێوەندەدا، هۆزە کوردییەکانی زاگرۆس، بەتایبەت گۆتییەکان، وەک هێزێکی یەکلاکەرەوە دەبینران. نەواریتوم، کە ناوی ڕەگێکی ئەکەدی-سۆمەری هەیە و بە واتای "ڕووناکی" دێت، شاژنی شاری نەوار (نامری) بوو لە شانشینی دێرینی کوردا. دەرکەوتنی وەک داڕێژەری سیاسەتێکی سەربازیی سەربەخۆ، نیشاندەری بوونی دیسپلینێکی باڵای ڕێکخستنی هێزە.

مێژووی نەواریتوم سەلمێنەری ئەوەیە کە فەرماندەیی و بەشداریی مەیدانیی ئافرەتی کورد لە گۆڕەپانی جەنگدا، دیاردەیەکی کاتی یان هاوردەکراو نییە

### ستراتیژیی سەربازی و پیلانگێڕیی هەواڵگری

گرنگترین بەڵگەی تواناکانی نەواریتوم لە نامەی دیپلۆماسی (ARM 27, 6)ی ئەرشیفی ماریدا دەردەکەوێت، کە باس لە جووڵاندنی سوپایەکی 10 هەزار کەسیی گۆتییەکان دەکات بەرەو شاری (لارسا). ئەمە ئاماژەیە بۆ دوو خاڵی ستراتیژی: یەکەم، هەبوونی توانایەکی لۆجستیی زۆر گەورە بۆ کۆکردنەوە و پڕچەککردنی ئەم سوپایە لەو سەردەمەدا؛ دووەم، گۆڕینی عەقیدەی جەنگ لە بەرگریی ناو چیاکانەوە بۆ هێرشبەری لە قووڵاییی دەشتاییەکاندا.

بەڵام ئەم هەژموونە نوێیە بووە هۆی نیگەرانیی ئیلامییەکان. وەک لە نامەی (ARM 2, 26)دا ئاشکرا کراوە، ئیلامییەکان لە ڕێگەی پیلانێکی هەواڵگرییەوە ژەنەڕاڵەکەی نەواریتومیان کڕی، کە دواجار ناپاکیی لێ کرد و ڕادەستی کردن، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگری لە گەشەکردنی هێزێکی سەربەخۆی گۆتی بکرێت.

### میراتی سەرکردایەتیی ئافرەتی کورد لە مێژوودا

ئەم ڕووداوە جیاوازییەکی ڕیشەیی نێوان کۆمەڵگەی زاگرۆس و دەشتاییەکان دەردەخات، کە لای گۆتییەکان لێهاتوویی سەربازیی مەرج بووە نەک ڕەگەز. لە ڕوانگەی سەربازییەوە، نەواریتوم ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەیەکی پچڕاننەهاتووی فەرماندەیی ژنانە لە کوردستان. ئەم ڕەگ و ڕیشەیە لە مێژوودا چەندین جار لە کەسایەتییەکانی وەک زرێنای میدی، میر خانزادی سۆران، کارا فاتیمە، عادیلە خانم و مەستوورەی ئەردەڵاندا خۆی نوێ کردووەتەوە. ئەم ڕۆحیەتە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا لە خانمە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەرجەستەیە.

مێژووی نەواریتوم سەلمێنەری ئەوەیە کە فەرماندەیی و بەشداریی مەیدانیی ئافرەتی کورد لە گۆڕەپانی جەنگدا، دیاردەیەکی کاتی یان هاوردەکراو نییە، بەڵکو کۆدێکی جێگیرە لە جینۆمی نەتەوەیی گەلی کورددا و یەکەمین مانیفێستی سەربازییە کە زاگرۆس بە مێژووی سەربازیی بەخشیوە.

**سەرچاوەکان:**

١. سۆران حەمە ڕەش، مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد.
٢. شەرەفخان بەدلیسی، شەرەفنامە: مێژووی ماڵە میرانی کوردستان. وەرگێڕانی: هەژار موکریانی.
٣. شێخ محەممەد مەردۆخی، مێژووی کورد و کوردستان.

## گۆشەی هۆشیاری یاسایی

# هۆشیاری یاسایی و دیسپلینی سەربازی

● ئامادەکردنی: مقدم روکن/
ئاکۆ حەمەد مەحمود

هێزی پێشمەرگە وەک کۆڵەکەی سەرەکیی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان، پێویستی بەوە هەیە هاوتەریب لەگەڵ ڕاهێنانی سەربازیدا، خاوەنی بەرزترین ئاستی هۆشیاریی یاسایی بێت.

نەزانین و ئاگادارنەبوون لە یاساکان، کەس لە سزای یاسایی دەرباز ناکات؛ ناتوانرێت بەو بیانووەی کەسەکە نەیزانیوە کارەکەی تاوانە، لە سزا ڕزگاری بێت، بۆیە تێگەیشتن لە یاسای سزاکانی سەربازی، یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای سەربازی و ڕێکارە کارگێڕییەکان، تاکە گەرەنتییە بۆ پاراستنی پێشمەرگە لە تێوەگلان لە کێشەی یاسایی و پاراستنی شکۆی سەربازییەکەی.

### حاڵەت و دیاردە هەستیارەکان لە ناو یەکە سەربازییەکاندا

یەکەی سەربازی ئەو شوێنەیە کە دیسپلینی تێدا بونیاد دەنرێت. سەرپێچیکردنی یاسا لە ناو یەکەدا ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئامادەیی هێزەکان.

١. گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی سەربازی و سنوورەکانی:

یاساکە دەڵێت: پێشمەرگە پابەندە بە جێبەجێکردنی فەرمانی سەرەوەی خۆی بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر فەرمانەکە بە ئاشکرا نایاسایی بوو (وەک ئەنجامدانی تاوان یان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ)، نابێت جێبەجێی بکات، چونکە بەرپرسیارێتی تاوانکاری دەکەوێتە سەرشانی خۆی و فەرماندەکەشی.

جێبەجێکردنی فەرمانە یاساییەکان بە بێ دوودڵی. لە کاتی هەبوونی ناڕوونی، داواکردنی ڕوونکردنەوە دەبێت بە شێوازێکی سەربازی و فەرمی بێت.

٢. دیاردەی ئامادەنەبوون (غیاب و ڕاکردن):

یاساکە دەڵێت: بەپێی ماددەی ٣١ بڕگەی ١ لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧، هەر سەرباز یان پێشمەرگەیەک بە بێ مۆڵەتی فەرمی ئامادەنەبێت یان ڕابکات، ڕووبەڕووی سزای یاسایی و بەندکردن دەبێتەوە. ئەگەر ئامادەنەبوونەکە لە کاتی جەنگ، ئەرکی دژەتیرۆر، یان باری کتوپڕدا بێت، سزاکە توندتر دەبێت، چونکە زیانی گەورە بە توانای بەرگری دەگەیەنێت.

پابەندبوون بە کاتەکانی دەوام و مۆڵەت. لە کاتی هەر بارودۆخێکی کتوپڕی کۆمەڵایەتی یان تەندروستی، دەبێت دەستبەجێ بە تەلەفۆن یان لە ڕێگەی کەسێکی دیکەوە یەکەکەی ئاگادار بکاتەوە و دواتر بەڵگەی فەرمی (وەک ڕاپۆرتی پزیشکی) پێشکەش بکات.

٣. پاراستنی نهێنییە سەربازییەکان و سۆشیال میدیا:

یاساکە دەڵێت: بڵاوکردنەوەی وێنە بە جلی سەربازییەوە لە شوێنی ئەرک، یان دزەپێکردنی زانیاری جووڵەی هێزەکان بۆ میدیا و کەسانی دەرەکی بە بێ ڕەزامەندی وەزارەت، بەپێی یاسای سەربازی قەدەغەیە و دەبێتە هۆی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی جەزائی.

پاراستنی نهێنییەکان و بڵاونەکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی یەکە و سەنگەرەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.




> ”پێشمەرگە دەبێت لە ناو کۆمەڵگەدا هەمیشە وەک نموونەی باڵای پابەندبوون بە یاسا دەربکەوێت“




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## هۆشیاریی یاسایی لە بازگەکان و هێڵەکانی پێشەوە

بازگەکان شوێنی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان و هاووڵاتیان. هەر هەڵەیەک لەم شوێنانە ڕوودات، ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

١. بەکارهێنانی چەک و بنەماکانی تەقەکردن:

یاساکە دەڵێت: چەک تەنها بۆ بەرگری لە خۆ، بەرگری لە نیشتمان و چەسپاندنی سەروەریی یاسایە. بەکارهێنانی چەک بۆ تۆقاندنی هاووڵاتیان یان لە کاتی دەمەقاڵێدا، تاوانێکی گەورەیە.

پابەندبوون بە پلەبەندی بەکارهێنانی هێز (ئاگادارکردنەوەی زارەکی، تەقەی ئاسمانی، پاشان تەقەکردن لە تایەی ئۆتۆمبێل). تەنها لە کاتی مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیان، تەقە لە سەرچاوەی مەترسییەکە دەکرێت.

٢. پشکنین و دەستبەسەرداگرتن:

یاساکە دەڵێت: پشکنینی هاووڵاتیان و ئۆتۆمبێل دەبێت لە چوارچێوەی یاسا و فەرمانی سەرەوەدا بێت. هەر سووکایەتییەک یان دەستدرێژییەک بۆ سەر ماڵ و سامانی خەڵک، سزای یاسایی لێدەکەوێتەوە.

مامەڵەی دروست: نواندنی بەرزترین ئاستی ڕێز لەگەڵ هاووڵاتیان. لە کاتی گومان، ڕێکارەکان بە بێ توندوتیژیی نایاسایی جێبەجێ دەکرێن. هەروەها کاتی تێپەڕبوون لە بازگەکان، پێویستە پێشمەرگە ناسنامەی فەرمی نیشان بدات و پابەندی ئیتیکی بازگە بێت.

> „پێشمەرگە تەنانەت لە کاتی مۆڵەتیشدا بێت، هەڵگری ناونیشانی سەربازییە و ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دامەزراوەکەیەتی"

## ژیانی مەدەنی لە ناو کۆمەڵگەدا

پێشمەرگە تەنانەت لە کاتی مۆڵەتیشدا بێت، هەڵگری ناونیشانی سەربازییە و ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دامەزراوەکەیەتی.

١. تێوەگلان لە کێشە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکان:

یاساکە دەڵێت: خراپ بەکارهێنانی ناونیشانی سەربازی، جلی فەرمی، یان چەکی دەوڵەت لە کێشەی تایبەت و عەشایەریدا، بە توندی سزا دەدرێت و وەک بارودۆخێکی قورسکەری سزا (ظرف مشدد) هەژمار دەکرێت.

لە کاتی کێشەی مەدەنی یان کۆمەڵایەتی، دەبێت پێشمەرگە پەنا بۆ ڕێگە یاساییەکان و پۆلیسی ناوخۆ ببات و بە هیچ شێوەیەک یەکەکەی یان چەکەکەی تێوەنەگلێنێت.

## مافە داراییەکان لە کاتی ڕاگرتن و حوکمدان

١. لە کاتی ڕاگرتندا (قۆناغی لێکۆڵینەوە):

بەپێی ماددەی ١٠٣ بڕگەی ٢ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای سەربازی ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٧: پێشمەرگەی ڕاگیراو لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا نیوەی (٥٠٪)ی مووچە و دەرماڵەکانی بۆ خەرج دەکرێت بۆ بژێوی خێزانەکەی، چونکە هێشتا بە تۆمەتبار دادەنرێت نەک تاوانبار.

٢. ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

بەپێی بڕگەی ٣ لە هەمان ماددە، ئەگەر پێشمەرگەکە بێتاوان دەرچوو یان دۆسیەکەی داخرا، نیوەی دووەمی مووچەکەی کە ماوەوە بەیەکجار بۆی خەرج دەکرێت و ماوەی ڕاگرتنەکەشی وەک خزمەتی کردەیی بۆ هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر حوکم درا، لە ڕۆژی دەرچوونی حوکمەکەوە مووچەکەی بە تەواوی ڕادەگیرێت.

## ڕێکارەکانی گەڕانەوە بۆ ڕاژە دوای تەواوکردنی سزا

دوای تەواوکردنی ماوەی سزا لە چاکسازی، پێشمەرگە ئۆتۆماتیکی ناگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بەڵکو دەبێت ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر:

١. وەرگرتنی نووسراوی ئازادکردن (كتاب الإفراج) لە چاکسازی.

٢. پێشکەشکردنی داواکاری فەرمی بۆ گەڕانەوە (طلب إعادة للخدمة) بۆ یەکەکەی.

٣. یەکەی سەربازی پەڕاوی لێکۆڵینەوە و حوکمی دادگا ڕەوانەی فەرمانگەی یاسایی وەزارەت دەکات.

٤. هەڵسەنگاندنی جۆری تاوان: ئەگەر تاوانەکە کەتنی ئاسایی بێت، فەرمانی گەڕانەوەی بۆ دەردەچێت. بەڵام ئەگەر تاوانەکە ئابڕووبەر یان دژ بە ئاسایشی دەوڵەت بێت، بە یەکجاری لە ڕاژە دوور دەخرێتەوە (طرد من الخدمة).

## جیاوازی نێوان تاوانی بینراو و کاتی تۆمەتباربوون

١. تاوانی بینراو (الجرائم المشهودة):

ئەگەر پێشمەرگە لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا دەستگیر بکرێت، پۆلیسی مەدەنی یان ئاسایش دەتوانن ڕاستەوخۆ دەستگیری بکەن و تەنها پابەندن دواتر یەکەکەی ئاگادار بکەنەوە.

٢. کاتی تۆمەتباربوون (حاڵەتی ئاسایی):

ئەگەر کێشەکە کۆن بێت و پێشمەرگە لە کاتی ئەنجامدانیدا نەگیرابێت، دادگا مەدەنییەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ دەستگیری بکەن. دەبێت داوای فەرمی ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە بکەن بۆ لادانی پارێزبەندی (رفع الحصانه) و دواتر ڕادەستکردنی بە دادگا.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

بۆ ئەوەی پێشمەرگە هەمیشە سەربەرز و پارێزراو بێت، پێویستە چەک و جلی سەربازی تەنها بۆ خزمەتی نیشتمان بەکاربهێنێت. لە هەر بارودۆخێکی کتوپڕدا دەبێت یەکەم هەنگاو ئاگادارکردنەوەی فەرمی یەکەکەی بێت و لە ناو کۆمەڵگەدا هەمیشە وەک نموونەی باڵای پابەندی بە یاسا دەربکەوێت.

**سەرچاوەکان:**

١. یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧.

٢. یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای سەربازی ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٧.

# بالۆنی ئایرۆستات: سێرڤەرێکی فڕیو پاسەوانێکی زیرەکی ئاسمان



ئامادەکردنی: سێبور ئەسعەد عەبدوڵڵا

بالۆنی ئایرۆستات (Aerostat) تێکەڵەیەکی ناوازەی زانستی فیزیا و ئەندازیاریی پێشکەوتووە. کاتێک سەیری ئەم ئامێرە دەکەیت، تەنها بالۆنێکی گەورەی پڕ لە گاز نابینیت، بەڵکو وەک نۆدێکی جێگیر و بەهێز لە تۆڕێکی چاودێریی بەرفراواندا کار دەکات. بە گشتی، ئایرۆستات جۆرێکە لە بالۆن یان کەشتیی ئاسمانی کە بە گازی سووکتر لە هەوا (وەک هێلیۆم) پڕدەکرێت و بە بەکارهێنانی هێزی هەڵکێشان لە ئاسماندا دەمێنێتەوە.

جیاوازییەکی بنەڕەتیی ئایرۆستات لەگەڵ فڕۆکە و درۆنەکاندا ئەوەیە کە ئەوان بۆ فڕین پشت بە بزوێنەر و باڵ نابەستن، بەڵکو بە تەواوی پشت بەو گازە دەبەستن کە تێیانداکراوە. جۆرە باوەکەی، کە پێی دەگوترێت "بالۆنی بەستراو" (Tethered Aerostat)، بەهۆی کێبڵێکی بەهێزەوە بە زەوییەوە دەبەسترێتەوە. ئەم کێبڵە پەتێکی پۆلایینی بەهێزە کە کارەبا بۆ بالۆنەکە دابین دەکات و داتاکانیش لە ڕادارەوە بۆ زەوی دەگوازێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە ڕێگەی پێ دەدات بۆ ماوەیەکی درێژ، لە هەفتەیەکەوە بۆ چەند هەفتەیەک، بە بێ وەستان لە ئاسماندا بمێنێتەوە.

## بەکارهێنانە سەرەکییەکان و گرنگیی ستراتیژی

ئایرۆستاتەکان لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاردێن، بەتایبەتی لە بواری سەربازی و بەرگریدا بۆ چاودێری و ئاگادارکردنەوە. یەکێک لە گرنگترین و مۆدێرنترین بەکارهێنانەکانیان، دۆزینەوە و ڕاوکردنی درۆنەکانە. بەهۆی ئەوەی لە بەرزاییەکی زۆرەوە، تا ئاستی ١٥٠٠ مەتر، چاودێریی خوارەوە دەکات، دەتوانێت ڕێگری لە درۆنە نزم فڕەکان بکات. ئەو درۆنانەی کە لە ژێر ڕاداری ئاسایی زەویدا دەفڕن، ناتوانن لە چاوی تیژی ئایرۆستات بشاردرێنەوە.

هەروەها لە بواری گەیاندندا، لە کاتی کارەساتە سروشتییەکاندا کە تاوەرەکانی مۆبایل تێکدەچن، یان لە ناوچە دوورەدەستەکاندا، ئایرۆستات وەک تاوەری مۆبایل یان ئینتەرنێت (LTE یاخود 5G) لە ئاسماندا کاردەکات و سیگناڵ بۆ زەوی دەنێرێت. لە بواری کەشناسیشدا بۆ هەڵگرتنی ئامێرەکان بۆ چینەکانی سەرەوەی بەرگەهەوا بەکاردێن.

## تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان

ئەم پلاتفۆرمە پێویستی بە ژێرخانێکی نەرمەواڵەیی و تەکنەلۆژیای زۆر ورد هەیە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کاربکات:

یەکەم، بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد (AI) بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی درۆن لە باڵندە یان هەر تەنێکی تری جووڵاو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.

دووەم، توانای پرۆسێسکردنی قەبارەیەکی گەورەی داتا لە ناو خودی ئایرۆستاتەکەدا (On-board processing) بۆ کەمکردنەوەی کاتی کاردانەوە.

سێیەم، گواستنەوەی داتا و ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ بە کوالێتی بەرز لە ڕێگەی کێبڵی فایبەر ئۆپتیکەوە بۆ ناوەندی کۆنترۆڵ.

ئایرۆستاتەکان بە سیستمی پێشکەوتوو تەیارکراون کە توانای چاودێریی بێ وەستانیان هەیە:

چاودێریی ٣٦٠ پلە بە شێوەیەکی بەردەوام، کە مەودای چەندین کیلۆمەتر کۆنترۆڵ دەکات.

سێنسەری فرەچەشن، کە تەنیا کامێرای بینایی و گەرمی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو ڕادار، سێنسەری دەنگی و سکانەری شەپۆلە ڕادیۆییەکانیشی تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی هەر مەترسییەک.

## کێشەکان

سەرەڕای ئەوەی تەکنەلۆژیایەکی کۆنە، بەڵام ئایرۆستات خاوەنی چەندین خاڵی بەهێزە: تێچووی دروستکردن و بەکارهێنانیان بەراورد بە سەتەلایت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زۆر کەمترە، توانای مانەوەی زۆر درێژیان هەیە لە ئاسمان، دەتوانن ئامێری قورس هەڵبگرن و دەنگیان کەمە.

لە بەرامبەردا، خاڵی لاوازیشیان هەیە: بە بای بەهێز، زریان و هەورەبروسکە زۆر هەستیارن، بۆیە لە کەشی زۆر خراپدا ناتوانن کاربکەن. هەروەها جۆرە بەستراوەکان ناتوانن شوێنی خۆیان بگۆڕن، ئەمەش وەک ئامانجێکی ئاشکرا دەیانخاتە بەر مەترسی.

ئایرۆستات تەنها تەکنەلۆژیایەک نییە لەپشت شاشەکانەوە بێت، بەڵکو پاسەوانێکی دڵسۆز و زیرەکە کە لە ناو هەورەکاندایە و پارێزگاری لە ئاسایش و پەیوەندییەکان دەکات.

سەرچاوە: Techeye

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بۆمبی (MOAB)

## بالادەستی لە تێکشکاندنی ئامانجە نادیار و قووڵەکان

ئامادەکردنی: بێستوون حەمید

لە کاتی دارشتنی ستراتیژی بۆ تێکشکاندنی حەشارگە قووڵەکان و سیستمی تونێلە ئاڵۆزەکانی دوژمن، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا پشت بە یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین چەکە نەتۆمەیییەکانی جیهان دەبەستێت. ئەم چەکە بە فەرمی بە ناوی (GBU-43/B MOAB) ناسراوە کە لە ناوەندە سەربازی و میدیاییەکاندا بە کورتکراوەی MOAB یان بە ناوە باوەکەی دایکی هەموو بۆمبەکان (Mother Of All Bombs) ناودەبرێت.

مێژووی پەرەپێدان و دروستکردنی ئەم چەکە بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، کاتێک لەلایەن تاقیگەی توێژینەوەی هێزی ئاسمانیی ئەمریکاوە دیزاین کرا. لە ئاداری ٢٠٠٣ بۆ یەکەمجار بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە جبەخانەی چەکە ستراتیژییەکان لە قۆناغی سەرەتایی جەنگی عێراقدا، بە سەرکەوتوویی تاقیکرایەوە، هەرچەندە لەو کاتەدا لە مەیدانی جەنگدا بەکارنەهات.

ئەم بۆمبە زەبەلاحە کێشەکەی نزیکەی 10 تۆنە. بەهۆی قەبارە گەورەکەیەوە، لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگیی ئاساییەوە ناهاوێژرێت، بەڵکو لە ڕێگەی فڕۆکەی بارهەڵگری جۆری (C-130 Hercules)ـەوە، لەسەر عارەبانەیەکی تایبەت و بە هۆکاری پەرەشووت لە بەرزاییەکی زۆرەوە فڕێدەدرێتە خوارەوە. دواتر بە سیستمی ڕێنوێنیی سەتەلایەتی و جی پی ئێس (GPS) ئاراستەی ئامانجەکەی دەکرێت.

حیکمەتی ستراتیژی و تاکتیکیی ئەم بۆمبە لەوەدایە کە پێش بەرکەوتن بە زەوی، لە بەرزیی تەنیا ١.٨ مەتر (نزیکەی ٦ پێ) لەسەر ڕووی زەوی دەتەقێتەوە. ئەم تەقینەوەیە هەورێکی فراوان لە تێکەڵەی ماددەی تەقەمەنی و سووتەمەنیی پاودەری تایبەت بڵاودەکاتەوە. لە چرکەساتی داگیرسانی ئەم هەورەدا، بۆمبەکە تەواوی ئۆکسجینی ژینگەی دەوروبەری خۆی دەمژێت و ڕێژەکەی دەگەیەنێتە سفر، بەمەش بۆشاییەکی کاتیی بێ هەوا (Vacuum) دروست دەبێت.

کاریگەرییە کوشندەکەی تەنیا لە کڵپەی ئاگرەکەیدا نییە، بەڵکو لەو شەپۆلە فشارە نەرێنییە توندەدایە کە لە دوای نەمانی کتوپڕی ئۆکسجین دروست دەبێت. ئەم فشارە بە قووڵاییەکی زۆردا (تەنانەت بۆ ناو ئەشکەوتەکان و تونێلە کۆنکرێتییەکان) دەچێتە خوارەوە، کە دەبێتە هۆی تەقینی سییەکان و خنکانی ڕەهای هەر زیندەوەرێک کە لەو زۆنەدا بێت.

ئەم چەکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مەیدانییدا، لە نیسانی ٢٠١٧ لەلایەن سوپای ئەمریکاوە دژی سیستمی تونێلە قووڵەکانی ڕێکخراوی داعش لە ناوچەی ئاچین لە ئەفغانستان بەکارهات. لەوێدا باڵادەستیی ڕەهای تەکنەلۆژیای (تەقینەوەی گەرمی-فشاری) (Thermo-baric)ـی ئەمریکای لە پاککردنەوەی ناوچە سەختەکاندا بە تەواوی سەلماند.



# توانا سەربازییەکانی سویسرا

لەوەند هەندرێن

وڵاتی سویسرا یەکێکە لەو وڵاتە ئەورووپیانەی سنووری ئاوی یان سنووری دەریایی نییە، واتا هەرچوار دەورەی وڵاتان و سنوورەکانی تەنها وشکانین، بەڵام هیچ شتێك لە گەشەسەندن و پێشکەوتن لەم وڵاتە نەبووەتە بەربەست. سویسرا سەرباری پێشکەوتنی تەکنەلۆیا و کشتوکاڵ و پیشەسازی، توانیویەتی لەڕووی سەربازییەوە پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت.

سەربازانی سویسری بە (هێزی ڕزگارکردن) ناسراون، پێکدێن لە زۆرینەی دانیشتووانی وڵات کە تەمەنیان لە ١٨ساڵی بە سەرەوەیە، هەروەها ڕاهێنانی سەربازییان وەرگرتووە. بە (سیستەمی میلیای) دەناسرێن، بە واتای ئەوەیە کە زۆربەی سەربازەکان، سەربازی پێشکەوتوون، نەوەک پیشەگەر. بۆ سەربازی ئاسایی لە تەمەنی ١٨ تا ٣٤ ساڵی دەبێت ببێتە سەرباز بەشێوەی ناچاری واتا هەموو گەنجێکی سویسری پێویستە تەمەنی سەربازی تەواو بکات، بۆ پلەدارە سەربازییەکان تا تەمەنی ٥٥ ساڵی دەتوانن لە خزمەتی سەربازی بن و دواتر خانەنشین دەبن. مەشقی ساڵانە لە نێو سوپا بەردەوامە بۆ ئەوەی لە ژینگەی سەربازی دانەبڕێن. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، سوپا مەشق و ڕاهێنانی توند بە سەربازەکانی بە هەرسێ زمانی وڵاتانی (ئیتاڵی، فەڕەنسی، ئەڵمانی) دەکات.

لەڕووی توانا سەربازییەکانەوە، سویسرا خاوەنی دەزگایەکی سەربازیی تایبەت بەخۆیەتی، توانای بەرهەمهێنانی مووشەك و درۆن و چەکی پێشکەوتووی هەیە، لە بۆڕسەی سەربازیدا چەکە سویسرییەکان داواکارییەکی زۆریان هەیە. بەناوبانگترین چەکی سویسری بریتییە لە (SG ٥٥٠) کە لەلایەن کۆمپانیای (Swiss Arms) دروستکراوە. لەڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە، سویسرا لە پێشەنگە و لە دروستکردنی درۆن و سیستەمی ئەلیکترۆنی و پەیوەندیی سەربازی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ئامانجی هێزی سەربازیی سویسرا، تەنها بەرگرییە، هەربۆیەش بە وڵاتێکی ئارام و هێمن ناسراوە. هێزە سەربازییەکەی بەشێوەیەکی گشتی لە سێ بەش پێکدێت: (هێزی پیادە، هێزی ئاسمانی و پاسەوانی سنوور).





# هاوپەیمانیی (پێنج چاو) هۆشداری دەدات

هاوپەیمانیی (پێنج چاو) هۆشداری دا کە مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد بە خێراییەکی یەکجار زۆر پەرەدەستێنن. ئاژانسی هەواڵی فەرەنسیش بڵاویکردەوە، ڕەنگە لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا لە تواناکانی ئێستای بواری ئاسایشی سایبەری تێپەڕن.

مەترسییەکانی پەیوەست بە هاککردن بە یارمەتی زیرەکی دەستکرد لەو کاتەوە دەرکەوتن کە کۆمپانیای ئەنسرۆپیکی ئەمریکی لە مانگی نیساندا ڕایگەیاند، دوو لە مۆدێلە پێشکەوتووەکانی توانایەکی بێوێنەیان بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان لە پرۆگرامەکاندا هەیە، ئەمەش وای لە کۆشکی سپی کرد دەستوەردان بکات و کۆمپانیاکە ناچار بکات دەستڕاگەیشتن بەو مۆدێلانە ڕابگرێت.

لە لایەکی ترەوە، ئاژانسە ئەمنییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی پێنج چاو داوایان لە حکومەت و کۆمپانیاکان کردووە بە خێرایی بجوڵێن بۆ خۆئامادەکردن لە بەرامبەر گەشەسەندنی خێرای زیرەکی دەستکرد.

وڵاتانی هاوپەیمانیی پێنج چاو (ئەمریکا/ بەریتانیا /کەنەدا /ئوسترالیا/ نیوزلەندا) کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروست بووە و ئامانجی کۆکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگرییەکانە، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند: خێرایی پێشکەوتنەکان لە زیرەکی دەستکردی پێشکەوتوودا وا دەکات ئەو گریمانانەی سەبارەت بە مەترسییە سایبەرییەکان هەن، لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆن ببن و بەسەربچن.

هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە، کە زیرەکی دەستکرد بەربەستەکان لەبەردەم لایەنە خراپ بەکارهێنەرەکان کەمدەکاتەوە و خێرایی و ئاڵۆزی هێرشەکان زیاد دەکات.

لە بەردەوامی بەیاننامەکەدا هاتووە: بێگومان کەلێنی ئەمنی دەردەکەون، بەڵام ئامادەکاریی پێشوەختە ڕێگە دەدات بە خێرایی کۆنترۆڵ بکرێن و ڕێگری بکرێت لەوەی بۆ قەیرانی گەورەی کارپێکردن و دارایی پەرەبسێنن.

هاوپەیمانییەکە ئامۆژگاری دامەزراوەکانیان کردووە کە بە تایبەتی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بخەنە ناو پرۆسە ئەمنییەکانیانەوە، سیستەمە کۆنەکان نوێ بکەنەوە و دەستڕاگەیشتن بە سیستەمە هەستیار و زیندووەکان سنووردار بکەن.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە




# سیستمی AiON

## قەڵغانێکی زیرەک دژی هێرشی پۆلە درۆنەکان

کۆمپانیای (Northrop Grumman)ی ئەمریکی، ئەمساڵ لە میانی پێشانگەی هەفتەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لە فلۆریدا، نوێترین سیستمی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی خۆی بەناوی (AiON) نمایش کرد. ئەم سیستمە بە تایبەتی بۆ تێکشکاندنی پۆلە درۆنەکان (Swarm Drones) دیزاین کراوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بەرگریی ئاسمانیدا دروست دەکات.

گرنگی و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستمی AiON لەم خاڵانەدا کورت دەکرێنەوە:

* یەکخستنی تەواوەتی زانیارییەکان: AiON توانایەکی بێوێنەی لە تێکەڵکردنی زانیارییەکاندا هەیە. ئەم سیستمە دەتوانێت هەستەوەرەکان (Sensors) و چەکەکانی سەر بە کۆمپانیا جیاوازەکان لە یەک ڕووکاری کارپێکردنی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە. ئەم تایبەتمەندییە ڕێگە بە فەرماندەکان دەدات تەنها بە یەک سەرباز لە یەک کاتدا کۆنترۆڵی تەواوی بەرەی جەنگ بکەن دژی دەیان درۆن کە لە ئاڕاستە و شوێنی جیاوازەوە هێرش دەکەن.

* کەمکردنەوەی باری سەرشانی مرۆڤ و خێرایی لە بڕیاردان: لە جەنگی نوێدا، زۆری و خێرایی درۆنەکان ئاستەنگییەکی گەورەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بە تەنها مامەڵەی لەگەڵ بکات. سیستمی AiON کارەکان زۆر ئاسان و خێرا دەکات؛ لە جیاتی ئەوەی بەکارهێنەر پێویستی بە دە کلیک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنها یەک درۆن، ئێستا تەنها بە دوو کلیک دەتوانێت بەرەنگاری پۆلێک درۆن ببێتەوە و فەرمانی تێکشکاندنیان بدات.

* پشتبەستن بە ژیریی دەستکرد: AiON نەوەیەکی نوێ و زۆر پێشکەوتووی سیستمی سەلمێنراوی (FAAD C2)یە، بەڵام ئەمەیان بە تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد (AI) و فێربوونی ئامێر (Machine Learning) تەیار کراوە. ئەمەش ڕێگە دەدات سیستمەکە بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر هەڕەشەکان بناسێتەوە، پۆلێنیان بکات و باشترین بژاردەی بەرگری پێشنیاز یان جێبەجێی بکات.

* تەلارسازیی سیستمی کراوە (Open Architecture): ئەم سیستمە سنووردار نییە بە چەکەکانی تەنها یەک کۆمپانیا، بەڵکو دیزاینەکەی کراوەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەر چەکێک، ڕادارێک، یان هەستەوەرێکی نوێی کۆمپانیاکانی تری تێدا جێگیر و ئینتیگرەیت بکرێت. ئەمە وای لێدەکات هەمیشە نوێ بێت و بتوانرێت لەگەڵ گۆڕانی تاکتیکەکانی دوژمن، سیستمەکەش بە خێرایی بگونجێندرێت و بەهێز بکرێت.

* سازان و کارکردن لەگەڵ ئامێرە کۆنەکان (Legacy Systems): ئەو سوپایانەی کە پێشتر وەبەرهێنانی زەبەلاحیان لە سیستمی بەرگریی کۆندا کردووە، پێویست ناکات ئامێرە دێرینەکانیان فڕێ بدەن. AiON دەتوانێت وەک مێشکێکی زیرەکی نوێ بۆ ئەو سیستمە کۆنانە کار بکات، بەیانیان بکات و کۆنترۆڵیان بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بە گۆڕانکاریی گرانبەها لەو ئامێرانەدا بکات.



# فڕۆکەی C_130 Hercules

## بارخانەیەك بە ئاسمانەوە

ئامادەکردنی: لوقمان شێروان

لە ناو فڕۆکەکانی گواستنەوەی سەربازیدا، فڕۆکەی (-C-130 Hercu les) وەک باڵادەستترین و بەناوبانگترین فڕۆکەی فرەئەرکی دابەزینی ئاسمان لە مێژووی سەربازیی مۆدێرندا دەمێنێتەوە. ئەندازیاریی ئەم فڕۆکەیە بە جۆرێک داڕێژراوە کە دەتوانێت قورسترین ئۆپەراسیۆنی دابەزاندنی تاکتیکی بۆ هێزە چەتربازەکان و کەرەستە قورسەکان لە کاتی فڕیندا جێبەجێ بکات.

توانای لۆجیستیی ناوازەی ئەم فڕۆکەیە ڕێگەی پێدەدات کە بە شێوەیەکی ستاندارد ٩٢ سەربازی پڕچەک یان ٦٤ سەربازی کۆماندۆ لەگەڵ تەواوی کەلوپەلە قورسەکانیان بگوازێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، توانای هەڵگرتنی بارێکی زەبەلاحی هەیە کە کێشەکەی دەگاتە نزیکەی ٢٠،٠٠٠ کیلۆگرام (٢٠ تۆن). ئەمە دەستکەوتێکی کەموێنەیە بۆ فڕۆکەیەکی تاکتیکی کە دەتوانێت لەسەر ڕێڕەوە خۆڵین و نارێکەکان بنیشێتەوە و ببێتە بڕبڕەی پشتی گەیاندنی هێزی پاڵپشتی بۆ قووڵایی خاکی دوژمن و ناوچە گەمارۆدراوەکان کە ڕێگەی وشکانییان بڕدراوە.

ئەوەی ئەم فڕۆکەیە لە هاوتاکانی جیادەکاتەوە، تەنیا گواستنەوەی لۆجیستی و دابەزاندنی چەتربازەکان نییە، بەڵکو بەهۆی فراوانیی هۆڵەکەی و توانای بەهێزی بارهەڵگرتنییەوە، دەستکاری کراوە بۆ ئەوەی وەک پلاتفۆرمێکی هێرشبەری ناوازەش بۆ هەڵدانی هەندێک لە کوشندەترین و گەورەترین بۆمبەکان بەکاربهێنرێت.

لەبەر ئەوەی فڕۆکە جەنگییە ئاساییەکان ناتوانن بۆمبە زەبەلاحەکانی وەک (MOAB) دایکی هەموو بۆمبەکان هەڵبگرن (بەهۆی کێشەکەیانەوە کە نزیکەی ١٠ تۆنە)، فڕۆکەی C-130 بەهۆی ئەو توانای هەڵگرتنی ٢٠ تۆنەی هەیەتی، بە ئاسانی و لە ڕێگەی عارەبانەیەکی تایبەت و پەرەشووتەوە، ئەم جۆرە بۆمبە گەرمی-فشارانە (Thermobaric) لە ئاسمانەوە بەردەداتە خوارەوە.

ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکییە وای کردووە کە فڕۆکەی C-130، لە فڕۆکەیەکی سەرەکیی دابەزاندنی ئاسمانی و هێزێکی گواستنەوەی بێدەنگەوە، بگۆڕێت بۆ چەکێکی ستراتیژیی هێرشبەر. ئێستا ئەم فڕۆکەیە دەتوانێت هەم هێزی پیادە بە قەبارەیەکی گەورە دابەزێنێت و هەم بەهێزترین حەشارگە و سیستمی تونێلەکانی دوژمن بە بۆمبە قورسەکان خاپوور بکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# هێلیکۆپتەری MD 500

## کاریگەرو خێرا .. پارتیزانی ناو شارەکان

● ئامادەکردنی: ئەڤین ئەحمەد

ستراتیژییەتی سەربازیی مۆدێرن لە جەنگی ناوچە ئاوەدانەکان و دارستانە چڕەکاندا، پێویستییەکی ڕەهای بە هێزی ئاسمانیی سووک و خێرا هەیە کە بتوانێت لە نێوان تەلار و بەربەستە سرووشتییەکاندا مانۆڕی بێدەنگ بکات کە لەم نێوەندەشدا هێلیکۆپتەری MD 500 Defender وەک بچووکترین و کارامەترین هێلیکۆپتەری شەڕکەری تاکتیکی سەیر دەکرێت کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٦ خرایە خزمەتی سەربازییەوە.

ئەم فڕۆکەیە کێش سووکە کە لە ناوەندە سەربازییەکاندا نازناوی (کێچە فڕیوەکە)ی لێنراوە، لەڕووی گواستنەوەوە دەکرێت حەوت کەس (دوو فڕۆکەوان لەگەڵ پێنج سەرباز لە دۆخی ئاساییدا) هەڵبگرێت، بەڵام لە یەکە هێرشبەرەکاندا تەنها بۆ دوو سەرنشینی پڕچەک چڕدەکرێتەوە لە پاڵ ئەوەی خاوەن قەبارەیەکی فیزیکی یەکجار بچووکە کە درێژییەکەی تەنها ٩.٤ مەترە و پانییەکەی ٨ مەترە لەگەڵ بەرزیی کەمتر لە ٢.٧ مەتر کە ئەمەش وایکردووە هێزە تایبەتەکانی وەک فەڕەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا، کینیا و کۆریای باشوور لە پاڵ سوپای ئەمریکادا لە دژە تیرۆر و ڕاوەدوونانی شانە نهێنییەکاندا پشتی پێ ببەستن، چونکە توانای هەیە لە پشت گردە بچووکەکان و تەنانەت دارە بەرزەکاندا خۆی لە ڕاداری دوژمن بشارێتەوە.

ئەم چەکە سووکە کە کێشی بە بەتاڵی تەنها ٥٩٩ کیلۆگرامە و زۆرترین کێشی لە کاتی فڕیندا دەگاتە ١,٣٦١ کیلۆگرام، دەتوانێت بارێکی یەکجار قورس کە کێشەکەی دەگاتە نزیکەی ٧٦٢ کیلۆگرام تەقەمەنی و کەرەستەی لۆجیستی هەڵبگرێت کە ئەمەش بە بەراورد بە قەبارەکەی دەستکەوتێکی ئەندازیاریی سەرسوڕهێنەرە.

لە مێژووی سەربازیدا ئەم هێلیکۆپتەرە لە چەندین ئۆپەراسیۆنی گەورە و مێژووییدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە وەک ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی لە سۆماڵ لە ساڵانی نەوەدەکاندا و جەنگی ناوخۆی ئێکوادۆر و لە جەنگی لوبنانی ساڵی ١٩٨٢ بۆ تێکشکاندنی تانکەکان و هێڵەکانی بەرگریی دوژمن بەهۆی ئەوەی دەتوانرێت بە مووشەکی دژە تانکی جۆری تاو و ڕەشاشی دۆشکە لە پاڵ مووشەکی دژە فڕۆکەی ستینگەر پڕچەک بکرێت. لەبەر ئەوەی تێچووی بەکارخستن و چاککردنەوەی ئەم فۆرمە زۆر کەمترە لە هێلیکۆپتەرە هێرشبەرە گەورەکانی وەک ئەپاچی و خێرایی نیشتنەوەی لە شوێنە یەکجار تەنگەکاندا بێوێنەیە، وەک کەرەستەیەکی گرنگی پشتیوانی نزیک بۆ تیمەکانی کۆماندۆ سەیردەکرێت، کە دەتوانێت لە کەمتر لە خولەکێکدا زانیاریی هەواڵگریی مەیدانی بگۆڕێت بۆ هێرشێکی کتوپڕی کوشندە.





# تەندروستیی سەربازی

## قەڵغانێك بۆ هێزە چەكدارەكان

● ئامادەکردنی: ژوان قارەمان

تەندروستی سەربازی، کە زۆرجار بە پزیشکی سەربازی ناودەبرێت، بوارێکی تایبەتمەندی پزیشکیە تیشک دەخاتە سەر پاراستن، دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشی و برینداربوونانەی پەیوەندییان بە خزمەتی سەربازییەوە هەیە. بە پێچەوانەی پزیشکی مەدەنی، تەندروستی سەربازی لە ژینگەیەکی بەرزی گوشاردا کار دەکات، وەک بەرەکانی جەنگ و ئەرکە مرۆییەکان. ئامانجی سەرەکی تەندروستی سەربازی ئامادەیی پزیشکیە، واتە، دڵنیابوونەوە لەوەی سەربازەکان لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان شیاون.

* گرنگترین لایەنی تەندروستی سەربازی، چارەسەری برینی سەخت لە مەیدانی جەنگ دایە. لێرەدا چەمکی (کاتژمێری زێڕین) زۆر گرینگە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ماوە کورت و هەستیارەی دوای برینداربوون دێت، کە تێیدا چارەسەری خێرای پزیشکی بەرزترین ئەگەری ڕێگریکردنە لە مردن . پزیشکی سەربازیی پێشکەوتوو سوود لە پرۆتۆکۆڵی TCCC وەردەگرێت، کە تێیدا تیمی پزیشکی و سەربازان بۆ ئەنجامدانی فریاگوزاری وەک (بەکارهێنانی تۆرنیکێت و بەستنی شوێنی خوێن بەربوون) لە کاتێکدا هێشتا لەژێر تەقە و هێرشدان، ڕادەهێنرێن.

* لە چەند دەیەی ڕابردوودا، سەرنجی تەندروستی سەربازی بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ لای تەندروستی دەروونی فراوان بووە. مانەوەی زۆر لەناو جەنگ و دوورکەوتنەوە لە خێزان دەکرێت ببێتە هۆی هەندێک حاڵەتی تێکچوونی دەروونی دوای زەبر وەک؛ دڵەڕاوکێ، خەمۆکی. سیستەمی تەندروستی سەربازی لە ئێستادا مەشقی خۆڕاگری دەروونی لەپێشینەی کارەکانیەتی پێش ناردنی سەرباز بۆ بەرەکانی جەنگ و ڕاوێژکارییەکی بەرفراوان و خزمەتگوزاری چاکسازی (خۆگونجاندنەوە) بۆ ئەو سەربازانەی دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی مەدەنی دابین دەکات.

* لە مێژوودا، ئەو سەربازانەی بەهۆی نەخۆشیەوە دەمردن زیاتر بوون لەو سەربازانەی کە ڕاستەوخۆ لە بەرەی جەنگ دەکوژران، بۆیە پزیشکی پاراستن بنچینەی تەندروستی سەربازییە، ئەمەش پرۆگرامەکانی کوتانی بەرفراوان، دڵنیابوونەوە لە بەدەستگەیشتنی ئاوی پاک و سەرپەرشتیکردنی پاکوخاوێنی گشتیی خێوەتگە کاتیەکان دەگرێتەوە، بۆیە توێژەرانی سەربازی زۆرجار لە ڕیزبەندی پێشەوەی پەرەپێدانی کوتانن (ڤاکسین) لە دژی هەڕەشەی نەخۆشیە جیهانییەکانن، وەک؛ مەلاریا، ئیبۆلا، یان ڤایرۆسە نوێیەکانی کۆئەندامی هەناسە.

* تەندروستی سەربازی پێشەنگی داهێنانی پزیشکیە، پێشکەوتنەکانی وەک پەلە دەستکردەکان (دەست و قاچی دەستکرد)، پزیشکی نوێکاری (گەشەپێدانی شانەی نوێ)، نەشتەرگەری ڕۆبۆتی کە زۆرجار لە نەخۆشخانە سەربازییەکانەوە دەست پێدەکات، بۆ جەنگاوەرە بریندارەکان و گونجاندنەوەیان ئەرکێکی ئەخلاقیە بە درێژایی تەمەنیان و جەختکردنەوە لەسەر گەڕاندنەوەی سەربازە بریندارەکان بۆ ناو کۆمەڵگە بە جۆرێک بەرزترین کوالێتی ژیانیان هەبێت.

* یەکە پزیشکیە سەربازییەکان زۆرجار یەکەمین تیمی فریاگوزاری لە کاتی کارەساتە سروشتیەکان، وەک بوومەلەرزە یان پەتای جیهانی. توانای ئەوان بۆ جێگیرکردنی نەخۆشخانە گەڕۆکەکان و تیمەکانی فریاگوزاری بە خێراییەکی زۆر، وایان لێدەکات ببنە بەشێکی سەرەکی لە ئاسایشی تەندروستی جیهانی.

* تەندروستی سەربازی زۆر لەوە زیاترە کە تەنها چارەسەری برینەکانی مەیدانی جەنگ بکات، بەڵکو ئەوە سیستەمێکی گشتگیرە لە نێو هێزە چەکدارەکاندا کە پارێزگاری لە مرۆڤەکان دەکات، ئەویش بە ئاوێتەکردنی پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای تایبەتمەند بە تەندروستی دەروونی و چاودێریی جەستەیی، دڵنیایی دەدات کە ئەو سەربازانەی خزمەت دەکەن، چ لە کاتی ئەرک و چ لە دوای تەواوبوونی خزمەتەکانیشیان پارێزراو دەبن.

**سەرچاوە:**

www.medcoe.army.mil

www.usar.army.mil

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بۆمبە ترسناکەکە

● ئامادەکردنی: رائید ئارام

فێنتانیل (Fentanyl) وەک جۆرێک لە ئازارشکێنە ئاڵوودەکەرەکان (Opioids)ی دەستکرد پۆلێن دەکرێت کە لەڕووی دەرمانسازییەوە بە نزیکەی ١٠٠ هێندەی مۆرفین و ٥٠ هێندەی هێرۆین بەهێزتر دادەنرێت. بەپێی ستانداردە پزیشکییەکان و ڕاپۆرتەکانی ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان (DEA)، ئەم ماددەیە خاوەنی ژەهراویبوونێکی توندە (High Toxicity)، بە جۆرێک کە بڕێکی زۆر کەم لێی (کە دەکرێت بە قەبارەی ٢ میلیگرام یان دەنکە خوێیەک بەراورد بکرێت) بەسە بۆ دروستکردنی دۆخی کوشندە (Lethal Dose)، لەکاتێکدا یەک کیلۆگرام لەم ماددەیە لەڕووی تیۆرییەوە توانای ئەوەی هەیە کۆتایی بە ژیانی ٥٠٠ هەزار کەس بهێنێت.

لەڕووی ئاماری و تەندروستیی گشتییەوە، داتاکانی سەنتەرەکانی کۆنترۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشییەکان (CDC) ئاماژە بە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی گیانلەدەستدان دەکەن. لە کۆی نزیکەی ١٠٧ هەزار حاڵەتی تۆمارکراوی مردن بەهۆی ژەمی زیادە (Overdose) لە ساڵێکدا، ڕێژەی ٧٠٪ی حاڵەتەکان پەیوەست بوون بە فێنتانیلەوە. ئەم گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە وایکردووە کە مردن بەهۆی ئازارشکێنە ئاڵوودەکەرە دەستکردەکان (Opioids) ببێتە هۆکاری سەرەکیی گیانلەدەستدان لەنێو دانیشتووانی خوار تەمەن ٥٠ ساڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە ئەمەش پێش ئامارەکانی مردن بەهۆی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ کەوتووەتەوە.

سەبارەت بە سەرچاوە و زنجیرەی دابینکردن، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە مادده کیمیاییە پێشەکییەکان (Precursor Chemicals) سەرەتا لە چینەوە هەناردە دەکرێن و لە تاقیگە نایاساییەکانی مەکسیکدا پڕۆسەی دروستکردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت. دەستەی گومرگ و پاراستنی سنووری ئەمریکا (CBP) ڕاپۆرتی کردووە کە ڕێژەی ٩٨٪ی ئەو فێنتانیلەی دەستی بەسەردا دەگیرێت، لە سنوورەکانی باشوورەوە (مەکسیک) دزە دەکەنە ناوەوە.

لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم دیاردەیە قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر سیستەمی گشتی. بەپێی خەمڵاندنەکانی پەیمانگای نیشتمانی بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان (NIDA)، نزیکەی ٥.٧ ملیۆن هاووڵاتیی ئەمریکی بەدەست تێکچوونی بەکارهێنانی ئازارشکێنە ئاڵوودەکەرەکان (Opioid Use Disorder)ـەوە دەناڵێنن. ئەم بارودۆخە زیانێکی ئابووریی ساڵانەی بە نزیکەی ٢.٧ ترلیۆن دۆلار لەسەر ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان دروست کردووە. بەهۆی قەبارەی زیانە مرۆیی و ماددییەکانەوە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە پۆلێنکردنێکی فەرمیدا ئەم ماددەیەی وەک "چەکی وێرانکاریی گشتی" (WMD) پێناسە کردووە.



# کەموکوڕیی پزیشکی وەك چەکێکی تاکتیکی

## کاتێك سوپاکان یەکەی تایبەت لە نەخۆشەکان دروست دەکەن

ئامادەکردنی: شاخەوان خۆشناو

چەمکی باوی پزیشکی سەربازی هەمیشە دەڵێت، کە تەنها مرۆڤی تەواو ساغ و خاوەن جەستەی بەهێز دەتوانێت ببێتە سەرباز، بەڵام ستراتیژییەتی نوێی جەنگ ئەم هاوکێشەیەی پێچەوانە کردووەتەوە، چونکە سوپا پێشکەوتووەکانی جیهان سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنە بێوێنەیەی تەکنەلۆژیا و کەرەستە سەربازییەکان، ناتوانن پشت بە توانا مرۆییەکان نەبەستن. سوپای سەردەم، یەکەی پسپۆڕی لەو کەسانە دروست دەکەن کە بەدەست ناتەواوی دەروونی یان جەستەییەوە دەناڵێنن. بۆ نموونە، لە بواری هەواڵگریی سەتەلایەتیدا، سوپای ئیسرائیل لە ڕێگەی یەکەی تایبەتی 990 سوود لەو گەنجانە وەردەگرێت کە نەخۆشیی ئۆتیزمی جۆری ئەسپێرگەریان هەیە، چونکە ئەم کەسانە خاوەن توانایەکی دەماریی ناوازەن بۆ تێڕامانی چەندین کاتژمێری بێزارکەر لە نەخشەکان و دۆزینەوەی بچووکترین گۆڕانکاریی فۆتۆگرافی لە حەشارگەکانی دوژمندا کە چاوی مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت پێی بزانێت. لە لایەکی دیکەوە، هێزی ئاسمانی ناتۆ بایەخێکی تایبەت بەو شەڕکەرانە دەدات کە تووشی ڕەنگ کوێری بوون، ناتوانن رەنگی سەوز و سوور لێك جیابکەنەوە، چونکە چاوی ئەوان لەبڕی ڕەنگەکان تەنها سەرنج دەخاتە سەر پێکهاتە و قەبارەی تەنەکان، بەمەش دەتوانن بە ئاسانی تانک و چەکە حەشاردراوەکانی دوژمن لە ناو دارستانەکاندا ئاشکرا بکەن کە بە تۆڕی ڕەنگاوڕەنگی کامۆفلاژ داپۆشراون.

هەروها نەخۆشییەکانی وەک کەمیی سەرنج و جووڵەی زۆر لە هێزەکانی تێکشکاندنی سیبرانی و دژەتیرۆردا وەک فاکتەری چستی سەیردەکرێن، چونکە ئەم جۆرە شەڕکەرانە لە کاتی تەنگژەی گەورەدا خاوەن ساردیی دەماری و بڕیاردانی کتوپڕن. سەبارەت بە لایەنی فیزیکیش، کورتەباڵایی، لە مێژووی سەربازی وەک جەنگی ڤێتنامدا کرا بە مەرجێکی تاکتیکی بۆ دروستکردنی یەکەی مشکەکانی تونێل کە تێیدا تەنها ئەو سەربازانە دەتوانرا بنێردرێنە ناو سیستمە ژێرزەمینییە تەنگەکانی دوژمن بۆ پاککردنەوەی بۆمبەکان کە باڵایان لە خوار ستانداردی جیهانییەوە بوو. دەرەنجام کوالیتی سوپای مۆدێرن لەوەدایە کە دەزانێت چۆن ناتەواوییە پزیشکییەکان کۆنترۆڵ بکات و بیانگۆڕێت بۆ جۆرە هێزێکی تایبەت کە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت لە مەیدانی جەنگدا هاوتای بێت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ووشەی یەکتربڕ



ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

**ئاسۆیی:**

١-ناوی هونەرمەندێکی کوردە- دوژمنی بووک – وەکو یەکە.
٢-تۆ بە ئینگلیزی (پ) – لەتکە تێکەڵاو – پایتەختی پۆلۆنیا.
٣- ئاوڕێژی سەقفی خانوو – کەپر.
٤- یانەیەکی ئیتالییە – جۆرە بارهەڵگرێکە – ( لەت)ی سەربڕاو.
٥- (وەن)ی بن بڕاو – لە خوری دروست دەکرێت (پ) – جۆرە مووشەکێکە.
٦-ناوی کچانە (پ) – جۆرە پێنوسێکە.
٧- چوار پیت لە سیتیزێن – باڵندە.
٨- ناوی براندێکی ئەلەکترۆنی وڵاتی ژاپۆنە (پ) – باو تێکەڵاو – جۆرە پیشەیەکە.
٩-دراوی هندستان – جۆرە میوەیەکە.
١٠-کیتۆیا تێکەوڵاو – رۆلبیس تێکەوڵاو.
١١-شارێکی باکووری کوردستانە – جووڵەیەکی شەترنجە- (یار)ی بن بڕاو.
١٢-کەرەستەیەکی کۆنی دروستکردنی خانووبەرەیە (پ) – قازانج – درنک تێکەوڵاو.
١٣-شارۆچکەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستانە (پ) – رۆژێکی هەفتەیە – ئامێرێکی گواستنەوەیە.
١٤-شارێکی کوردستانە – جۆرە پۆشاکێکی ئافرەتانە – بێدەنگ (پ).

**ستوونی:**

١-پایتەختی نەرویج – بەرهەمێکی چێلە – کەرەستەیەکی دروستکردنی خانوبەرەیە.
٢- نەهالیا تێکەڵاو – بەرهەمێکی کشتوکاڵییە – شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە.
٣-خێرا (پ) شارێکی باکووری کوردستانە – جۆرە حەشەرەیەکە دەکەوێتە پرچی مرۆڤ (پ).
٤-پیرۆنە تێکەڵاو – جۆرە ساردییەکە.
٥-(کەو)ی ناوقەدبڕاو – رۆژئاوا بە ئینگلیزی - پایتەختی پۆلەندا.
٦-لسر تێکەڵاو – ناوی کچانە – (رەک) ی سەربڕاو.
٧-چێژ – وڵاتێکی ئەفریقایە – پێڵاوی ئەسپ.
٨-رۆژنامەیەکە – برین – مۆکی تێکەڵاو.
٩-ناوی کچانە (پ) – دەرمان بە فارسی (پ).
١٠-سووتاو بە بادینی- شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە – میوەیەکی هاوینیە (پ)- ئێمە بە فارسی.
١١- (وار)ی بنبڕاو – جۆرە درەختێکە – جۆرە گیایێکی ناو چایە – خەڵک بە عەرەبی.
١٢- دەموچاو بە بادینی – لیسە تێکەڵاو - شارێکی باکووری کوردستانە.
١٣- گومان (پ) – تەولک تێکەڵاو – پێچەوانەی باشوور.
١٤-چیایەکی کوردستانە – بەرهەمێکی دارێکی خۆرسکە – پێچەوانەی گوڵ.

# وەڵامی ژمارە ٤٩

| 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | ه | ش | | ه | د | ن | ه | خ | | □ | ن | ه | ج | 1 |
| و | ب | ا | ر | | و | ن | ی | ه | | ه | ر | ه | ه | 2 |
| ت | ه | ل | و | ه | د | | م | و | س | ل | | ل | □ | 3 |
| ا | س | ه | | ن | ر | و | ه | | ن | ا | م | ا | ر | 4 |
| ل | | ب | ر | | م | ی | ت | ر | و | | ا | ت | خ | 5 |
| | خ | | س | ن | ه | | | ب | ر | ن | و | | و | 6 |
| ب | و | ر | م | ا | | ب | س | ه | | ا | س | ا | ی | 7 |
| ر | ی | ب | | ز | | ل | ا | ق | ه | ب | | و | ن | 8 |
| ی | | | ل | ی | د | و | م | | ا | | ا | ی | | 9 |
| ت | ر | ا | ك | | د | ل | ا | ن | و | د | □ | ه | م | 10 |
| ا | ی | ك | و | ن | | | ن | ا | ن | و | | | ی | 11 |
| ن | ك | | م | ا | ز | ی | | ز | | ك | و | ل | ن | 12 |
| ی | و | ز | | س | ق | ه | ر | | ن | ا | □ | ی | س | 13 |
| ا | د | ن | و | ه | | ن | □ | ا | ه | ن | □ | و | ك | 14 |

# ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی سەربازی

● ئامادەکردنی: ئارمان



## وەفاداری لە ناو سوپادا

وەفاداری لە ناو سوپا و لە کاتی جەنگدا یەکێکە لە جوانترین و بەهێزترین سیفاتەکان. زۆر چیرۆک هەن لە ژیانی سەربازیدا کە گوزارشت لە ئەوپەڕی وەفاداری سەربازەکان دەکەن بۆ نیشتمان، بۆ فەرماندە و بۆ هاوسەنگەرەکانیان. ئەم چیرۆکانە پێمان دەڵێن، کە وەفاداریی سەربازی تەنها شەڕکردن نییە، بەڵکو پەیمانێکی ڕوحییە کە تەنانەت لە مردنیش بەهێزترە.

## پاسەوانە سویسرییەکان و وەفا بۆ سوێندەکەیان



لە ساڵی ١٧٩٢ و لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا، هەزاران کەس هێرشیان کردە سەر کۆشکی تویلەری بۆ دەستگیرکردنی پادشا لویسی شازدەهەم. لەو کاتەدا زۆربەی سەربازە فەرەنسییەکان پادشایان جێهێشت و چوونە پاڵ گەل، بەڵام تەنها پاسەوانە سویسرییەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٩٠٠ کەس بوو لە شوێنی خۆیان مانەوە. پادشا فەرمانی پێکردن کە تەقە نەکەن بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، بەڵام ئەوان نەیانویست پادشا بە تەنیا جێبهێڵن، چونکە سوێندی وەفاداریيان خواردبوو. ئەوان تا کۆتا کەسیان لە شوێنی خۆیان مانەوە و پارێزگارییان لە کۆشکەکە کرد تا هەموویان کوژران. ئێستا لە وڵاتی سویسرا پەیکەرێکی گەورەی شێرێکی بریندار هەیە کە بۆ یادگاری ئەو سەربازە وەفادارانە دروست کراوە کە ئامادە نەبوون پشت لە سوێندەکەیان بکەن.



## بۆچی گەڕایەوە بۆ ناو ئاگرەکە

لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دوو سەرباز هەبوون کە هاوڕێی زۆر نزیکی یەکتر بوون. لە ناوەڕاستی شەڕێکی قورسدا یەکێکیان لە شوێنێکی زۆر مەترسیدار لە ناوچەی نێوان هەردوو سوپادا بریندار بوو. هاوڕێکەی داوای لە ئەفسەرەکەی کرد کە ڕێگەی بدات بڕوات و هاوڕێکەی ڕزگار بکات. ئەفسەرەکە گوتی: ئەوە خۆکوشتنە و هاوڕێکەت ئێستا مردووە، بۆیە ڕێگەی پێ نەدا، بەڵام سەربازەکە گوێی بە فەرمانەکە نەدا و لە ناو تەم و مژ و فیشەکدا ڕایکرد بۆ لای هاوڕێکەی. دوای ماوەیەک بە برینداری گەڕایەوە و تەرمی هاوڕێکەشی لەسەر شان بوو. ئەفسەرەکە گوتی بینیت؟ گوتم مەڕۆ، ئێستا ئەو مردووە و خۆیشت خەریکە دەمریت، ئایا شایەنی ئەوە بوو؟ سەربازەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ گەورەم، بینیمەوە، چونکە کاتێک گەیشتمە لای، هێشتا زیندوو بوو و پێی گوتم: دەمزانی تۆ هەر دێیت بۆ لام.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# بۆ بەئاگابوونت لە نوێترین هەواڵی پێشمەرگە

## سەردانمان بکەن لە سەرجەم سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

**@KRG.MOPA.OFFICIAL**

No 50

# PESHMARGA

PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

## ڕێنمـــایی هۆشیاری

بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە وێنە، ڤیدیۆ، نوسراو، یان بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە پەیوەندی بە کاروباری پێشمەرگە، سەنگەرەکان، و جوڵەی هێزەکانەوە هەبێت، بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

هاتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تیمە ڕۆژنامەوانییەکان بۆ ناو بارەگا و شوێنە سەربازییەکان قەدەغەیە.

هیچ یەکەیەك و ئەندامێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆی نیە پەیج و ئەکاونت بەناوی یەکەکەی و پێشمەرگەوە دابنێت، لیدوان بۆ میدیاکان بدات، یان بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە کەناڵەکان وسۆشیال میدیا دەربکەوێت.

هەر کەسێك زانیاری یان وێنەی سەربازی بڵاو بکاتەوە، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێکاری یاسایی توندی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku